دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی نەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

# هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی دەربارەی میهرەجانی سینەمای شیعری کوردی لە هەولێر لە

پێنج شەممە ١٩٨٦/٩/١٨ ژمارە ٨٥٧ | ١٢ لاپەڕە | بە ٥٠ فلسە | الخميس ١٩٨٦/٩/١٨ العدد ٨٥٧


## سەرەکی فەرماندە نامەیەکی مێژوویی ئاراستەی ڕۆڵەکانی گەلە مەزنەکەمان دەکات

# جیهان ڕێزمان دەگرێ و دوژمن لێمان دەترسێ

سەرەکی فەرماندە صدام حسین ئەوەی دووپات کردەوە کە گەلانی ئێران و جیهان دەزانن ئێمە توانای ئەوەمان هەیە چەندەها شاری ئێران بە تەواوی لەناو بەرین ئەگەر بڕیاری ئەوە بدەین بەم شێوەیە وەڵام بدەینەوە.

هەروەها لەو نامە مێژوویی‌یەیدا کە ئێوارەی دووشەممەی ڕابوردوو ئاراستەی گەلی عێراقی کرد وتی ئەگەر دوژمنی ئێرانی هەندێ سارووخی هەبێ کە بە دیاری لەلایەن ئەو عەرەبانەوە پێی درابێ کە خەیانەتیان لە نەتەوەکەیان کردووە پاش ئەوەی کە خەیانەتیان لە گەلەکەیان کردووە ئێمە زۆرترمان لێی هەیەو لەو فرۆکانەیشمان زۆرتر هەیە کە دەتوانن بگەنە دوورترین شوێن لە ئێرانا.

سەرەکی فەرمانده باسی تاوانەکانی ڕژێمی ئێرانی کرد لە بۆردومانکردنی شارەکانی عێراق و تیربارانکردنی دیلەکانیاو وتی بە توندی و وردی و بەورەقی یەوە وەڵام دەدەینەوە کە لە ئێمەوە دەیزانن بەڵام ئێستا و لەمەودوایش ئەو ڕاستی‌یە ناوەندی‌یە دەخەینە حیسابمانەوە کە گرنگ ئەوەیە عێراق ئەم کێشە مێژوویی‌یە نەدوڕێنێ و عێراق ئەم کێشەیە بباتەوە نەك هەر لەوەدا کە کەرامەت و سەربەزی و ئاسایشی ئەنجامە ڕاستەوخۆکانی کێشەکەداو بەس بەڵکو لە پلەی ئەو نەتەوایەتی و بیروباوەڕ بپارێزێ لەم قۆناغەداو لە پلەی ئەنجامانەیشدا کە مەودای مێژوویی دووریان هەیەو تۆماریشی پربێ لە هەموو کابرو بارێکی شەرافەتمەندانەو سەری عێراقی یە سەربەرزەکان و عەرەبە بەشەرەفەکان بەرزکاتەوە لەناو نەوەکاندا بێ ئەوەی ئەو هۆیانەیشمان خستبێتە لاوە کە دوژمنیان پێ سەرکوت کەین و خوین و بەرژەوەندی‌ی ڕۆڵەکانی ئەم نەوەیەیان پێ بپارێزین.

دەقی نامەکەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین لە ل ٣دا بڵاوکراوەتەوە

### وتەی «هاوکاری»

لەبەر ڕووناکی‌ی نامە مێژوویی‌یەکەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین دا بۆ ڕۆڵەکانی گەلە مەزنەکەی

## دەستی ئێمە بالاترە

● بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین نامەیەکی گرنگی ئاراستەی ڕۆڵەکانی گەلە مەزنەکەی کرد، سەبارەت بە ڕەفتارە دراندانەکانی ڕژێمی ئێران فراوانکردنەوەی پرمە ترسی‌یانەی جەنگ ئەویش لە چوارچێوەی خەیاڵی خاویان دا سەبارەت بەو دروشمەی کە بەرزیان کردووەتەوە کە ئەم ساڵ ساڵی بەیەك لادا خەرانەی جەنگ بێت، سەرەڕای ئەو شکستی‌یە گەورەو دوراندنە نالەبارەی کە بەدرێژایی شەش ساڵی ڕابوردوو توشیان بوو، ئەویش بەهۆی سەرکردایەتی‌یە مێژوویی‌یە دانایەکەی سەرکردەی مەزنمان صدام حسین و قوربانی و خۆبەخت کردن و خۆڕاگرتنی عیراقی‌یەکان و ڕاوەستانە پاڵەوانانەکەیان، کەچی لە جیاتی ئەوەی دەستەڵات بەدەستە گومڕاکانی ئێران سوود لەو پەندە تاڵانە وەربگرن و دەست لە دەست درێژی‌یەکانیان هەڵبگرن و بە ئاشتی قایڵ ببن ئەویش لە پێناوی سوودو قازانجی گەلانی ئێران خۆیان دا ئەوا هیچ شتێکی تریان دەستگیر نابێت لە جیاتی ئەو کارەساتایانەی بەهۆی سووربوونیان لە سەر جەنگ توشیان بوون، هەڕەشەو گوڕەشە کردنی بۆش و پووچ نەبێت و ئەنجام دانی ئەو هەڕەشانەیش بە کاری زیان بەخش و ترسنۆکانەو بۆردومان کردنی شارنیشین و ئافرەت و منداڵان و کوشتنی دیلە بێ دەستەڵاتەکان بێت، بەبێ گوێدان بە ئاسایی ترین داب و دەستووری ئایینی ئیسلام و بیروباوەڕو یاسادی نێو دەوڵەتان، دوایەمین کاریش ئەو کارەی ڕژێمی تاوانباری ئێران بوو کە هاووڵاتیانی لە کۆمەڵی سیروان و گوندو ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان و بەسەرەو میسان کوشت و مووشەکەکانی بەرەو ناوەندی بەغدا ڕەوانە کردو دیلە عیراقیەکانی لە جەنگەکانی ئەم دوایی‌یەی دوورگەی مەجنوون دا کوشت وەك چۆن لە بسێتین و گرتوو خانەکانی دیلەکانیش دا بە بەرچاوی نوێنەرانی خاچی سووری نێو دەوڵەتی‌یەوە وای کرد.

● ڕژێمی بێ ئومێدی ئێران کە هەوڵی فراوان کردنەوەی جەنگ دەدات و نایەوێت دەست لە دەست درێژی کردن هەڵبگرێت سەرەڕای بانگەوازی هێزە خیرخوازەکانی جیهان بەلکو هەوڵی ئەوە دەدات قەوارەیەکی گەورەی هێزە چەکدارەکانی لەسەر سنووری عیراق گرد بکاتەوە تاخۆی ئامادە بکات شاڵاوی دەست درێژی‌یەکی تری فراوان بۆسەر خاکەکەمان بهێنێت و بڵێسەی ئاگری جەنگەکە بەرز تر بکاتەوە ئەوا جارێکی دیکەیش جگە لە تاڵی و شکستی‌ی مەزن هیچ شتێکی تر نادوورنەوە کە مێژ و وبۆ چەندین سەدەی دوورودرێژ باسی بکات ئەویش لەبەر ئەوەی ئێمە بەبێ لە خۆبایی بوون بە

بڕوانە ل ١١

### سەرەکی بەڕێز پرۆزبایی لە (قلیبی)یەوە پێ دەگات سەبارەت بەو لایەنگرتنەی عیراق لە کۆنگرەی هەراری‌دا بەدەستی هێنا

بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین پرۆزبایی لە بەڕێز شاذلی قلیبی‌ی ئەمیندارى گشتی‌ی جامیعەی عەرەبی‌یەوە پێ گەیشتووە سەبارەت بەو لایەنگرتنەی عیراق لە هەشتەمین کۆنگرەی دەوڵەتە بێ لایەنەکانەوە لە هەراری وەدەستی هێنا.

لە پیرۆزبایی‌یەکەیدا ئەوەی دەربڕیوە کە ئەو لایەنگرتنە لەدادوەری‌یانەی مەسەلەکەمان و لە ئەنجامی یەك گرتنی ڕەنجەکانی هەموو عەرەبەوە هاتە دی سەرەڕای ئەو چالاکی‌یە ڕاست و پاکەی وەفدی عیراق نواندی.

## سەرکردە سەر لە جێ‌نزرگەی حوسێن دەدا

بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین بەبۆنەی بیرەوەری‌ی شەهید بوونی ئیمام حوسەینەوە درووودی لێ بێت ڕێو شوێنی سەردانی مەرقەدی ئیمام حوسەین کوڕی عەلی‌ی درووودی خوایان لێ بێت بەجێ هێنا..

ئەو جەماوەرەی کە لە بۆ سەردانی مەرقەدی ئیمام هاتبوون و خەڵکی شاری پیرۆزی کەربەلایش گردببوونەوەو شانازی‌ی خۆیان بەسەرکردایەتی‌ی لێ هاتووانەی سەرەکی فەرمانده دەربڕی‌و داوایان لە خوای گەورەو مەزن کرد بیپارێزێت و سەربازە پاڵەوانەکانی بەسەر دوژمنەکانیان و دوژمنانی ئیسلام دا سەربخات کە خۆیان لە دەست و پێوەندە لە ڕێ دەرچووەکانی خومەینی‌دا دەنوێنن.

لەم سەردانەی بەڕێز سەرەکی فەرماندەدا بەڕێزان عزیز صالح النومان وەزیری کشت وکاڵ و چاك کردنی کشت و کاڵ و خالد عبدالمنعم رشید ئەمینداری پایتەخت لەگەڵیدا بوون.

## هەڵۆ نەبەردەکانمان ئاگر لە شۆستەی خەرج و هۆیەکانی بارکردنی نەوتی دوورگەکە بەردەدەن

### زنجیرەیەك شاڵاوی کوت وپڕی‌و وێرانکەرانە بۆ سەر دوورگەکە

پێڕێ هێزی پاڵەوانی ئاسمانیمان خواستی گەلەکەمانی جێبەجێ کردو مافی ڕەوای بەرگری کردنی نیشتمانی ئەنجام دا ئەویش بە پچڕاندنی فرۆشتنی نەوت کە پارەکەی بۆ بەردەوامی‌ی ڕەوڕەوی جەنگی‌ی دوژمن بەکاردەهێنرێت.

ئەوەبوو هەڵۆ نەبەردەکانی هێزی ئاسمانیمان زنجیرەیەك شاڵاوی کوت وپڕی‌یان بردە سەر شۆستەکانی دوورگەی خەرج و هۆیەکانی بارکردنی نەوت لە دوورگەکەدا، توانیشیان بە لێهاتوویانە لە هۆیەکانی بەرگری‌ی دوژمن خۆ ڕزگار بکەن و بگەنە ئامانجەکانیان و ئاگریان تێبەربدەن و نەوت بەرێکیش بپێکن کە لە دوورگەکەدا بۆ بارکردنی نەوت ڕاوەستابوو..

پاش ئەوەی هەڵو ئازاکان ئەو کارە پاڵەوا نیەتیان ئەنجام دا بەساغ و سەلامەتی بۆ خاکی نیشتمان گەڕانەوە هەروەها پێڕێ هێزە چەکدارەکانمان لە کەرتەکانی جەنگ دا چالاکی‌ی خۆیان پەرە پێداوەو زیانێکی سەرومالی‌ی گەورەیان بەدوژمن گەیاندووەو دەست ڕۆیشتوویی خۆیان نوواندووە.

ئەوەبوو لە کەرتی ناوەڕاست هێزێکی دوژمن نیازی نزیك بوونەوەی بوو لە سەنگەرەکانمان، هێزەکانمان بەرەنگاری بوونەوەو چەندین کەسیان لێ کوشت و بریندار کرد، لە شوێنێکی تری هەمان کەرت هێزەکانمان ڕوو بەڕووی هێزێکی پەنجا کەسی‌ی دوژمن بوونەوەو توانی‌یان پازدەیان لێ بکوژن و ژمارەیەکی دیکەیان بریندار بکەن و ئەوانەیش مانەوە هەڵاتن جگە تێك شکاندنی ئۆتۆمبیلێك و سەنگەرێکی پیادەو کوشتنی ئەوانەی تێیدابوون.

لە کەرتی باکوورەیش هێزەکانمان بەرەنگاری دوو کۆمەڵ لە هێزی دوژمن بوونەوەو وایان لێ کردن هەڵ بێن، جگە ئەوەی لە هەمان کات دا دەستەیەکی هاوەن تێك دراو ژمارەیەکیان لێ کوژراو بریندار کران لە تەك ئاگرێ بەردانی دوو کۆمەڵ تەقەمەنی.

هەروەها هێزەکانمان لە کەرتی باکوور (فەیلەقی پێنج) توانی‌یان سەربازێکی دوژمن بە دیل بگرن لە تەك چەکەکەیدا.

جگە لەوەیش لە هەمان کەرت دا کۆمەڵێك لە دوژمن ناچار کران هەڵ بێن پاش ئەوەی نیازیان وابوو لە سەنگەرەکانمان نزیك ببنەوەو ژمارەیەکیشیان لێ کوژراو بریندارکراو لە هەمان شوێن دا هاوەنێکی (٨١)ملم تێك شکێنراو پێنج کەسیش لەدوژمن کوژران.

هەروەها لە کەرتەکانی تر دوو ڕووانگەو دوو سەنگەری پیادە تێك و پێك دران و ژمارەیەکیش لە دوژمنان کوژران لە تەك ئۆتۆمبیلێکی‌پرچەك و بەلەمێك دا، سەرەڕای کوشتنی شەش کەس و دەست بەسەرداگرتنی کەرەستەو تەقەمەنی‌و ئازووخەی دوژمن.

### ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا

## تیرۆری خومەینی لە هەموو چەشنە سەرکوت کردنەوەیەك تێپەڕی کردووە

واشنتۆن - ١٦ - گوێ گرتن. ئادع: ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا شەوی ڕابوردوو بەزمانی ئنگلیزی بەرنامەی هەفتانەی خۆی (کلۆس ئاب)ی بۆ دووانـدن لە ئازارو ئەشکەنجەی دەیان هەزار ئەو پەنابەرە ئێرانی‌یانە تەرخان کردبوو کە هەموو ڕۆژێك لەتاو دۆزەخی خومەینی پەنا دەبەنە بەر وولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو وولاتە یەکگرتووەکان.

پێشکەشکەری بەرنامەکە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە شتەکە گەیشتووەتە ڕادەیەك خزمانی گەورە لێپرسراوەکانی ڕژێمی ئێران بگرێتەوە لەوانەیش خوشکی خامەنەئی‌ی دروزن کە لە ئێران هەڵاتووە.

ووتووشیەتی ئەو ئیرۆرو سەرکوت کردنەی لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە بەسەرگەلانی ئێران دا سەپێنراوە لە توندو تیژی‌دا لە سنووری هەموو چەشنە سەرکوت و دەم بەستنەوەیەك تێپەڕی کردووە.

### چەند هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی لە لەندەنەوە

## گفت و گۆی نهێنی‌ی چەك کڕین لە نێوان قەوارەی زایۆنی‌و ڕژێمی ئێران دا

چەند هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی لە لەندەندوە وایان گەیاندووە کە لەم کاتانەدا گفت و گۆی نهێنی بەردەوامە بەئامانجی مۆرکردنی کرینی کۆمەڵە ئامێرو چەك بۆ ڕژێمی ئێران سەرچاوەی چەکەکانیش لە پلەی یەکەم دا قەوارەی زایۆنی‌یە ئەویش لەڕێگای کۆمپانیایەکەوە سەربە دەوڵەتێکی ئەورپی‌یە.

بڵاوکراوەی ڕاپۆرت لە ژمارەی نیوە مانگانەی خۆیدا کە پێڕێ دەرچووە ووتوویەتی ئەو کومپانیایەی بازرگانی‌ی چەك ئەنجام دەدات کەوتووەتە نێوان ڕژێمی ئێران و سەرچاوەکانی ئەو چەك و ئامێرانەوە کە لەبنەڕەت دا قەوارەی زایۆنی دەگرێتەوە لەگەڵ دەوڵەتێکی ڕۆژئاوای ئەوروپادا.

بڵاوکراوەکە ووتوویەتی گفت وگۆکە گواستنەوەی ئەو چەکانەیش دەگرێتەوە بەهۆی ئەو کومپانیاوەو ئێرانیش قایل بووە نرخی ئەو کۆمەڵە چەکە بدات بە گوێرەی نرخەکانی بازاڕی قاجاخ کە زۆرتر لە نرخی ئاسایی خۆی گران ترە.

Institut kurde de Paris

# لە هەفتەی قادسیەی صدام دا هەموو قوربانییەك لە پێناو عیراق دا

لە قولایی دڵ و دەرونەوە، بەگەرمترین پیرۆزبایی‌و توانای پڕ لە شانازیەوە بەڵێنی وەفاو شەرەف بۆ باوکی سەرکردەو پاڵەوانی عێراق و قادسیەی صدامی پیرۆز هەڤاڵ تێکۆشەر صدام حسین (خوا بپارێزێ) دووپات دەکەینەوە، کە هەمیشە ئەو سەربازە بەوەفایەین جێگای شانازی گەلەو سەرکردەمان بین. تا دوا دڵۆپی خوێن بەگیان و بیروباوەڕ، خاکی عێراقی پیرۆزمان بپارێزین لە وەی بەهیچ شێوەیەك دوژمنی داخ لەدڵ گلاو نەتوانێ پێبنێتە سەر ئەم خاکە پیرۆزەمان. بێگومان ئەم شەش ساڵەی جەنگ چاکترین قوتابخانەیە، بۆ سەردانەوانەدنی رژێمی ئێرانی بەزیوو، سەرکەوتنە بۆ سوپاو گەلی عێراق و سەرکردەی لیهاتوو صدام حسین (خوابپارێزێ) کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وردی جەنگاوەران بەهێزترو پتەوتر دەبێت.

● عزالدین مجید علی
سەرەکی ئەنجومەنی گەل لەسلێمانی

کە دوژمنی لادەرو هیچ نەزانی خومەینی بە خەیاڵ خاوی شەڕی بەزۆر داسەپاوی بەسەر وولاتەکەمان دا سەپان.

وا ماوەی شەش ساڵە ئەم دوژمنە نەزانە بە هەموو گێل و نەزانینێکەوە بە خەیاڵ خاوی خۆیان دەیانەوێ خاکی عێراقی پیرۆزمان داگیربکەن.. بێگومان خەیاڵیان خاوە، چونکە گەلی عێراقی مەزنمان هەمیشە ئەو سەربازە دلێرانەن کە لە

یەکەم ڕۆژی جە نگەوە سنگیان کردۆتە قەڵغان پارێزگاری وولات دەکەن، ئاشکراشە کە دەوری سەرەکی فەرماندە هەڤاڵ صدام حسین (خوابپارێزێ) بۆمان چەندە زیانبەر گرو تواناو هێز دەدات بە سەربازە دلێرەکانمان. ئێمەش کە قوتابیان و لاوانی سلێمانین. لەگەڵ هەموو سەربازەکانی جەنگی ڕەواماندا و لەگەڵ هەموو ئەو قوتابی‌و مامۆستایانەی ئێستا لە گۆڕەپانەکانی مەشق کردندان، ئامادەیی خۆمان دەردەبرین کە هەر دەم سەربازێکی بەوەفای ئەم عێراقە مەزنەمان بین بە سەرکردایەتی بەتوانا هەڤاڵ صدام حسین (خوابپارێزێ).

عبدالوهاب اسماعیل سعید
جیگری سەرۆکی یەکێتی تیشتمانی
قوتابیان و لاوانی عێراق
لقی سلیمانی

بە بۆنەی بیرە وەری هەفتەی قادسیەی صدامی پیرۆزەوە

بەدڵ خۆشەویسترین سلاو ئاراستەی باوکی سەرکردەو فەرمانده هەڤاڵ (صدام حسین) دەکەین (خوا بپارێزێ)، هەروەها بۆ گشت پاڵەوانەکانی قادسیەی صدامی مەزن کە سنگی خۆیان کردۆتە قەڵغانی پاراستنی سنوری عێراقی خۆشەویستمان، ئامادەیی خۆمان دەردەبرین بۆ پارێزگاری لە خاك و ئاوی نشیتمان. لە هێرش فارسە ڕەگەزپەرستەکان.

ئەو لادەرو نەزانانەی لەقوم و تاران خۆیان شاردۆتەوە. لە کاتێکدا شەش ساڵ بەسەر جەنگی ڕەواماندا تێپەڕدەبێت، هێزو بیروباوەڕی گەلی عێراقمان پتەو تر دەبێت، لە بڕواو هێزو توانای سەرەکی فەرماندە، ئەو نامە مێژوییەی ئاراستەی کاربەدەستانی ڕژێمی تارانی کرد. بۆ دورکەوتنەوە لەخۆبایی بوونەو چارەسەرکردنی گیوگرفتەکان بەئاشتی.

ئێمە پەیمان و بەڵێن بۆ سەرکردەی خۆمان هەڤاڵی سەرکەوتوو صدام حسین (خوا بپارێزێ) دووپات دەکەینەوە، ئامادەین بۆ قوربانی دان هەموو کات لە پێناوی پارێزگاری کردنی خاك و وڵاتە شیرینەکەمان عێراقی هەمیشە سەرکەوتوو،

طیب شێخ محمد
لیپرسراوی ڕۆشنبیری لقی لاوانی عێراق سلێمانی.

## سڵاوی وەفاداری بۆ جەنگاوەرانی قادسیەی صدام

سمیره محمد علي

جەنگی دادوەریمان، جەنگی (قادسیەی صدام)ی پیرۆز وا پێ دەنێتە حەوتەمین ساڵەیەوە - لەم چەند ساڵە سوپای مەزن و دلێری عیراق، بەزاندنی نەدیووو بەو پەڕی هیمەت قۆڵ و بازووی لێهەڵ ماڵیوو سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنی وەدەست هێناوە بۆ هەمو جیهانی سەلماند کەوا سوپایێکی جیاکەرەوەیەو هەمیشە جێی شانازی‌و متمانە بێت، چ لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ فلسطین و چ لە ١٩٦٧ بۆ میسرو چ لە ١٩٧٣ بۆ سوریا، ئەوە بوو کاتێك زایونی دوژمن لە ١٩٧٣ هێرشی‌هێنایە سەردەوڵەتی سوریا، هەڵوێستی عیراق - هەڵوێستێکی مەردانە بوو بەرامبەر بە گەلی سوریا، ئەوە بوو سوپای بە جەرگی نارد بۆ ئەوەی بەشداری بکەن و دەست درێژی زایونی دوژمن دووربخەنەوە، سوپای عیراق لەو شەڕە هەرچەند قوربانییکی گەورەیان دا لە پاڵ هێزەکانی‌تر بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا قارەمانی یێتێکی نمونەیی‌یان نواندو ئەرکی گەورەی‌سەرشانیان ڕاپەراند - بەڵام بە داخەوە ڕژێمی سوریا هەڵوێستی ناپاکانەیان بووە بەرامبەر بە عیراق - بە تایبەتی لەم زروفەدا دەبینین سەرەکی سوریا حافظ ئەسەد کە بە تەزکەرە عەرەبە پاڵی داوتە ڕژێمی فارسی ڕەگەزپەرست دژی عیراق مەزن.

لەوانەیە موبالەغەی تێدا بێت ئەگەر بڵێین صدام حسین (عیرافە)، هەرچی ئەم وڵاتە هەیێتی لە مێژوی مەزن و پرشنگداری - ئەگەر (صدام حسین) عیراقی ڕاپەریوو بەهێز نەبوایە، بۆ ئەم هەمو پیلانە گەورانە دژی عیراق سازدەکراو بۆ چی عیراق پێش هاتنی صدام حسین مەبەستی هیچ لایەنێکی ناحەز نەبوە؟

ئێمەش دەڵێین ئەگەر صدام حسین پیاوێکی نیشتمان پەروەرو نەتەوەیی ڕاست گۆ نەبوایە، بەم جۆرە دەزگاکانی ئیمپریالیزم و ناحەزان پیلانیان سازنەدەکرد... کەوابێ ئەوەی عیراقی بە پاکی‌و دڵسۆزی خۆش دەوێ دەبێت (صدام حسین)یشی خۆش بوێ.. وئەوەی رازێنەبێ عیراق سەرشۆڕ بێت و هەمیشە بە سەربەرزی بمێنێتەوە پێویستە لە سەری بەرگری لە صدام حسین بکات چ بە فیکرو چ بە کردەوە.

جەنگاوەرە پاڵەوانە عیراقی‌یێکان بە درێژایی ئەم حەوت ساڵە لە هێزو وردیان کەم نەبووەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پاڵەوانیتی‌و ئازایی سیفەتی هەمو جەنگاوەرەکانەو ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێزتر دەبن و لە هەمو بەرەکانی جەنگ دا دیارن چ لە حاج ئومەران - گەردەمەند - مەهران - فاو - ڕۆژهەڵاتی بەسرە.. هتد.

ناهێڵن بستێك لە خاکی عیراقی پیرۆز لە ژێر پێی فارسەکان پیس ببێت و وڵاتی خۆشەویست و شیرینمان هەر بە سەرکەوتویی ببینین.

ئاخوندەکانی قوم و تاران حەوت ساڵە پەل دەهاوێژن و پەلەقاژەدەکەن و هیچ بە هیچیان نەکردوەو ناکەن، مەگەر هەر بە ئێش و ناڵەی نائومێدی بتلێنەوە، چونکە چاك دەزانن پەشیمان بونەتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بەردەوامی بە شەڕ دەدەن، کەللەڕەقی‌و نەفامی‌یان پاڵیان پێوەدەنێت لەسەر دەست درێژی خۆیان بەردەوام بن - هەزارەها گەنجیان لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا لە ناوچوەو لاشەکانیان بوەتەخۆراکی قەل و داڵەکان.. بەڵام هەر ڕۆژێ دێت خومەینی‌و دەستەو دایەرەکەی لە ناوبچن و گەلانی ئێران لە دەستی‌یان ڕزگاریان ببێت و ڕوناکی‌و سەربەستی بە چاوببینن هەرچەندە وەزع و پاری ناوخۆی ئێران شڵەژاوەو بەرهەڵست کاران بەردەوامن لە بەرهەڵست کردنی ڕژێمی ناویراوو هەمیشە لە ناو یەك دا کەوتونەتە ناکۆکی، ئەمەش ڕۆژی قەڵاچۆکردنیان دەگەیەنێت.

خومەینی ئاشتی ناوێ - دژی ئاشتی‌یە - دژی خۆشی‌و خۆشەویستی‌یە چونکە مرۆڤ نی‌یە، هەرچی کردەوەو کرداری دوورە لە داب و دەستوری ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤایەتی.

چەشنەها کاری دڕندانەی بە کارهێناوە دژی گەلانی ئێران، بە کوشتن و بڕین - لە سێدارەدان - زیندان - ئافرەت و منداڵ کوشتن -

بڕوانە ل ١١

## ل دهوکێ کورەك و چوار ڤەکولین

د ناڤ بزاڤ و چالاکیێد میهرەجانا نوهەدرا یا ڕەوشەنبیری‌دا کورەکێ ئەدەبی هاتبو تەرخان کرن ل ژێر ناڤ و نیشانێد (دهۆك د رابورینا دویروکێ‌دا) (دڤێ کورێ مەزن دا یێ کو هاتیە گرێدان ل روژا چوارێ یا میهرەجانێ ل ناڤ باغچێ یانە یا نوهەدراو ب چاڤدێر یا سەیدایێ هێژا (محمد امین محمد احمد) ئەسیندارێ گشتی یێ ڕەوشەنبیری‌و لاوان لدەڤەرا ئوتۆنومی چوار ڤەکولینێد پر بوها هاتنە پێش کێش کرن. ڤەکولینا ئێکێ سەیدایێ هێژاو

سەروکێ میهرەجانێ (د. یوسف حبی) پێ رابو.. ئو ڤەکولینا وی ژی ل بن ناڤ و نیشانێد [دهوك درابورینا دویروکێ]دا سەیدا یی دگوتارا خودا بەحسێ دەڤەرا دهوکێ کر ژ لایێ دویروکی ڤە هەر ژ بەر بوونا مەسیحی و هەتا ئەڤرو. ئو شروڤەکر کا ناڤێ دهوکێ چاوا گەهشتیە دارشتنێ ئەڤرو. ئو دکتورێ گەلەك نمونێد زانستی‌و شوینواری د ڤەکولینا خودا ئینان. ژ وانا ژی ئەو جهێد شوینواری یێد کو زانستڤانێد یابانی پێ رابوین ل ڤان ساڵێد دوماهیێ ل چەند شوینوارەکا نێزیکی باژێرێ دهوکێ. ئو یا ڤەرە ئەم بێژین کو سەیدای گەلەك ژێدەرێد بیانی بکار ئینا بوون ئو ژ. یدەرێد وی ژی گەلەك وێنەیێد شوینوارا تێدا هەنە وەکو باژێرێ ئامێدیێ‌و دهوکێ‌و زاخو ژ بلی جل و بەرگێد خەلکێ دەڤەرێ ژ بەری سەد ساڵا وێڤە تر. ئو ڤەکولینا دووێ سەیدایێ هێژاو تورەڤان (عبدالکریم فندی الدوسکی) پێ رابو ل بن ناڤ و نیشانێد (پێشڤە چوونا ئەدەبی ل دهوکێ). سەیدا ژی ڤێرا چو و بەحسێ سەروبەرێ ئەدەبی مە کر دبەرێ دا ژ بەری کو ئەدەب بهێنە نڤیسین هەتا کو ئەڤرو ئو هەمی جورێد ئەدەبێ نڤیسی‌و یێ سەر دەڤی. هەر وەسا یێ فولکلوری روهن کرن وەکو سترانێ‌و چیروکێ‌و سەرهاتیێ‌و هوزانێ. پاشی هەر هێرڤە هات تا گەهشتیە دارێژتنا هوزانا کوردی‌و پاشی یا چیروکێ‌و چەقێن دی یێد ئەدەبی.

پشتی کو سەیدا عبدالکریم فندی گوتارا خو بدوماهی ئینای گەرا سەیدایێ هێژاو تورەڤان (تیلی امین) هات. ئەوی ژی بابەتێ خو یێ هەژی پێش کێش کر ل ژێر ناڤ و نیشانا (گوتنێد مەزنا). ئو هژمارە کا هلبژار ژ گوتنێد وەك هەق و هەڤ دژ ل سەر هەمی لایێد ژیانێ‌و مروڤی ئەوێد کو مەزنا گوتین وی ژ مەرا دەست نیشان کرن.

پاشی هنگی سەیدایێ بەریز (مصطفی نریان)ە هات و (دهوك د ساڵنامێد ئوسمانی‌دا) پێش نیار کر ئەوی ژی هەر سێ دەڤەر، دهوك و ئامێدیێ و زاخو دناڤ ساڵنامێد ئوسمانی‌دا دەست نیشان کرن کو ئامێدیێ دهات باژێرێ ئێکێ ژ لایێ پێشکەفتن و ڕێڤەبەری ڤە. دیڤدا زاخو پاشێ دهوك.

ئو سەیدای ناڤێد هەمی قەیمقام و فەرمانبەرو فەرما نگەها هژمارتن ناڤ بناڤ. هەر وەسا جهـ و بازارو بازرگانی ل وان باژێرا خوەیا کرن. ئو سەیدای هەلبەت هژمارەکا ژێدەرا متمانەیی ل سەر کربون.

پشتی گوتارا سەیدای بدوماهی هاتی. هەردوو سەیدایا بهنام سلیمان و انور محمد طاهری دەرگەهێ گەنگەشێ ل بەر مە ڤەکرو چەند سەیدایەك رابوون گفتوگویا وان سەیدایا کر دەربارا بابەتێد وان. ئو ژوان ژی سەیدا (محمد امین ئوسمان)و سەیدا (حسین جاف)و سەیدا (کریم زەند)و سەیدا (خدر سلیمان). ئو ڤان سەیدایا کورێ مە خنێتر لێ کرن و گەلەك هزرو بیرێد دی و زانیارێد دی بەردانە سەر بابەتان. براستی هندی بێژن کورێ مە یێ ب نرخ و بوها بو.

رمضان عیسی
لەقی دهوك

## ئێران لەی ناوەوە

فؤاد حسین

دورگەی لارك کە بە دەروازەیەکی گرنگ و یەکەم ڕێگایەك دەژمێردرێت بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتی ئێران و خومەینی‌یەکان پشتیان پێ دەبەستن و دڵیان تارادەیەك پێی‌خۆشە... ناتوانێت پێشوازی لە پاپۆرەکان بکات، ناشتوانێت ببێتە ئێزگەیەك کە جێگای دورگەی سری بکرێتەوە... دیسان سورە لەسەر ئەوەی وەکو جارانی خۆی بمێنێتەوە «بەهشتی ماسیەکان»و هەرگیز پەیوەندیەکی لەگەڵ خەون و خەیاڵاتەتی خومەینی‌دا نەبێت.. هیچ پەیوەستیکی لەگەڵ نەوت و شتی ترەوە نەبێت.. بەتایبەتی پرۆژە دوژمنکاریەکانی ڕژیمی تەڵەکەبازی گەوج.. ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەگەری‌وا ڕادەگەیەنێت کەوا ڕژێمی تاران ملیۆنەها دولاریان خەرج کردووە وەکو هەوڵدانێك کە ئەم دوورگەیە ببێتە ئێزگەیەك بۆ ماسی دەست دەدات و هیچی‌تر، ئەو چەند ملیۆن دولاراتانەشی کە بۆ ئەم مەبەست و خەونانە خەرجیان کرد پوچەڵ بوو...

وەکو بڵێی ئاوی زەلیان دابێت.. بەرەو سەمەری نەبوو...

لەم دواییەدا ڕەفسەنجانی دانی بەوەداناوە کەوا ناردنە دەرەوەی نەوتیان زۆر کەم بۆتەوەو گەیشتۆتە «٦٠٠» هەزار بەرمیل لە ڕۆژێك دا.. دوای ئەوەی کە«١,٦» ملیۆن بەرمیل بوو.. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کەو ا پارەوپولی کۆمارە قوربەسەرەکەیان بەشی ئەوە ناکات کەرەسەی خواردەمەنی‌ی بنچینەیی بۆ وولات ببینن... جا ئەگەر ئەمە حاڵیان بێت ئێتر چۆن ئەتوانن کەرەسەو ماشینە سوپاییەکانیان چاك بکەن و ئێدامەیان بدەنێ..!!

ئەمجار بابزانین ڕوودەکەنە چ جێگایەك..!!

## پیشانگایەك لە هەولێر

بە چاوەدێری بەریز ابراهیم زەنگەنە پارێزگاری هەولێرو لەم ڕۆژانەی دووایی‌و لە چوارچێوەی چالاکیەکانی، کۆمەڵەی و ینەگرانی عیراق - لقی هەولێر پیشانگایەکی تایبەتی بۆ وێنەی فۆتۆگرافی لە بەردەم پارێزگای هەولێردا کردەوە، ئەم پیشانگایە بریتی بوو لە نیشاندانی زیاتر لە وێنەی فۆتۆگراف کە بەکامیرای هونەرمەندانی کۆمەڵە گیرابوون، زۆر بەشیان باسی هەندێ لایەنی سەرکەوتنی جەنگیان دەکرد لە بەرەکانی جەنگ دا... بێگومان، کۆمەڵە چەندان پیشانگای‌تری کردۆتەوەو چالاکی هەمە ڕەنگی نواندووە، لەوانە کردنەوەی خولی تایبەتی بۆ فێربوونی شێوەی وێنەگرتن.

- شێرزاد -

## دەنگ ڤەدانا شەرێ عیراقێ‌و ئیرانێ ل ناڤ کۆنگرا بێلا ل هراری

سەیدا طه یاسین رمضان ئەندامێ چڤاتا قوماندا‌ریا شورەشێ چیگرێ ئێکێ یێ سەرۆکێ وەزیران سەروکێ وەفدێ عیراقێ بۆ کۆمبینێت کۆنگرا بەرزا هەشتێ یا بزاڤا بێلایێ ئەوا کو شولێت وێ ڕۆژا دوشەمبی‌یا ریکەفتی ١٩٨٦/٩/٨ بدوماهی هاتی ل هەراری پایتەختا وەلاتێ زیمبابوی.. گوت دوماهیا کۆمبینا دسەرکەتی بۆ.. و دل خوش بون لدور سەروبەرێ کۆمبیناو ئەو شولێت پێ ئاخفتین.. هەر چەندە وەفدێ ئیرانێ پێکۆل دکر کو بزاڤا بێلایێ ژ بیروباوەرێت خومەینی ئاشتی‌ێ دویر بێخیت بەڵێ هەمی وەفدێت پشکدار دکۆنگرێ‌دا نەرازی بینا خو دیارکر... ئو لدور شەرێ عیراقێ‌و ئیرانێ سەیدا طه یاسین رمضان سەروکێ وەفدێ عیراقێ پشتی کو زڤرێیە بەغدا گوت کۆنگرێ سوز دایە کو بزاڤ بهێتەکرن ژبۆ بەلاڤەبونا ئاشتی‌ێ و تەناهیێ.. و داخواز هاتەکرن کو ئەڤ. شەرە بهێتە راوەستاندن. بریکێت ئاشتی لدیڤ بیرو باوەرێت بزاڤا بێلایی‌و پروگرامێ وەلاتێت ئێك گرتی‌و قانینێت دەولەتی بێت مرۆڤایەتی ژبلی کو داخواز هاتەکرن کو شەر راوەستێت.

ب ریکێت دبلوماسی.. هەروەسا گوت:

ئەڤ بریارە هاتە دان ژلایێ هەمیاڤە.. بەڵێ وەفدێ ئیرانێ خو تێنەگەهاند داکو دیارکەن چو نزانن ژ رامیاری‌یا دەولەتی‌و رامیاری‌یا ستەمکاری‌یا بەرفرەهی‌و گوهـ نەدانا تەناهیێ.. وقەدرێ چو دەستەکێت دەولەتی نەگرت.. و سەیدا طه یاسین رمضان گوتی: ئەڤ چاڤ پێکەتنێت هاتینەکرن دگەل سەروکێت دەولەتاو حوکومەتێت بێلایی‌و ئەو گوتارێت هاتینە خاندن د کۆنگرێ‌دا هەمیا داخواز دکر کو بریکەکا ئاشتی‌و تەناهیێ شەرێ عیراق و ئیرانێ بهێتە راوەستاندن و گەلەك دەولەتا

بریندار مزیری

بڕوانە ل ١١

Institut kurde de Paris

دەقی تەواوی نامە مێژوویەکەی بەڕێز سەرەکی فەرماندە بۆ ڕۆڵەکانی گەلە مەزنەکەمان.

# گرنگ ئەوەیە عیراق لەم جەنگە مێژوویی‌یەدا بیباتەوە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**عیراقی‌یە سەربەرزەکان.**

دوابەدوای ئەو کارە ناشیرینەی کە خومەینی‌یەکان کردیان کە هاتن جارێکی تر دەستدرێژی‌یان کردە سەر هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی بە کوشتنی منداڵ و ئافرەت و پیرانی شاری بەسرەی دلێری نەبەز لەو بوردومانانەدا کە هەموو ڕۆژێ ئاراستەی ئەو قەڵایە بەرگری‌یەی دەکەن کە خەوی لێ حەرام کردوون و بووە بە نیشانەی بەرگری‌و ئازایەتی‌ی شارەکانی عێراق و کۆمەڵگای عێراق هەموو هەروەها لەو تاوانە نالەبارەی تریشیانا کە باش زانیویانە بە درێژایی ساڵانی شەڕ بیکەن کە هاتن دیلەکانی هێزی (الحسین)ی پاڵەوانیان نامەردانە کوشت لە ناوچەی مەجنوونی خوارووداو. . لەم دواییەیشدا کە دوایی نیە تاوانە نەفامانەکەیان بە کوشتنی منداڵان و ئافرەتانی بێ دەستەڵات لە شاری بەغدادا شاری سەربەرزی‌و بەرگری‌ی عەرەبی لەم چەرخە گرانەدا دەڵێم دوابەدوای هەموو ئەم تاوانانە . . ڕەنگە عێراقی‌یەکان و غەیری عێراقی‌یەکان بپرسن وەڵامەکەی چی‌یەو چۆن و. . بە چ هۆیەك و لە چ لایەکەوە دەبێ . . من لە قسەکەما لەگەڵتانا . . برایان لەو ڕاستی‌یە گومان لێ نەکراوەوە دەست پێ دەکەم کە ئێوە دمانناسن وەك چۆن ئێمە خۆمان دەناسین . . ئەوەیش ئەوەیە کە ئێمە لەوانە نین کە هاوار بۆ خەڵکی دەبەن پێش ئەوەی پەنا بۆ خۆمان بەرین و بەو جۆرەی کە شایان بێ وەڵامی دەست درێژی بدەینەوەو لەو جۆرانەیش نین کە لە ترسی دوژمن یا بۆ دڵراگرتنی چاوەڕێ بکەین . . لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم ئێمە خێراو بە توندی لەمەوبەر وەڵامی دەست درێژی لەمە کەمترمان داوەتەوە.

**بۆ پەلەناکەین لە وەڵامدانەوەدا**

بۆ پەلەناکەین و. . چ ئیعتیباراتێکمان هەیە لەم پەلەنەکردنەدا. . ئەنجا ئایا وەڵام دەدەینەوە یاخود هەر حیسابی بۆدەکەین و هیچی تر.

بۆ ئەوەی عێراقی‌ی پاڵەوان و ئافرەتی عێراقی‌ی سەربەرزو ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب دڵنیابکەم و بچمەوە بەدەم ڕواڵەتی عێراقی‌یەکانەوە لە چەرخی پاڵەوانی و سەربەرزی‌یاناو. . بەم جۆرە دەروونی خۆم و ڕواڵەتی براکانم دەربڕم لە سەرکردایەتیشدا. . دەڵێم لە سەرەتاوەو پێش ئەوەی زۆر چاوەڕێ‌ی ئەوە بکەن کە دەیڵێین. . وەڵام دەدەینەوەو بە توندی‌و بە وردی‌و بەو ڕەقی‌یەی کە لێمانەوە دەیناسن. . بەڵام ئێستاو دوارۆژیش ئەو ڕاستی‌یە ناوەندی‌یە سەرەکی‌یە دەخەینە حیسابمانەوە کە بریتی‌یە لەوەی عێراق لەم کێشە مێژوویی‌یەدا نەدۆڕێنێ.

**گرنگ ئەوەیە عێراق بیباتەوە**

کاتی کە دەڵێم گرنگ ئەوەیە عێراق نەیدۆڕێنێ مەبەستم لەمەداو وەك ئەنجامێکی بێ گومانی ئەوەیە کە عێراق لەم زۆرانبازی‌یەدا سەرکەوێ. . نەك هەر لەپلەی ئەوەدا کە کەرامەت و سەربەرزی‌و ئاشتی‌ی نەتەوایەتی‌ی بیروباوەڕی بەبارێزێ لەم قۆناغەداو لە پلەی ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم زۆرانبازی‌یەداو هیچی تر. . بەڵکو لە پلەی ئەو ئەنجامانەدا بیباتەوە کە مەودای مێژوویی دوورییان هەیەو. . تۆماریشی ئەوەی تیابێ شەرافەتمەندی‌و سەربەرزی بێنێ بۆ عێراقی‌یە سەربەرزەکان و عەرەبە بەشەرەفەکان بە درێژایی نەوەکان و. . ئەوەکانی دوارۆژ بێ ئەوەی کە هیچ هۆیەك نبخەینە لاوە بەو هۆیانەیشەوە کە سەرکوتکەرن لە پێناوی پاراستنی خۆین و بەرژەوەندی‌ی ڕۆڵەکانی ئەم نەوە پاڵەوانەدا.

بۆ ئەوەیش کارێکی وا نەکەم کە هەندێکتان لەوە دڵنیا نەبێ کە وەك ئەوان نەبین. . دەزانین ئەم جۆرە خەڵکە دوژمنە تەماعی ئەوەیان هەیەو زۆرتریش سووردەبن لەسەری‌و زیاتریش بە خەیاڵدا دەچن ئەگەر بزانن سەرکوتکردن لەو پلەیەدا نابێ کە خۆین و بەرژەوەندی‌ی عێراقی‌یەکان بپارێزێ. . دەڵێم. . ئێمە دوژمنمان باش دەناسین و لە زووەوە لەو خەیاڵەدایە کە کاتێ ئێمە دروشمی ئاشتی دەڵێنەوەو لەو خەیاڵەدایە کاتێ کە بە گوێرەی ئەقڵ ڕەفتار دەکەین و هەمیشە لەسەر خۆییمان وا مانا لێ دەداتەوە کە دوودڵی یا ڕەنگە بێ هێزی بێ. . بەڵام ئێستا ئەوە باش دەزانین کە هەر عێراقی‌یەکی سەربەرزو عەرەبێکی بەشەرەف و جیهانیش ئەوانەی بە خەیاڵدا نایەت کە بە خەیاڵی دوژمن دا دێ چونکە باش ئێمەی ناسیوە.

لەبەرئەوە ئازادی خۆمان وەردەگرین بەوجۆرەی کە بیروباوەڕمان دووپات کاتەوە لە بوارەکانی تریاو خۆمان دووپات کاتەوە لە ڕواڵەتەکانی تریشیا. . چونکە ئازایەتی تەنیا بەهۆی بەکارهێنانی چەکەوە ناتوانێ بیروباوەڕو سیاسەتی دەرخا بەو شێوەیەی کە پێویستە. . یا بیهێنێتە دی بەو شێوەیەی کە پێویستە.

ئازایەتی‌یش ڕواڵەتی تەنهای کەسایەتی‌ی عێراقی نیە بەو شێوەیەی کە لەم نەوە تازەیەدا هاتووەتە دی یا بەوجۆرەی کە هەوڵ دەین و هیوای هێنانەدی‌یمان هەیە

**سەرەتای دەستدرێژی**

برایان ئێوە ئەیلوولی ١٩٨٠تان لەبیرەو ئەو ڕۆژەتان لەبیرە کە لەو ئەیلوولەدا دوژمنی ئێرانی دەستی کرد بە دەستدرێژی‌و. . ئەو مانگانەی پێشیشی کە دەستدرێژی دەکردە سەرتان بە تەواوی بەوجۆرەی کە لە ئەیلوولەدا کردی لێدانی شارو دەزگا نەوتی‌یەکان و هاندانی ئێرانی‌یە نیشتەجێکانی عێراق بۆ بۆمبا تەقاندنەوە لە شوێنە گشتی‌یەکان و کولێج و دەزگا حکومەتی‌یەکانا.

لە سیبەری ئەو چالاکی‌یە تاوانکاری‌یانەدا کە بە خوێن ساردی‌و سووربوونێکەوە دەیکرد لە چوارچێوەی نەخشە ئاشکرا کەدا بۆ دەرگرتنی عێراق لەژێر پەردەی بۆدەرەوە ناردنی شۆرش حوکمڕانەکانی ئێرانیش وەك ئەمڕۆ گوێم لێیان بێ بۆربۆرین بکەن لە دەربڕینی قسەی هیستریاییدا وەڵام زوو نەدانەوەمان وا لێك دەدەنەوە کە بێ هێزی دەربخا بەجۆرێ هانیان بدا لەسەر بەردەوامبوون لەسەر دەستدرێژی‌و لووت بەرزی تا ژمارەی دەستدرێژی‌یەکانیان گەیشتە ٥٣٩ دەستدرێژی ٢٤٩ یان بڕینی ئاسمان لە ٢٣ ی شوباتی ١٩٧٩وە تا ٢١ی ئەیلوولی ١٩٨٠ و گوێی خۆیان کەرکردو کەڕی‌دەکەن لەو یادداشتانەمان کە بۆمان ناردن وگەیشتە ٢٩٣ یادداشتی پرۆتیستۆو وای لێك دەدەنەوە کە ئەمە زوبانی بێ هێزان و پارانەوەیە. . هەروەها ئێرانی‌یەکان سێ جار تەقەیان لە فرۆکە شارستانی‌یەکانمان کرد لە نێوان ئابی ١٩٨٠ و ئەیلوولی ١٩٨٠دا.

دەزگا ئابووری نەوتی‌یەکانی عێراقیش حەوت جار بەرتۆپ دران لە کانوونی دووهەمی ١٩٨٠وە تا ئەیلوولی ١٩٨٠.

لە کاتێکیشدا کە ئەو تاوانە پیسانەیان دەکرد بەرامبەر بە عێراقی‌یەکان وایان دەوت و ڕەنگە لایان وابووبێ کە حوکمەت وەك ناوی دەبەن لە عێراقدا لە گەل دوورەو بەڵکو لەمەیش زیاتر دەیان وت زۆربەی ئەلی عێراق پشتی سیاسەتە دەستدرێژ یکەرانە فراوانکاری‌یەکەیان دەگرێ چونکە ڕێگەی فراوانکاری‌و دەستدرێژی تاقەڕێگابەکن بۆ ڕزگارکردنی گەلی عێراق لە حوکمڕانەکانی. . ئاوا. .

ئێوەیش بێ گومان لەبیرتانە کە دوا خەیاڵێکی ئاشکرا کە لە مێشکی «خومەینی» دا بوو ئەوەبوو کە لە تەموزی ١٩٨٢ کە هێرشیان بردە سەر عێراق لە ڕۆژەڵاتی بەسرەوە بە مەبەستی سەرەکی‌ی ئەوەی گەمارۆی بەسرە بدەن و داگیری‌کەن.

خومەینی بانگەوازە بەناوبانگەکەی کردە خەڵکی بەسرەو تیایا داوای لێ کردن کە بە گوڵ و هەلهەلە پێشوازی سوپای داگیرکەر بکەن.

ئای چەندە نائومێدو بێ مێشکە. . ئەم شێتە ئەقڵ لە کەللەدا نەماوە.

**مایەپووچی‌و بەزینیان دەخەنە ڕوو**

ڕۆژی خۆی کە خەڵکی بەسرا هەڵساو بە کۆمەڵ پشتگیری پیاوانی ئازای عیراقیان گرت لە پاڵەوانەکانی فەیلەقی سێ‌یەم و هێزەکانی لە گەڵ ئەودا بوون و دەستدرێژیەکە هاردرا لە بەر ئەوە ئەوان کاتێ لەو خەیاڵەی کە ڕۆڵەکانی بەسرە دژی وڵات و شەرەفیان لە گەڵ ئەوان دان بەرەو بوردومانکردنی ڕۆژانەی ڕۆڵەکانی بەسرە دەگۆڕێن ئەوان لەوەدا ڕاستی خۆیان دەخەنە ڕوو وەك هەیەو ئەو نیشانەیە لە سەر ڕوویی پیسی خۆیان لا دەبەن کە بە درێژایی قۆناخی پێشوو دایان نابوو.

ئەوان قینی خۆیان بەرامبەر ڕۆڵەکانی عیراق دەردەبڕن بێ جیاوازی لە نێوان منداڵ و پیاو یاخود نێرو مێ یاخود نێیرومێ یا شەرکەر وبێ چەك یاخود لە نێوان شارو شار. بەڵام ئەوان لە هەمان کات دا مایەپووچی‌و بەزینی زلی خۆیان لە ناو دەروونی خۆیان دا دەخەنە ڕوو کاتێ ئەو ڕۆژەی تێگەیشتن کە بەتەواوی لە ڕاکێشانی عیراقی‌یەکان جگە لە خیانەتکارو بە کرێگیراوەکان مایەپووچ دەرچوون و دوای ئەوەش کە مایەپووچیان لە ناو ئێران خۆشی‌دا خەریکە نزیك بێتەوە.

لێدانی بەسراو کوشتنی دیلەکان و لێدانی بەغدا دوای ئەوەی زۆرانبازیەکە پێ‌ی ناوەتە ساڵی حەوتەمیەوە بەزینێکی زل لەو مەیدانانەدا دەخاتە ڕوو کە باسم کردن لە گەڵ هەست کردن بە تاڵی‌و سەرنەکەوتن، سەرەڕای بەزینیان لە مەیدانی زۆرانبازی ڕاستەوخۆدا، کاتێ لە ڕەفتارکردنی هەموو ئەو تاوانانە شەرم ناکەن لە گەڵ هەموو تاقیکردنەوەی شەش ساڵی ڕابوردووی جەنگ وئەوەی پێویستی دەکا لە کۆبوونەوەی شارەزایی‌و ووردی‌و زانایی‌و ئەوەی کە پێویستە ئەوان لە جۆرو میقداری کرداری میللی بەرامبەر ئەو جۆرە کردارانە لە سەر ڕادەی عیراق و نەتەوەی عەرەب و جیهان دا گەیشتبن. .

بەڵکو هەست کردنی تاڵیان بە بەزین و مایەپووچی لە ناو دەروون دەری دەروونیان داو لە ناو ئێران و دەرەوەی‌دا دەخاتە ڕوو لە سەرخۆیی لە لایەن ئێمەوەو پەلە نەکردن و قبووڵ نەکردنی تێکەڵاوکردن لە نێوان مەبەست و ئەوەی لە دووری دایە بە سیاسەتی خۆ گرتنێکی بەرزەوە بە مەبەستی ئامانجی بنەڕەت و ئەو ئامانجانەی پێوەی بەندن. . هەست بە بڕوابوون و بە توانایی‌و مامڵەت کردن لە گەڵ ئێستاو دوا ڕۆژدا لە وردە بابەت و شوێنەوارەکانی ئێستاو دوا ڕۆژیان دا لە سەر بنەڕەتی ئەم هەستە دەسەلمێنێ.

لە بەر ئەوە ئێمە سەر کەوتووین و ئەوان بەزیون بە پشتی خوای پەروەردگارو هیممەتی دڵسۆزان. . ئەی عیراقیەکان ئێوە سەرکەوتنێکی جیهانی بەسەر ڕەگەزپەرست و شەڕ فرۆش و گومان لێکراوەکان دا سەر کەوتوون و هەموو جیهان لەو پەڕی بۆ ئەو پەڕی پشتی گرتوون، لێرەدا مەبەستم لە جیهان تەنها حکومەت و ڕژێمەکانی نیە بەڵکو مەبەسم بە پلەی سەرەکی گەلانی جیهانە.

ئێمڕۆکە جیهان بەڕێزو ڕێز لێنانێکی بەرزەوە سەیری عیراقی دەکەن بۆ هەر شوێنێکی جیهان چوو، هاوکاریەکی تەواوی لەو کاروبارە پیرۆزانەدا دەکا کە ئێمانی پێ‌یانەو وای لێ کردوە ئەو خۆراگرتنە گەشەدارە خۆی ڕابگرێ، ئەوان دەزانن هەر ئێرانیەك بەشداری جەنگێك دەبێ مانای ئەوەیە عیراقی بەرامبەری ئەو و یەکێکی تر لە چوار جەنگ دا وەستاوە. . چونکە ژمارەی گەلانی ئێران ئەندازە بەگەلی عیراق نزیکەی ئەو ڕێژەیەیە، هەر ئێرانیەك جارێك ئازایەتی نواندبێ مانای ئەوەیە عیراقیەکە چوار جار ئازایەتی نواندوە.

گرنگتر لەمە گەلانی جیهان وای لێهاتوە دەزانێ کە عیراقیە نوێکە سەرکردەیی مێژوو لە فراوانترین و پیرۆزترین دەرگایەوە دەکاو سەر کردەیی ئەلقە پێشکەوتووەکانی لە سەر خستنی ئێستا بۆ سەرەوەو بۆ پێشەوە بەهەمو مانا قووڵەکانی شارستانی ئەم وەسفەوە دەکا. کەچی دەست و پێوندەکانی خومەینی لە دەری مێژوو و بە کردارێکی پێچەوانە بۆ کرداری پێکهاتنی ڕاستی شارستانی ئەم چەرخە کار دەکەن.

ئەوان شەڕ فرۆشن و ئێمە خاوەن حەقین، کاتێ پایەی عیراق بۆ ئەو پلەیە بەرز دەبێتەوە چاك وایە زیاتر بەرزو پرشنگداری بکەین و کەمی نەکەینەوە.

لەبەر ئەوە هەڵوێستمان لە سەر ئەوە دانەمەزراوە کە پێویستە تەنها بەر پەرچدانەوە بەرامبەر ئەو کارە ناشیرینەیان هەبێ کە تاوان دوای تاوان پێ‌ی دژی گەلی عیراق دەکەن، بەڵکو کردارمان لە ڕووی جۆرو لایەن و وەختەوە بە سێ هۆ موازەنە دەکەین بێ ئەوەی ئەم موازەنەیە لە سەر حیسابی بەرژەوەندی عیراق و بیرو باوەڕە بەرزەکانی‌و ئاسایشی گەلە نەتەوەیەکەیەوە بێ، ئەم هۆیانەش ئەمانەن:

یەکەم: بەشی زۆری ئێرانیەکان بە شێوەیەکی مەوزوعی لە داوا کردنی ئاشتی‌و دواهاتنی جەنگ دا لە گەڵ ئێمەن لە یەك سەنگەردا.

لەبەر ئەوە لە سەرمانە لە ڕووی سەربازیەوە بە پێ‌ی هێڵێك بجوڵێنەوە کە کرداری بەرز بوونەوەی هەڵوێستی گەلانی ئێران بەم لایەنە ڕانەگرێ‌و ئەرکی هاوپەیمانە زایۆنیە گومان لێکراوەکان لە ئێران دا لە تێکەڵکردنی وەرەفەکان و هاندانی حەماسەتی گەوجەکان و پاڵپێوەنانی سەیرکەران یاخود نیقمەتداران لە سەر بەردەوامی جەنگ لە ڕێ‌ی کرداری وروژانی غەریزە بۆ هاوبەشی کردنی جەنگ ئاسان نەکاو وانەکا ئەرکی بەردەوام بوونی بۆ ماوەیەکی درێژ لە بەردەم دەستدرێژ کەرەکان لە ئێران دا ئاسان بکا.

دووەم: هەموو جیهان دوای شەش ساڵی جەنگ لە بەتوانایی ئێمە گەیشتون لە بەر ئەوە بە کار هێنانی بەتوانایی بە کار هێنانێکی عاقڵانە هیچ کەسێك وای لێك ناداتەوە کە لە لاوازی‌یەوەیە بەڵکو بە حیکمەتێکی قووڵی دادەنێ‌و زۆر چاکیشە سەرکردایەتی ئەو وڵاتە مەزنەو خەڵکەکەی بە بەحیکمەنی بناسرێن لە پاڵ ئازایەتی‌و بە توانایی‌دا لە ناو کۆڕی دەوڵەتان و لە سەر ڕادەی گەلانی جیهان دا.

سێ‌یەم: سومعەی شۆڕشەکەتان و سیاسەتی گشتیتان بە شێوەیەکی گشتی لە جیهان دا پایەیەکی ئیجابی وەردەگرێ.

**پێویستە بە ئارام بین**

لە بەر ئەوە پێویست لە سەرمان ئاگاداری ئەم پایەیە بین و لێ‌ی زیاد بکەین ئەوەش وا پێویست دەکا کە زۆر خۆراگرتن و ئاراممان هەبێ هۆشی ئەوەمان هەبێ هەر چەندێك ئاراممان قووڵ و بەرچاف لە فراوانترین مەودادا بێ ئەوەندە دەست وەشاندنەوەمان لە لایەن فراوانترین کۆڕی جیهان دا پشتگیرترو لایەنگیرتر دەبێ، هەر چەنێکیش بە شێوەیەکی باش لەلایەن ئێرانیەکانی جگە لە دەست و پێوندەکانی خومەینی تێگەیشتووبێ کاریکی کاردانەوەی گەلانی ئێران بەرامبەر دەست وەشاندنەکانمان بەرەو ڕووی ڕژێمی ئێران دەبێ‌و نەك بەرەو ڕووی خۆمان و بەچەشنێك دەبێ کە خزمەتی درشمی ئاشتی بکاو نەك درشمی جەنگ.

پێویستە لەسەرمان بەرەو ئەو سیاسەتە دوڕاوەی ئەرمانڕەواکانی ئێران ڕانەکێشرێین کە هیچ سەنگێك بۆ ڕای گشتی جیهان و ڕای گشت عیراق دانانێ چونکە ئێمە لە چەرخێك داین تەسیری ڕای گشتی لە سنووری هەرێمی تێدەپەڕێ بۆ ئەوەی کار لە گەلانی جیهان بەسلبی یاخود ئیجابی بکاو یەکێك لەو ئیعتیبارە بنەڕەتیانەی کە سەنگێکی تایبەتی لە سیاسەتمان دا بۆ دادەنێین پەیڕەوی کردنی ڕای گشتی‌یەو ئەمەش لە ئیعتیبارەکانی ئەو بڕیارە سیاسی‌و سەربازیانەدا دادەنێین کە دەیگرینەبەرو بەتایبەتی کاتێ ئەوە پێویست و بەکەڵك دەبێ.

کەللەسەرەکانی ڕژێم لە ئێران دا لە خوتبەکانیان دا خۆیان هەڵدەکێشن و لە قسەکردن دا پێشبڕکێ دەکەن گوایا جیهان لێ‌یان دەترسێ‌و ئەمەبە دەرکەوتوترین نیشانەی ئیجابی ڕژێمەکەیان دەژمێرن بەڵام ئێمە دەڵێن جیهان ڕێزمان لێ دەگرێ‌و دوژمنان لێمان دەترسن، وادەزانم ئەم وەسفە ئەو وەسفەیە کە ئێمڕۆ عیراقیەکان شایستەیانە چونکە ئەم وەسفە ئەو وەسفەیە کە بۆ خاوەن نامەو بیروباوەڕەکان دەگونجێ ئەویش کە بوترێ جیهان ڕێزمان دەگرێ‌و گەل و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان خۆشیان دەوێین و گەلانی تریش بەشێوەیەکی ئیجابی لەگەڵ مەسەلەکانمان دا تێکەڵ دەبن و سۆزی بەرامبەر دەنوێنن ناڵێم سۆزی پێ دەکا، چونکە گەلەکەمان هەزارەها قوربانی لە شەهیدان پێشکەش کردوەو بە درێژایی بالاشیەوە وەستاوەو بە توانادارە‌ی‌و خۆراگرتوییەوە بەربەرەکانی جەورو دەستدرێژی دەکاو لە ماڵەکەی خۆی‌دا نەخنکاوە وەك دەست درێژیکەرەکان هیوادار بوون.

بڕوانە ئەو نەفامە گومان لێکراوانە باشترین وەسفیان بۆ باری شێواوی خۆیان دۆزیوەتەوە ئەویش وتنی ئەوەی. . کە جیهان لێ‌یان دەترسێ، ئەوەی لێ‌ی دەترسێ کۆڕێکە بڕوا ناکەین بتوانێ کارێکی ئیجابی قووڵ و لە ڕادەیەکی مێژوویی‌دا بکاتە ئەو کۆڕەوە، باشترین بەڵگە لەسەر بیروباوەڕی نامرۆڤایەتی‌و نا ئیسلامی دوژمنمان ئەو قسە دووپاتکردنەوەی ڕۆژانەیانە کە جیهان لێ‌یان دەترسێ. . ئەم تێگەیشتنە نارێکە بۆ پەیوەندی لەگەڵ جیهان دا تەنها ئەوە سیفەتی هەڵگری نامەیان لەسەر لادەبا بەڵام ئێمە هەر کۆڕێك جگە لە کۆڕی دوژمنان وەك بارێکی ناچاری یاخود وەختی ئێمە دڵتەنگ دەبین کاتێ بزانین لێمان دەترسێ ئەو کاتە لەسەرمانە لە خوا بترسین چونکە لە ئێمە ترسان بێ لەوەی وتمان مانای زۆرداری‌یە لە غەیری مەیدانەکانی‌دا

**خاوەن نامەکان**

خاوەن نامە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتیە قووڵەکان بەدوای ئەوانەدا دەگەڕێن کە لایەنگیرییان دەکاو تێکەڵیان دەبێ بێ ئەمە دڵیان داناکەوێ‌و دەرونیان ڕاگیر نابێ و پێش ئەمە ڕەزامەندی خوا کە ڕەزامەندی کۆمەڵ لەسەری بەڵگەیەکی گرنگە.

ئەگەر کاروبارمان لە ڕادەی بەیەکچوونێکی ساکار دانا ئەگەر عیراقی‌و ئێرانیەك لە کۆمەڵی خومەینی لە بۆنەیەك دا یا لە چەند بۆنەیەکی جیاجیادا چووە لای کۆمەڵێك لە وڵاتانی جیهان ئەو کاتە هەتا ئەگەر هەندێ لە کۆمەڵی ئەو کۆڕە لە ترسی ئێرانیەکە لەرزین بەڵام بەناشیرینی سەیری دەکەن و ڕێزی ناگرن ئەوان لە هەموو بارێك دا قینیان لە دروشم و ئامانجەکانیەتی‌و لە هەموو لایەکەوە توانجی تێدەگرن.

بەڵام ئەگەر عیراقیەکە چووە لایان دەبینین وەك پاڵەوانێك لە گەڵی دا ڕەفتار دەکەن کە بەرگری لە بەهاکانی حەق و عەدل وجوانی و چاکەو مرۆڤایەتی دەکا نەك هەر عیراقی و عەرەبی، لەبەر ئەوە ئەوان بەڕێزێکی قووڵ و بەتێکەڵاویەکی ئاشکراو تەواوەوە ڕەفتاری لەگەڵ دا دەکەن، ئەوان لە هەموو بارێك دا داوا لە یەزدان دەکەن کە لە ڕووبەڕووبوونی گێژەڵووکە زەردەکەی خومەینی‌دا لە بری هەموو ئەوان خوا سەری بخا. . نەك هەر بۆ بەرگری بیروباوەڕی نەتەوەیی‌و نیشتمانی خۆی کام یەکێك لە دووبارەکان لە تۆماری پاکی مێژووەوە نزیکە.

کامیان لە بەهاکانی چەرخ و خۆراگرتن و نەفسی چەسپاوی مرۆڤایەتیەوە نزیکە، ئایا باری عیراقیەکە وەك وەسفمان کرد یاخود باری خومەینیەکان وەك ئەوەی دەیکەن.

لەبەر ئەوە ئێمە بەسەر خومەینی‌و دەست و پێوندەکانی‌دا سەرکەوتوین دوای ئەوەی پەردەمان لە ڕوو هەڵمالی‌و پەردەمان لە ڕووی سیاسەتەکەی لە بارەی فیکری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەوە هەڵمالی‌و وەك عیراقی لە ڕێ‌ی ئەم نەبەردی‌یە قارەمانی‌یەی گەلە مەزنەکەمان و قوربانی‌یە بێ دریغەکانیەوە بۆ دابڕینی ڕژێمی خنکاوی ئێران لەسەر زەمنیەی دەوڵەتان ڕۆڵێکی دەرکەوتوومان گێڕاوە. .

هەروەها هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی لە بەشیشی لەگەڵانی ئێران لەناو ئێران خۆی دابڕین، لەبەر ئەوە ئێمە هەر لای سنوورەوە بەسەر ڕژێمی ئێران و خومەینی‌دا لە نیشتمانی‌و سەربازیەوە سەرنەکەوتوین بەڵکو لە قولایی عیراق و نەتەوەی عەرەب و لە قولایی ئامادەمیزادو مرۆڤایەتی‌دا وبەڵکو تا لەناو ئێران خۆشی‌دا بەسەری‌دا سەرکەوتوین

ڕژێمی دوژمنان بووە بە نوێنەرێکی نەفرەت لێکراوی دەستەیەکی کەمی هەڵبڕاوو گەمارۆدراوو لەگەڵ ڕۆژگاردا دیوارەکانی و عەقڵی دادەڕێژێ کەچی کاروانەکەتان عیراقینە واگۆڕاوە وەك یەکێك نوێنەری‌ی زوربە لەسەر زەمنیەی نەتەوەیی‌و دەوڵەتی بنوێنێ.

ئەمە سەرکەوتنێکی ئاشکراو بنەبڕە بۆ ئێمە. . ئەمە ئەو مایە پووچەیە کە لە دوایەوە ئێتر ڕاپەڕین نیە لەناوچووون و نەفرەت بۆ دوژمنانمان و سوپاس بۆ خوا.

لە دەرکەوتوترین نیشانەکانی ئەم سەرکەوتنە ئاشکرایە ئەوەیە کە ئێمە دوای شەش ساڵ مل ملانێ ئەوان قینی خۆیان بەرامبەر گەلەکەمان بەرێگایەکی بە هیچ ڕووپۆش دەردەبڕن دەست وەشانی بێ ئابڕوانە لە گەلەکەمان ئەوەشێنن دوای ئەوەی نەیانتوانی لە ڕیزەکانی بەلای خۆیانەوە ڕابکێشن و دوای ئەوەی تێگەیشتن گەلەکەمان بە تەواوی ڕازونیازی ئەوانی بۆ دەرکەوتوە، کەچی ئێمە دوای ئەوەی جەنگ پێ‌ی ناوەتە ساڵی حەوتەمەوە بەتەنگ ئەوەوەین جگە لە شەرخوازانی ئێران لە گەلەکانیان دا ناڕەحەت ناکەین ئەوەش لە ڕێ‌ی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی دەیدەین بۆ ڕوونکردنەوەی نیازو هەڵبژاردنی شێوازی لەبار لە مل ملانێ‌ی نێوان ئێمەو ڕژێمی ئێران دا لەهەموو مەیدانەکان دا.

**سیاسەتەکەیان بۆ سەرخۆیان هەڵدەگەڕێتەوە عیراقیە جوامێرەکان**

من وەك یەکێك لە ئێوە میقداری ئەو ئازارە دەزانم کەدەستدرێژی خومەینیەکان بۆ سەر بەسرای نەبەردو کوشتنی ئەسیرەکان بەدەست وپێ‌ی بەستراوەو بۆردومان کردنی شاری بەغدا بە ساروخ لە دەرونی ئێوەی دا بەجێ هێشتوە. . پێش ئەوەش بۆردومان و کوشتنی هاوولاتیە مەدەنیەکان لە سێ نیشەجێ‌ی دێهاتەکانی باکووری نیشتمان. . دروشمەکانتان کە دەنگ دەداتەوەو داوای تۆڵە سەندنەوەو ڕەتدانەوەی بە پەلە دەکات بێسترا بەڵام کات و شێوە بۆ ئێمە بەجێ بێڵن ئەو سیاسەتەی فەرمانڕەوایانی ئێران تێ‌ی کەوتون بۆ سەر خۆیان هەڵدەگەڕێتەوەو ئەوان لەوە بێ توانا ترن کە بەربەرەکانی تووڕەیی گەلەکەمان و هێزە چەکدارەکەی بکەن، گەلانی ئێران دەزانن و جیهان دەزانێ کە ئێمە توانای ئەوەمان هەیە شار لە ئێران دا بەتەواوی لەناو بەرین هەرکاتی بریاری ڕەتدانەوەمان بەم شێوازە دا.

ئەگەر دوژمنمان چەند ساروخێکی هەیەو ئەوانەی خیانەتیان لەنەتەوەی خۆیان کردوە دوای ئەوەی خیانەتیان لەگەلی عەرەبی خۆیان کردوە خەڵاتیان کردون ئێمە لەوانە زۆرمان هەیەو فرۆکەی ئەو توشمان بەزۆری هەیە بتوانێ بگاتە دوورترین خاڵ لە ئێران دا.

ڕەحمەت بۆ شەهیدە بەڕێزەکانی گەلەکەمان.

الله أكبر

وليخسأ الخاسئون

Institut kurde de Paris

یەکێك لە نهێنیی‌یە هەرە زیندووەکانی بەردەوامی سەرکەوتنی عیراقیەکان لەوە دایە کەوا لەسەر هەقەو بەرگری لە خاك و شەرەفی خۆی دەکا، خۆی لە چەنگ گێژەڵوکەیەکی ڕەشی وا دەپارێزێ کە قەستی ڕوخان و هەڵکەندنی شارستانیەتی نوێی عیراقە لە ڕەگ و ڕیشەوە... لەم پێودانگەوە عیراق دەجەنگێ. بۆیە ڕۆڵەکانی بەو گیانە پیرۆزە نیشتمان پەروەری‌یە، گەورەترین مانایەکی قوربانی دان و بەخشش بەم خاکە دەبەخشن.. بۆیە عیراق لە بەردەم دوژمن دا بۆتە قەڵایێکی سەخت و بەرزی‌وا کەوا شەش ساڵە خەونی ئەوەی پێوە دەبینێ کەوا پێیە گەندە لەکانی بخاتە سەری‌و پێشێلی بکات...

عیراق هەر لە سەرەتای هەفتەی یەکەمی جەنگەوە دەنگی ئاشتی خوازانەی خۆی ڕاگەیاند.. دووای شەش ساڵیش تا وەکو ئێستاکەش بە بەردەوامی لە کۆنگرەو لە هەموو سوچێکی وڵاتان ڕای گەیاندوە کەوا هەموو کاتێك ئامادەیە بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سەر مێزی ووت و وێژکردن دانیشێت لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران بۆ ئەوەی بە گوێرەی یاساو نەریتی دەوڵەتان، بە گوێرەی ئەو بڕیارانەی کە لایەنە خێرخوازەکان بڕیاری لە سەر دەدەن بگاتە ئەنجامێکی وا لەگەڵ ئێرانیەکان دا کەوا ئاشتی بگەڕێتەوە بۆ هەردوو وڵاتی دراوسێ‌و دڵ نیایی بکەوێتە دەروونی گەلانی هەردوو وڵات.. وە هەردوو لا ڕۆڵی خۆیان لە ئەمن و ئاسایشی ئەو ناوچەیەدا ببینن..

ئەمە هەردەم دروشمی عیراق بووە. لە بەر ئەوەی عیراق بە تەنگ خوێنی ڕۆڵەکانیەوەیە، پاشان لە ڕوانگەیەکی مرۆڤایەتی تەماشای مەسەلەکە دەکات.... ڕێگایەك شك نابا کەوا چارەسەریەك بێت بۆ کۆتایی هاتنی ئەو جەنگە لەوەندە زیاتر نەبێ کە هەردوو لا پەیمانی ئاشتی لە ڕێگەی تێ گەیشتنووە لە گەڵ یەکتری‌دا موربکەن.. ئێران تا وەکو ئێستا هەڵوێستێکی ئیجابیانەی لەم بوارەدا نە نواندوە، ئەمە شتێکە کە هەموو دەوڵەتان ئەوە دەزانن، بە تایبەت ئەو لایەنانەی کە چەند جارێك هەوڵی بە یەك گەیشتنەوەی عیراق و ئێرانیان داوە، بەڵکو زۆر بێ شەرمانە بەرامبەر بەو بڕیارانە وەستاوە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان و کۆنگرەی وڵاتە بێ لایەنەکان و کۆنگرەی وڵاتە موسڵمانەکان دا دەرچووە...

دووا جاریش ئەو نامە کراوەیە بوو کە هەڤاڵ صدام حسین ئارستەی حوکمرانانی ئێرانی کرد بۆ ئەوەی هۆش بێننەوە سەر خۆیان و ئەو بیرە لەمێشکی خۆیان دا فڕێ بدەن کەوا ڕۆژێ لە ڕۆژان بە هۆی هێزەوە دەتوانن سەر بە عیراق دا بنوێنن.. ئەمە خەیاڵێکی خاوە لە بەر ئەوەی شەش ساڵی ڕابوردووی جەنگ کە ئێران بارێ ئابووری‌و سەربازی‌و ڕامیاری لە ئێستاکە چاکتر بوو نەیتوانی شتێك بە شتێك بکات بەرامبەر بە عیراق، ئێستاکە کە ئێران لە هەموو لایەکەوە پچران و ڕوخان و داهێزران بە خۆیەوە دەبینێ، دەنگی نارەزایی هەموو سوچێکی ئێرانی گرتۆتەوە بەرامبەر بە ستەمکاری ڕژێم و بەردەوام بوونی جەنگ، لەو هەموو مل ملانێ تونـدەی کە لە نێوان سەرکردەکانی ڕژێم دا هەیە، لە تێك شکانی باری ئابووری‌و مایەپووچی ئێران کە بازاڕی نەوت و کەمی بەرهەمی ناردنە دەرەوەی نەوتی سەدەها کێشەی تر کە ئەمڕۆ ئێرانی بە دەستەوە دەئاڵێ... تازە بەتەمای چی‌یە، بێجگە لەوەندە نەبێ کە چەند هەزارێکی تر لە گەلانی بەستەزمانی ئێران بخاتە ناو تەنوور بەر ئاگری عیراقیەکان و لیانکا بە قوچی قوربانی نیازە چەپەڵەکانی خۆیی

ئەم نامەیە باشترین گەواهی ئەو ڕووە مرۆڤایەتی‌یە بوو کە عیراق هەر لە یەکەم ڕۆژی جەنگەوە هەڵی گرتووە، ئەمەش تەنیا باوەڕی عیراق نی‌یە، بگرە هەر وڵاتێکی پێشکەوتنخواز کەوا خوێنی ڕۆڵەکانی لا هەرزان نەبێت و لەپێناوی خزمەت گەیاندن بە میللەت و وڵاتەوە هاتبێتە سەر کورسی، نەك بۆ جێ‌بەجێ کردنی خواستی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و نۆکەرانی ئەو دیارە کەوا بەگوێرەی یاساو نەریتی دەوڵەتان چارەسەری کێشەی خۆی دەکات، هەروەها لەسەر بنچینەی ئەو بڕیارانەی کەدەوڵەتان بە پەسەندە دەزانن، چونکە ئەمڕۆکە ئەگەر ڕژێمێکی کۆنەپەرست و کە لە ڕەق و نەزانی وەکو ئێران نەبێ، مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی وا پاشکەوتوودا ناژی بۆ ئەوەی بۆ ماوەی شەش ساڵی جەنگ چارەسەریەك بۆ کێشەیەك نەدۆزێتەوە کە چارەسەریەکی سووك و ئاسانی هەبێت.

سوور بوونی ئێران لەسەر بەردەوامی جەنگ، ڕازی نەبوونی بە ووت و وێژکردنی ڕاستەوخۆ نا ڕاستەوخۆ، بەرپەچ دانەوەی هەر بڕیارێك کە لە لایەن هەر لایەنێکی خێرخوازەوە دەرچووبێت، هەموو ئەمانە، بوونە هۆی بەردەوامی جەنگ و بێ ئومێدی ئەو هەوڵ و تەقەللایانەی کە دەدرا بۆ وەستانی جەنگ و دەست هەڵگەرتنیان لێ‌ی.

هەموو ئەمانە بە نیازی هینانەوی ئەو خەونەی کە ئێران ساڵانێکە چاوەڕوانی دەکرد... بە ڕیسوا کردنی عیراق و پێشێل کردنی خاکی پیرۆزی... بە پووچەڵ دەرچوو، وە ئێران بێجگە لە ماڵ وێرانی‌و شکستی وشەرمەزاری هیچی تری بۆ نەمایەوە....

عەدالەتی مەسەلەی ئێمە لە لایەك کە هۆیەکی بنچینەیی بەردەوام بوونمان بوو لە سەرکەوتن، هەروەها بانگ ڕاهێشتنمان بۆ ئاشتی لە هەڵوێستی بە هێزی‌دا، لایەنێکی‌تری ئەو لایەنگیرە جیهانیەیە کە عیراق هەیەتی، لە بەردەم بیروڕای جیهانی بەگشتی وە لە بەردەم گەلانی ئێران بە تایبەتی... بەوەی کە ئێرانیەکان دەمێکە شارەزای ئەوە بوونە کە عیراق شەرخواز نی‌یەو ئەو ڕژێمە بۆتەکۆت و پێوەندێك بە ئەستۆی ئەو گەلانەو بە زۆر ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی‌یان دەکەن بۆ دابین کردنی خواستەکانی خۆیان، ئەم ڕاستی‌یە چۆکی ئێرانیەکانی شکاندوە، بۆ شەرکردن لە بەرامبەر عیراق دا، تا ئێستا عیراق هەموو هەوڵ و تەقەللایێکی خۆی تەرخان کردوە تەنیا لە پێناوی وە دی هێنانی ئەو ئامانجەی کە هیوای هینانەدی بۆ دەخوازی کە ئەویش ئاشتی‌یە، هەتا لە جەنگیش دا عیراق نیازی ئەوەی نی‌یە. ئەگەر ناچار نەبێت ـ زیانی بەشەری بە ئێران بگەیەنێ، بۆیە هەموو گرانی‌خۆی خستۆتە سەر چۆنیەتی پێ شێل کردنی دەمارە ئابووریەکانی ئێران، بە بۆردوومان کردنی دوورگەکان کە دیارە ئەو دوورگانەش دەدەنەوە لە بەرامبەر هەموو دونیاوا کۆنەپەرستیەتی‌و نەژانی‌و کوێرەوەری خۆیان دەسەلمێنن...

سەرکەوتن هەر بۆ ڕاستی‌و ئاشتی‌و بیری پێشکەوتنخوازانەیە، ڕزین وداهێزران و مل کەچی هەر بۆ کۆنەپەرست و چاو چنۆك و خۆ پەرستەکانە،

بەپێی ئەو پەیوەندی شەش ساڵەی جەنگ

# صدام حسین مرۆڤ و ئاشتی خواز

ئازاد عبدالصمد

ڕژێما خومەینی دەمێ ڤیای کەرب و کێنێت خو دیارکەت بەرامبەر عیراقا خەباتکەر، دەست دا هەلکرنا ئاگرێ شەری ل ٤ - ٩ - ١٩٨٠دا کو بشێت عیراقێ مژیل بکەت ژ کارێت نەتەوەیی یێت مەزن و گرنك و دیسان مەبەستا وان ئەوبو بشێت «شورەشا ئیسلامی!!!» لعیراقێ‌و دەولەتێت کنارێ عەرەبی بەلاڤبکەت؟

هوسانێ‌و ژبەر ڤان ئەگەرا ڕژێما شەرخاز لقم و تەهران شەرێ خو یێ نەحەق و تەعداکەر دەست پێ‌کرو پاژێرێت عیراقێ بێت توخیبی دانە بەر گوللە توپاو ئەنجامێ ڤێ چەندێ ب دەهان ژ کورێت عیراقێ شەهیدبوون، هەر وەسادەست دا کریارێت تاوانبارێ یێت خویناوی لناڤ عیراقێ‌و لپایتەختێ‌و مەهەمیا دیت ئەو تاوانا هاتیە رویدان لزانکویا المستنصریەو ژبلی ڤێ چەندێ بەرپسیارێت ڕژێما تەهرانێ هەردەم (تصریح)یێت درندەو نەعقلانە دژی عیراقێ د دان و ئیزگەو گوڤارو ڕوژنامێت خو تەرخان کربون بو دژمناتیا عیراقێ.. هەتا ئیمامێت مزگەفتا لئیرانێ د وەعزێت خودا هێرش دبەرە لسەر عیراقێ!! بەرامبەر ڤان کریارا وڤان دەسدرێژیا عیراق نەچار بو بەرەڤانیا خو بکەت و بشیوەکێ عەسکەری بەرەسڤا ڤان نەفام و پاشکەفتیا بدەت و هوسانێ شەر هەل بو لناڤ بەرا عیراقا ئاشتی خازو ئیرانا تەعداکەر.

حاکمێت ئیرانێ هەردەم بو دەمی دێ کەنە بەحسێ هێرشەکا مەزن و دێ گەفا کەن و دێ نەهـ دەهـ هەیڤا خو ئامادەکەن و ب سەروبەرکەن بو هێرشێ!!

لێ دەمێ لەشکەرێ وان هێرشا خو دئینن و دەمێ کورێت عیراقێ لبەرسینگا خو دبینن، جارەکادی دێ ئەو لەشکەرێ هندێ مەزن و بەرفرەهـ دێ شکێت و پاشڤە چیت، یێ کوشتی کوشت و یێ بەرزە بەرزەو یێ ئیخسیر.. ئیخسیرا!! هوسانێ گەف و هێرشێت ئیرانێ لتوخیبێ عیراقێ دراوەستن و دبنە چنە!! ئوئەگەر سەحکەینە ڕیبازا شەری دێ بینین ل سالا ئێکێ ئیران یابهێز بو.. لێ ژ سالاٸیکێ هێڤە دەولەت و لەشکەرێ ئیرانێ هەر یێ لاوازد بن وخودێ بەس شکەستن و ڕەڤین یا کریە بەهرا وان... ئولعەینی وەخت لەشکەرێ عیراقێ هەر یێ بهێز دکەفیت و بتایبەتی هێزا مە یا ئاسمانی قارەمان هەمی ڕوژا یا دربێت مرنێ‌و ئیرانکرنێ دانیتە ڕژێما مەلایێت نەزان لقم و تەهران و ئابووریا وان تێکداو دیماهێك دریا قارەمان ژلایێ هێزا مەیا ئاسمانی‌ڤە ئەو هێرش بو ئەوا بریە سەر دەڤنەرا (سری)و ب چەندەها پاپورێت نەفتێ ویرانکرێ‌و تێکدای. لەوراو ژبەر ڤان ئەگەراو ژبەر بەردەوامبونا شەری‌و نەرازیبونا خومەینی بو پێکهاتنێ.. ژبەر ڤێ چەندێ دێ بینین هەمی ڕوژا ب سەدان ژ کورێت ئیرانێ یێت رەڤن ونـ ڤێت بمینەل ئیرانێ چنکو ئیران یابویە دوزەخ و تاریستان و جهنەم ونهو هەمی هیڤی‌و ئومیدا ئیرانیا ئەوە ژ ڤێ ڕژێمێ رزگار بین و شەر براوەستێت و دویماهیك بو ڕژێما خومەینی یا تاوانبار بهێتە دانان چنکو ڤێ ڕژێمی هندەك تاوانێت کرین ل چ دەورو زەمانا ئەڤە نەبویە وەك کوشتنا ئیخسیرێت عیراقی‌و فریکرنا زاروکا بو بەروکێت شەرێ‌و کریهنا چەکی ژ بنگەهێ زایونی‌و کارئینا ڤی چەکی دژی موسلمانا هوسانێ خومەینی دیار بو بوجیهانێ کو گەلەکێ دویرە ژئیسلامەتیێ‌و مەزنترین تاوانبارە!!

# شەش ساڵ ژ شەری

وەصفی حسن

# تیشکێك لەسەر شۆڕش ١٧ی تەمووز

نجدت مجید ا

لە تەمەنی شۆڕشی سەرکەوتوو گەلێ دەستکەوتی گەورە گەورە هاتە دی‌و، ئەم دەستکەوتانە ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایەن، بەڵام پەنجە بۆ هەرە گرنگیان ڕادەکێشین..

لە لایەنی ڕامیاری‌یەوە شۆڕش هەوڵی داو سووربوو لەسەر هێنانەدی‌ی بەرەیەکی یەکگرتووی ناوخۆی وەها کە جەماوەری گەلەکەمان بەو بەرەیە بتوانێ خزمەتی ئامانجەکانی شۆڕش بکات، کە ئامانجی هەموو گەلی عیراقەبە عەرەب و کوردیەوە..

چاکترین بەڵگەو دەربڕی ئەم یەکیەتیەش ئەو هەڵویستە پر لە قارمانەتیەیە کە گەلەکەمان هەیەتی دژی دەستدرێژی‌ی ڕژێمی ئیران، ئەو هەڵویستە مەردانەیە کە ڕیگای لە ڕژێمی ئێران گرت و بەربەستی کردو نەیهێشت ئامانجە نابوودەکەی جێ‌بەجێ بکات و عیراق بکاتە وڵاتێکی لاوازو دواکەوتووی سەر بە ڕژێمی خومەینی‌ی کۆنەپەرست و ڕێ لە بزوتنەوەی گۆڕانکاری‌و پێشکەوتنی وڵاتە خۆشەویستەکەمان بگرێت، لە مەیدانی پەیوەندی‌ی هەندەران دا شتێکی ئاشکرایە کە سیاسیەتی عیراق لەسەر بیروباوەڕو، سەربەخۆیی‌و، پەیوەندی‌ی چون یەکی‌و، ڕیز لە یەکگرتن و، قازانجی ڕەوای هاوبەش و سیاسەتی بێ‌لایەنی دامەزراوەو بەو شێوەیە ناسراوە عیراق بە هۆی خۆماڵی‌کردنی نەوتەوە بوو بە خاوەنی خواستی تەواوی خۆی‌و، سەربەستی‌ی سیاسی‌ی تەواوی ودەست هێناو، هەموو دەرامەتی نەوتی بۆ قازانج و یەرژەوەندی‌ی گەل و نیشتمان خستە کار..

سەبارەت بە ناوچەی باکووری وڵاتیت شۆڕش بە شێوەیەکی زانیاری‌و موضوعی لەبەر ڕووناکی‌ی بیرو باوەڕەکانی حیزب دا چاری مەسەلەی کوردی کردو، بەیاننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی ڕاگەیان، پاش ئەوە یاسای ئۆتۆنۆمی‌و ئەنجومەنی یاسادان و جێ‌بەجێ‌کردن و داو دەزگاکانی دانا، بەم جۆرە شۆڕش ئەو بەڵێنەی دابووی بە گەلی کوردمان لە ناوچەی کوردستانی عیراقدا بەجێی هێنا، لە مەیدانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیشدا شۆڕش گەلێ کاری گەورە گەورەی کرد وەك یاسای کار، یاسای خانەنشینی‌و مسوگەرکردنی کۆمەڵایەتی‌و، یاسای چاك کردنی باری کشت و کاڵ و، گەلێ هەنگاوی بەرفراوانی نا لە مەیدانی بووژاندنەوەی وڵات و پێشخستنیدا، بە جۆرێ کە بەدی‌هێنانی پرۆژە گەورەکانی کشت و کاڵ و پیشەسازی مسوگەر بکات.

شۆڕش مرۆڤێکی تازەی وەهای دروست کردوە کە بتوانێ لە بیناکردنی نیشتمانیدا هاوبەش بکات و ئەو ئامانجە جێ‌بەجێ بکات کە شۆڕش دەیەوێت..

بێ‌گومان دروستکردنی مرۆڤی تازە پێویستە پێش هەموو کارەکانی بکەوێ، چونکە مرۆڤ بناخەی پێشخستن و گۆڕانکاری‌یە لە هەموو لایەنەکانی تردا.

دوباره شتێکی زۆر طەبیعی‌یەکە شۆڕش بە قووڵی ڕەگ دا کوتێ‌و خۆی بگرێت، بەڵگەی ئەم ڕەگ دا کوتانەو ئەم خۆگرتنەش ئەوەیە کە شۆڕش زۆر ئازایانەو لێهاتوانە لە ڕووی دوژمنان و پیلانەکانیان دا وەستاو بەر بەرەکانێ‌ی کردن، ئەو پیلانانەی کە هیزە دوژمنەکان، ئیمپریالیزمی جیهانی‌و زایۆنیز)و نۆکەرەکانیان لە ناوچەکەدا پێ هەستان، لە پێش هەموویانەوە ڕژێمی حافظ ئەسەدو قەذافی کە یارمەتی‌و پشتگیری‌ی دوژمنەکانی عیراقیان کرد لە پێلان گێڕاندا، ئەوەتە لەگەڵ ئەوەشدا کە پیلانەکان جۆراوجۆرە درندانە بوون شۆڕش توانی کە بە توندی لە ڕووباندا بوەستێ‌و بەرپەرچیان بداتەوە.. ئازایەتی‌و مەردایەتیش لەم بەرپەرچ دانەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی‌ی سەرۆکی فەرماند.. صدام حسین و، دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی‌و لێهاتوی‌و وریایی‌و دووربینی‌ی ئەو.

دوا پیلان دژی عیراقمان ئەو شەوە دوژمنانە بوو کە ڕژێمی خومەینی دژی وڵاتەکەمان هەڵگیرساندو عیراقی‌یە مەردەکان ڕوو بەڕووی وەستان و پەکیان خست ئەوەتە لەگەڵ ئەوەشدا کە زیاتر لە ٦ ساڵ بەسەر ئەم شەڕەدا تێپەڕی کەچی گەلی عیراق زیاتر بەهێزەو باشتر دەست لە دوژمن دەوەشێنێ‌و، ڕۆژ بەڕۆژ شەوە ... دیاری بەکار دێنێ بۆ لێدانی دوژمن و پەك خستنی.

Institut Kurde de Paris

# «هاوکاری» لە میهرەجانی سێیەمی شیعری کوردیدا

شێرزاد عبدالرحمن - لقی هەولێر

**لەژێر چاوەدێری بەڕێز یحیی جاف سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندی ناوچەی کوردستان و بەئامادەبوونی بەڕێزان عبدالأمیر معلە جێداری وەزیری ڕاگەیاندن و سەرەکی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی عیراق و پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو شاعیرانی کوردو عەرەب و لەژێر دروشمی « شیعری کوردی.. لە پێناو شارستانی و یەکێتی نیشتمانی»دا و لە شارە دێرینەکەی هەولێر لە ماوەی ٩ - ١١ - /٩ /١٩٨٦ دا دەست کرا بە ساز کردنی سێیەم میهرەجانی شیعری کوردی کە یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد سازی کرد....**

لە سەرەتای ئەم میهرەجانە فراوانەدا ، بەڕێز سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ووتەیەکی خوێندەوە، کە تیایدا بایەخی دەوری نووسەرو ئەدیبی ڕوون کردەوە لەم بارو دۆخەدا کە نووسەران ناخی خۆیان دەردەبڕن و تێکەڵ بەداهێنانی ئەدەبی دەکەن، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە ئەدیب و نووسەران ڕەوتی سەرکەوتن لە جەنگی مێژوویی‌دا قووڵتر دەکەنەوە...

پاشان بەڕێز دوکتۆر نافع ئاکرەیی سەرەکی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد ووتەیەکی خوێندەوە کە تیایدا باسی گەورەیی شیعروپەیامی شیعری کرد کە ئاشنایەکی لەگەڵ مرۆڤی کورد، وەکو هەست و هەناسەیە، پاشان کاکی دوکتۆر، دەست نیشانی ئەوەی کرد کە ئیمرۆ لەپاش شانزدە ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد سێیەم میهرەجانی شیعری کوردی سازدەکرێ، بەڵام ئەم میهرەجانە ش هەر لەسەر هەمان مەبەست و ئامانج دەڕوات کە خزمەتی ووشەو ئەدەبی کوردییەیە... هەروەها لە ووتەکەدا . باسی ڕۆڵی یەکێتی‌و بەرنامەی یەکێتی کرد لە پێناو گەیاندنی ڕادەی خزمەتگوزاری ئەدیب ونووسەرانی کورد بەتایبەتی نووسەرە نەمرەکان....

★ پاشان دەست کرابە خوێندنەوەی چەپکێ شیعر کە شاعیرانی کوردو عەرەب بە شداربوون.. لە دانیشتنی بەیانی‌دا ، ئەم شاعیرانە بەرهەمیان خوێندەوە:

خالد علی مصطفی ، مکرم رشید، معد الجبوری، عبدالله عباس، جەلال مەدحەت خۆشناو، عبدالخالق سەرسام... بەڵام بۆ ئێوارە، شاعیران: کامل ژیر، کاظم تمیمی، عبدالقادر دبانی، شهاب عثمان، محسن قۆچان، صلاح محمد، رمضان عیسی، عباس صالح.

● بەیانی ڕۆژی دووەمی میهرەجان، دوو باسی گرتە خۆی... مامۆستای ڕۆشنبیر مسعود محمد بە باسێکی تیروتە سەل و شیرین و خوێندنەوەیەکی شاعیرانە بەشداربوو دەربارەی . مەلاخەتی...

. هەروەها شاعیرو نووسەر دڵشاد مەریوانی باسێکی دەربارەی - شیعری میللی‌و مەدهوش - خوێندەوە... بەڵام بۆئێوارە؟ ئەم شاعیرانە بەرهەمیان خوێندەوە: «جبار کواز، ئەژی گۆران، عدنان ئەتروشی ، نازم دلبەند، کمال سبتی، هوشیار بەرزنجی، ترکی الحمیدی، نجیب بالایی، عبدالحمید کاظم، اسماعیل گیلانی، لطیف قەرەداغی، داری ساری، تیلی امین، صدیق هروری، خالد کۆچەر، حەمە بۆر،»

★ بەیانی ڕۆژی ١١/٩، تایبەت بوو بەلێکۆڵینەوە.. کە تیایدا د. کامل بصیر لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی شیعری کوردی پێش کەش کرد. پاشان مامۆستا د. ئیحسان فؤاد دەربارەی هەندێ گیروگرفتی کێش دووا لە شیعری کوردی‌دا و، مامۆستایان تیلی امین و انور محمد طاهر هەریە کە یان لێکۆڵینەوەیەکی پێش کەش کرد؛ شایانی باسە کە گفتوگۆ دەربارەی باسەکان کرا.

بەڵام بۆئێوارەکەی شاعیران: جەمال شارباژێری، حسب شیخ جعفر، صبری بۆتانی، عبدالرزاق بیمار، خزعل ماجدی، ڕۆستەم باجەلان، محمد امین پێنجوێنی، سگڤان عبدالحکیم، مسعود پەرێشان شیعریان خوێندەوەو، ڕێز لە دەستەیەك لە نووسەرو شاعیرانی کورد نرا.

«لە ڕۆژانی میهرەجانەکەدا»

بەیەك گەیشتنی ئەم ژمارە یە لە نووسەرو شاعیرو ئەدیبانی کوردو

عەرەب، خۆی لە خۆی‌دا، دیادەیەکی ڕاستی بزوتنەوەی ئەدەبی‌یە.. ئەوەبو، لە ڕۆژانی میهرەجان، فرسەتی [illegible] بو گۆڕینەوەی بیروڕاو ناسینی باری [illegible]ەب و شیعری کوردی لەنێوان دانیشتنە تایبەتیەکانداو لە ئەنجامی پێشکەش کردنی هەندێ باس دەربارەی ئەدەبی کوردی...

«هاوکاری لەمیهرەجانەکەدا»

هەر لە ڕۆژی یەکەمی میهرەجانەوە، چەندان چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەدیب و شاعیرانی میهرەجانەکە سازکرد بۆ دەربڕینی بیروڕایان دەربارەی میهرەجان و دەقی شیعرو باسەکان.. ئەمەش بەشێکی ئەم چاوپێکەوتنانەیەو بەشێکی تر لە گۆڤاری - بەیان - بڵاو دەکرێتەوە...

**مامۆستا مسعود محمد:**

زۆر بە چاوێکی گەش بینانەوە تەماشای ئەم میهرەجانە دەکەم، وە هەر بەهەمان گەشایی‌و بەو ئومێدەی لە دڵدایە، بەو گەرمایە هاتووم بۆ ئێرە..

بێ‌گومان بەحسی باش و ووتاری ڕێك وپێك و هەموو ئەو شتانەی کە خزمەتی سەقافەتی کوردی‌و برایەتی کوردو عەرەب و ئەو هەدەفە زلانە دەکات لەم میهرەجانەدا دەی بینین...

من بەش بەحاڵی خۆم، بەشی هەرە زۆری عومرم لەوە ڕابوارد کە کوردو عەرەب بەیەك بگەیەنم، چونکە ئێمە لەو عیراقە لە هەزاران ساڵ و پترە لەگەڵ برا عەرەبەکاندا بەیەکەوە هاتووین، ئینجا هەر کەسێك لە لای خۆیەوە بتوانێت کۆسپی نێوان برایەتی ئەو دوو برا مێژوویی‌یە هەڵستێنێ خزمەتێکی گەورەی ئینسانیەتی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە، جگە لەوەی کە بەتایبەتی خزمەتی کورد دەکات ، چونکە کورد یەگجار پێویستی بە برایەتی هەرە لە پێشەوەی عەرەب و، هەموو گەلانی دنیا هەیە بە تێکڕایی، چونکە زەدەی تاریخە..

دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ لەوەتەی مادی لە کیس چووە، لە هەموو لایەکەوە لێ دەدرێ‌و بەچاوی خۆتان دەبینن لەو دنیایە چ بەکورد دەکرێ ، تەنها ئومێدێکی تا ئێستا بەدەستەوە مابێ ئەو ژیانەیە کە ئێستا لەگەڵ برا عەرەبەکان ڕای دەبوێرین..

ئەگەر کەم و کوڕییەك هەبێ، ئەگەر گلەییەك هەبێ، بەهەوڵ و بەگەش بینی‌و ووردبینی‌و ڕاست بینی دڵسۆزەکانی کوردو عەرەب هەر گلەییەکی هەبێ لە بەینێدا هەڵستێ ، وە دووا ڕۆژێکی کامەرانتر، خۆشتر، بەبێ گرێتر، ڕابوێرین، هەموو لایەکمان تێکرامان، ئەوەی مەوجودین، ئەوەی دوورین بەیەك شاد بینەوە و ژیانێکی ئاسوودە ڕابوێرین و بتوانین عیراقی خومان، عیراقی کوردو عەرەب بپارێزین لە بێگانە، لەدەست درێژی، ئەوە هەوڵی هەموو لایەکمانی پێ‌دەوێ.. منیش ئومێدەوارم لە نووسەران ، لە خاوەن بیران ، لە هونەرپەروەران، لەوکەسانەی کە چرای سەقافەتی کوردین، چرای سەقافەتی عەرەبن، لەم ڕێگەیە بڕۆن، دەشڕۆن، بەڵام پتری پێ‌دەوێ.. دەبێ زیاتر بەیەکتر بگەین... ئەم میهرەجانە، میهرەجانێك بوو کە کوردو عەرەبی تێدا دەبینین.. ئیتر ئەمە ئومێدمە، ئومێد دەکەم لەوەی دووا ڕۆژ دادێ، ئەو بەرە موبارەکانەی پێوە بێ...

**شاعیر ئەژی گۆران:**

ئەوی شایانی باسە، لە ئەنجامی میهرەجان و هەڵبەستەکان، ئەتوانین، بزانین، تاچ ڕادەیەك سەرکەوتن هاتوتەدی، یا شیعری کوردی، گەیشتوتە چ ڕادەیەك..

لە ئەنجامدا، هەر چالاکی‌یەك، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی بزوتنەوەو ڕێرەوی ئەدەبی کوردی.. ئەم میهرەجانەش پێویستە بەگەرمی پێشوازی بکرێ.

**شاعیر کامل ژیر:**

هەموو کۆبوونەوەیەکی ڕۆشنبیری، سوودێکی زۆری هەیە.. ئەگەر کۆبوونەوەکە لە شیوەی میهرەجاندا بێ، ئەوە کەڵکی زیاترە.. بەتایبەتی لە میهرەجاندا، هەستیار سەربەستە لە دەربریندا و ئەتوانێ گەوهەری ئەدەب دەرخات.. هەر ڕوویە ڕووش جەماوەرەکە لەگەڵ بەرهەمەکەدا ئاوێتە ئەبن و بایەخی ئەم جۆرە کۆڕو کۆبوونەوانە دەرئەکەوێت..

**شاعیر عبدالرزاق بیمار:**

میهرەجانێك بۆ شیعر بەگشتی‌و شیعری کوردی‌بێ، بەتایبەت، بێ دوو دڵی دەڵێم بایەخوارە، چونکە گەل یان مرۆڤ بەگشتی، لەگەڵ نان و خۆراکدا گوڵ و گۆرانی‌و شیعر یشی‌پێ دەوی، ئەمە لە هەر بارو دۆخێك دا بێ، لە ڕۆژانی سامالی ئاشتی‌دا بێت، یان شەوانی ڕەشی شەڕو هەرادابێت. شیعر زمانی خەبات و شۆڕش و ژیانە . لەبەر ئەوە پیرۆزبایی لەم میهرەجانە دەکەم و بێ‌گومان شاعیر دەبێ شیعر بڵێ‌و بیخاتە بەردەم خوێندەواران، ئینجا چ بە چاپ کراوی و چ بەخوێندنەوە بەقەدر زانی‌یەوە کاری هەڵسوڕاندنی میهرەجانەکە هەڵ دەسەنگێنم.

**کچەشاعیر هیڤی‌بەرواری:**

ئەڤ مەهرەجانا گەلەك تشتەکێ بەرکەتیەو، کارەکێ هێژایە بۆ ڤێك گەهشتنا هەمی ئەدیب و شاعرێ کورد، ژ بۆ پێش کەفتنا پەیڤاکوردیا رەسەن.

**شاعیر واردبدر سالم:**

کارێکی بەنرخ و بەهایە ئەم بەیەك گەیشتنە قووڵە، لە نێوان ڕۆشنبیراندا، کە تیایدا لە شێوەی هونەری‌و ئەدەبی شیعروئەدەبی یەکتر دەگەین.. ئەمە بەدەسکەوتێك ئەزانم.

**شاعیر کەمال سبتی:**

کارێکی پیرۆزە کە بێین بۆ هەولێر بۆ بەشدار بوون لەگەڵ برا کوردەکان، لە میهرەجانی شیعری کوردی... ئامادە بوون. بۆ هەولێر مانایەکی تایبەتی هەیە کە شوێنی خۆی لە قووڵایی مێژوودا هەیە.. هیوادارم پەیوەندیمان قووڵتر بێتەوە.

**ئەدیب سگڤان عبدالحکیم:**

میهرەجانا سێ‌یا هۆزانا کوردی، قەژینەك نوی‌یە ژ بو گەش بونا هۆزانا کوردی یا نوی چنکو دگەل کاروانێ شەهرەستانینێ مل بمل ڕێڤە دچیت . کارەك پیرۆزەو هیڤیامە ئەو هەر بمینیت

سەرنج: سەرجەمی چاوپێ کەوتنەکانی تر لە گۆڤاری - بەیان - بڵاو دەکرێتەوە.

وێنەگرتنی: ڕازاو

«چەند هەڵوێستەیەك لە میهرەجاندا!»

● شاعیر عبدالأمیر معلە لە هۆڵی شیعر خوێندنەوە، شیعرێکی ناسکی بۆ چیای کوردستان نووسی‌و، دوکتۆر نافع بە زۆرەملی پێ‌ی خوێندەوە!

● برا شاعیرو نووسەرە عەرەبەکان کاریگەر بوون بە زۆربەی شیعرو باسەکان، بەتایبەتی باسەکەی مامۆستا مسعود محمد، کە ڕادەی (هەڵچوونی) نایەوە..!

● لە نیوان بەشدار بوون، شاعیری میللی - احمد شکری - ووتی: میهرەجانەکە... دانە.. دانە... نەك هەمووی... شتی تێدایە.

● بڵاوکراوەی ڕۆژانەی میهرەجان، تینی دایە شاعیرو نووسەران،

● ئاهەنگەکەی تیپی میللی هەولێر، کە تایبەت بوو بە میوانەکان، ئەبوایە هەر تەنیا - هۆڵەکە - گەرم نەبووایە، بەڵکو ئاوازەکانیش!

● گفتوگۆی برا ئەدیب و شاعیرە عەرەبەکان لە ئوتێلی هۆڵی میدیا، لەگەڵ شاعیرە کوردەکان، دیاردەیەکی شیرین بوو... بۆ قووڵتر کردنەوەی پەیوەندی ئەدەبی.

Institut kurde de Paris

# ئامادەکردنی جەنگاوەری لێهاتوو

## لە مەڵبەندی مەشق کردنی هەولێر

**جاران، لە ئەنجامی نەبوونی نەخشەیەکی تەواوی ڕاهێنانی جەنگاوەران و مەڵبەندی تایبەتی هونەری نوێ، ئامادەکردنی جەنگاوەری عیراقی وەك باری ئێستا نەبوو کە پشت بەنوێترین کەرەستەی فێربوون و ڕاهێنان بدات بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی چاوکراوە لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، بەتایبەتی ڕەگەز پەرستانی تاران کە ئەوە بۆ حەوتەمین ساڵ دەچێت، شەڕ بەوولاتەکەمان دەفرۆشت و لە هەموو هێرش و دەست درێژییەکانیاندا هەر تەنیا شکستی چارەنووسیانە..**

سەر لە بەیانیەك کە چووینە «مەڵبەندی ڕاهێنانی هەولێر»، جەنگاوەران خەریکی ڕاهێنانی ڕۆژانەی خۆیان بوون، لەم کاتەدا چاومان کەوت بەعقید ذنون حامد رجب ـ ئامێری مەڵبەندەکەو لە وەڵامی ـ هاوکاری ـ دا ووتی:

ئەرکی ئەم مەڵبەندە، پێشوازی کردنی ئەو جەنگاوەرانەیە کە تازە دێنە ریزی سوپای دلێرەوە، واتە ئامادەکردنی دەستە نوێیەکانی گەلەکەمان بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ باری ژیانی ئێستاو باری وولاتەکەماندا بگونجێ کە جەنگی مێژوویی دەگێڕێ بەرامبەر بە ڕەگەز پەرستان کە دەیانەوێ ئەم وولاتە سەر بەرزە بکەنە گۆڕەپانی پیلانەکانیان و هێزی پێشکەوتن و بنیات نان ڕاگرن..

بێگومان لەم مەڵبەندەدا، ئێمە هەموو چەشنە هۆیەکی ڕاهێنانی پێشکەوتوو ئامادە ئەکەین و ڕووی خزمەتگوزاریو حەسانەوە لە ڕووی جەنگاوەران دەکەینەوە..

بەخواردن و نووستن و جل و بەرگ و بەگوێرەی نەخشەیەکی دیارکراو کە لە سەری دەڕوێن و تایبدا هەموو لایەنێکی دەروونیو فیکریو وورە بەرزی جەنگاوەرانمان ڕەچاو کردووە..

● لە نێوان دوێنیو ئەمڕۆدا...

ئەم مەڵبەندە، جاران بریتی بوو لە گۆڕەپانێکی ووشك و دوور لە هۆڵی ڕێك و هەموو هۆیەکی پێشکەوتن.. بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ هەست بە گەشانەوە دەکرێ... ڕووی بەتەواوی گۆڕا.. ئەم ووشکایی‌یە دیارە، بووە باخچەو ڕێو شەقامی ڕێك و شوورەو هۆڵی پێشکەوتوو... خیوەتەکان گۆڕان و بوونە ژووری نووستن و گۆڕان لە هەموو لایەنەکاندا دەردەکەوێ بەو شێوەیە کە جەنگاوەر هەست بەدڵنیایی بکات لەژێر سێبەری ئەو بایەخ دانە.

**«ڕاهێنانی جەنگاوەران»**

هەروەها بەڕێز عقیدی مەڵبەندەکە ووتی:

دانانی نەخشەیەکی گونجاو بۆ ڕاهێنانی جەنگاوەران بەشێوەیەکی نوێ، بەمەسەلەیەکی گرینگ دائەندرێت، ئەم لایەنەش لە مەڵبەندەکەماندا بە گوێرەی نەخشەیەك هاتۆتەدی...

ئەم بەرنامەیەش بریتی‌یە لە خوڵقاندنی کادیری جەنگاوەر لە ڕووی ڕاهێنانەوە، لە ڕووی لەش و بیرو ئۆقرەگرتن و هەموو لایەنێکی ڕاهێنان.. لە هەمان کاتدا زامن کردنی پێویستی‌یەکانی مەشق کردن لە هۆی ڕوون کردنەوەو کردنەوەی گۆڕەپانی مەڵبەند بۆ تاقی‌کردنەوەو هەموو چەشنە پێویستی‌یەکی‌تر کە باری مەشق کردن لە مەڵبەندەکەمان بەرەو پێشتر بەرێت.

**«چالاکی هەمە ڕەنگ»**

مەڵبەندەکە، وەکو چۆن بواریکی گەورەی ڕاهێنانە، لە هەمان کات، دەیان هۆی کات بەسەر بردن و بەشداری ئاهەنگەکانی وولاتی کردووە، هەروەکو بەڕێز ڕائد (سلمان داود سلمان) ئەفسەری دەستەی ئاراستە کردنی ڕامیاری ووتی:

ئەم بەشە ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەنگاوەراندا ئاموشۆی هەیە، ئەویش لە ڕیگای ئێستگەی ناوخۆو پێش کەش کردنی دەیان کۆڕی هەفتانەی ڕامیاری کە باسی هەمە ڕەنگی تێدا پێش کەش دەکرێت...

لە هەمان کات، لە ڕیگای ئەم کۆڕانەوە، گوێ لە گیروگرفت و پێشنیاری جەنگاوەران دەگرین و چارەسەری هەر دیاردەیەك دەکەین کە باس دەکرێت.. هەروەها بەشداری هەموو بۆنە نیشتمانیەکانمان کردووە بە بەرنامەی ڕەنگینی مۆسیقاو شیعرو شانۆ لە لایەن جەنگاوەرانەوە.

**«گەڕانێك بەبەشەکاندا»**

لە مەڵبەندەکەدا، چەندان بەشی خزمەتگوزاری هەیە، کە لە ڕاستیدا بەهۆی بەسەرکردنەوەیەکی ڕۆژانە، باری پێشکەوتنیان تێدا هاتۆتە دی.. لەوانە = بەشی نەخۆشخانە کە هۆی تەندروستی لە داوو دەرمان پێش کەش بە جەنگاوەران دەکرێو هەموو لایەنێکی تەندروستی تێدا ڕەچاو دەکرێ، هەروەها بەشی چێشتخانەو خواردنی هەمە جۆری ڕۆژانە بەنرخێکی کەم..

**«دیاردەی گەشتر»**

لە ئەنجامی ئەم بارە، جەنگاوەران هەست بەبەختەوەری دەکەن، کە هۆی حەسانەوەو دادوەریو یەکسانی لە مەڵبەندەکەدا هاتۆتە دی.. بەرامبەر بەمەش بە هەموو دڵسۆزییەکەوە قوربانی دەدەن، بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا.. هەروەکو ئەفسەرو جەنگاوەرانی مەڵبەندەکە لەم چاو پێکەوتنەدا ئەم هەستەیان دەربڕی.. لە ئەنجامدا، دەبێ بڵێین، ئەم ڕووە گەشەی مەلبەندەکە، وای لە میوانەکان و لێژنەکانی پشکنین کردووە بەتەواوی سەرنجی ئەم ڕووە گەشە بدەن.. هەروەکو سوپاسنامەی بو چەند جارێك وەرگرتووە.

شێرزاد. لقی هەولێر

---

## چەند پرسیارێك لە بەردەم بەرێوەبەری شارەوانی دا...!؟

# سلێمانی.. کێ پەرپرسیارە لە پاکو خاوێنی!

*لە سەردانێکا بۆ بەرێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی چاومان کەوت بە بەرێز ئەندازیار «عزیز بکر احمد» بەرێوەبەری شارەوانی سلێمانی. چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد، سەرەتا بەرێز بەرێوەبەری شارەوانی لە گرنگترین پرۆژەکانی ئاوەدانی ئەم ساڵ دواو ووتی: -*

ـ شارەوانی گەلێك پرۆژەی ئاوەدانی لەبەر دەستایەو خەریکی جێبەجێکردنی زوربەیانە لەوانە.

● دروست کردنی شۆستەی شەقامەکان بە درێژی ٧٠ هەزار مەتر دووجا.

● دروست کردنی شەقام لە شوێنە گرنگەکانی سلێمانی بە پانایی ٢٠٠ هەزار مەتر دووجا.

● دروست کردنی زێرابی ناوشار بەدرێژی ٥ هەزار مەتر.

● چاك کردن و ریکخستنی باخچەی گشتی.

● دروست کردنی «الاضویة المروریة».

بۆ ئەوەی بە کەمترین نرخ و زووترین کات ئەو کارانە بەرێوەبچێت ریگای «جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ» بەکار دەهێنین.

● لەبارەی پاك و خاوێنی ناوشارا؟

ـ تەنها شارەوانی بەرپرسیار نیە، لە ڕاستیدا شارەوانیش یەکێکە لەو دەزگایانی‌تر، پاك و خاوێنیش یەکێکە لە کاروبارەکانی، هەروەکو ووتراوە «چەپلە بە دەستێك لێنادرێت» دانیشتوانی شاریش ئەو ئەرکەیان لەسەر شانە، ڕازاندنەوە پێش کەوتن و جوانی شاری سلێمانی بۆ هەموانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەردەوام ئوتومبیلەکانی خۆڵ فڕێدان بە ناو شارو گشت گەرەکەکاندا دەگەڕێن، خاوەن ماڵیش پێویستە ئەو خۆڵ و خاشەی هەیانە، بیکەنە شوێنی تایبەت تا ئوتومبیلەکان دەگەڕێن، هەروەها دوکاندارەکانیش، ئەو ماڵانەی ئاژەلیان هەیە وەك گاو مانگاو بزن هتد، با بەرەڵایان نەکەنە سەر شەقام و باخچەکان. ئەرکی سەرشانی هەموان پاك و خاوێنیو پارێزگاری کردنی مانەوەی جوانی شارە «ئەگەر هەموو خاوەن ماڵ و شوێنێ بەردەم ئەو خانوو شوێنە ڕۆژانە پاك بکەنەوە، ئەوا شار بە پاك و خاوێنی دەمێنیتەوە».

● ئایا شارەوانی دەوری هەیە لە نرخی هاتووچۆ گولەستنەوە!!

ـ لە شارەوانیدا بەشێکی تایبەت هەیە ئەویش دەستەی گواستنەوە «هیئة النقل»، سنوری کار کردنی ئەم بەشە ڕێك و پێك کردنی ئەم بەشە ڕێك و پێك کردنی کار کردنی ئوتومبیلە لەسەر شەقامەکانی ناوشارو ریگاکانی دەرەوە، بۆ نرخی گواستنەوە نێوان شارەکان (مرکز)ی دانراوە، دەوروپشتی شاریش لیژنەی تایبەتی دای‌ناوە.. ئەنجومەنی شارەوانیش بریاری لەسەر داوە، هەر شوفێرێك سەرپێچی لەم کرێیانە بکات سزا دەدرێت.

● وەستانی عەرەبانەی دەستی لە شوێنە گشتیو گۆڕەپان و شەقامەکانی شاردا. چۆن چارەسەر دەکرێت؟

ـ ئەو عەرەبانە دەستیانە، کە بونەتە هۆی دوکانی زۆر، یان گرانی کرێ، ئێمە بۆ ئەم مەبەستە هووڵ دەدەین بە چارەسەر کردنیان بەهۆی چاك کردنی گۆڕەپانی گەورە بۆ شوێنی عەرەبانەکان لەم کارەدا بەردەوامین چارەسەری دەکەین.

● دەربارەی چاك کردنی کۆڵانەکانی ناوشار دەڵێن چی!

وەك باسمان کر د شارەوانیمان بەپێی توانا لە سنوری کارکردنی خویدا هەڵەسورێت، لەم دوایەدا هەموو کەسێك دەبینیت کە چۆن بەگورج و گۆڵی لەهەموو شوێنێکەوە کەوتوینتەکارکردن، بەتوانای زۆر باشە کە ئەو شەقامانە چاك بکرێتەوە، کە قیرەکەی تێك چوە. لەم کارەشماندا بەردەوامین.

● بۆ مەسەلەی لابردنی کەرەستەی سکرابی ئوتومبیل بە تایبەتی لە ناوچەی پیشەسازی «المنطقة الصناعیة» چیتان کردوە!

ـ لەو شوێنانەی کە سکرابی ئوتومبیل و کەرەستەی لەکارکەوتەی لێفڕێدراوە، بەتایبەت لە ناوچەی پیشەسازی شارەوانیمان بەیارمەتی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆدا هەڵدەستن بەلابردن و فڕێدانی ئەو شتانە بۆ دوری شار، ئەم کارەشمان هەر بەردەوامە، بەڵام هەمدیسان دەبێ گەلەیی لە خاوەنی ئەو سکراب و کەرەسانە بکەین کە بۆچی لە ناو شاردا فڕێی دەدەن، نایبەنە دوری شار، ئەو کاتە ئێمەش بەکاریکی ترەوە خەریك دەبین ئوتومبیلەکانمان بۆ کاری‌تر بەکار دێنین، شاریشمان پاك و خاوێن و جوان دەبێت.

ـ ئازاد ـ

ڕیگاگرتنی هاتوو چۆو ناشیرین کردنی ناوچەکە کە تایبدا دەوەستن، خوی لە خۆیدا سەرپێچی کردنە لە یاسا، کەچی سەرەڕای زۆر سزادان و شکاندنی عەرەبانە، هەر لەزیاد بووندایە، تەنات ئەگەر عەرەبانەکەشیان بشکێنی هەر دێتەوە، ئەمە بەهەرحاڵ هویەکانی دەگرێتەوە بۆ نەبوونی میری‌و سەرکردایەتی شۆرش بەسەرۆکایەتی سەرەکی فەرماندە هەڤاڵ تێکۆشەر کاك صدام حسین بۆی تەرخان کردوین،

هەروەها بەڕێز پارێزگاری سلێمانی یارمەتیەکی زۆری داوین، هەوڵ دەدەین هەموو شەقامەکانی ناو شار قیرتاو بکەین،

Institut kurde de Paris

## بۆ بەرگێنی بەرگەفتنی دەروکی هێزا صدام حسین

هەوار بابکر

ژ چاڤیت روژێ روژا گەلا
دەنگێ تەیە دەنگێ دلا
ژ داڤێ سوزێ سوزا خرا

نافێ تەیە بابێ شێرا
دەنگێ تەیە دانێ ژینێ
هەمی گاڤا ئەم یێ دچینێ

تە ئینافە ب شرینی
بوهارو گول ئەڤینی
ژ کاکلا خوناڤا
ژ مزگینیو سلاڤا
دەنگێ تەیە نافێ تەیە
وەلات و وارێ ئاڤا
دەست ناف دەستا بـ هەڤرا دبێژیت
سوزو باوەرو هێزیت

بۆ نافێ تە بو دەنگێ تە
وارین یارین ئێك ریزین
دەنگێ تەیە دەنگێ زەلال
سدودو سترانا دەلال
دەنگێ تەیە هەمی ژیان
خۆش سەربەستی هەمیمان

## خۆشەویستەکەم

پەخشانە شیعر: ـ ئازاد شوان

خۆشەویستەکەم...
لەزیندانی تاریك و ئەشکەنجەدا
لەژێر سێدارەی ترسێنەردا
هاتم بۆلات
گەردە لولێکی پڕ لە ئێش بووم
بۆرکانێکی گرۆداخ بووم
دڵێکی بریندارو
سنگێکی لەت لەت کراو

★ ★ ★

خۆشەویستەکەم..
لە تەنیایی و یێ کەسیم دا
هاتم بۆلات
جەستەیەکی بێ دەمار
بێ خوێن
سەریکی بێ چاوو
دەمێکی بێ لێو

★ ★ ★

خۆشەویستەکەم
لەشەوی تاریکی زستان دا
لەدۆل و لادێو سەر شاخەکان دا
هاتم بۆلات
دڵەکەنم بۆ بکەرەوە
دەست بکەمە ملی
ماچی بکەم.. تێر بیمژم
لە پاشان دا چیم لێدەکەن
تەخسیر نەکەن
بابم برن.. بابم کوژن
لەرێی عەشقی تۆدا
خۆشەمردن.. خۆشەکوشتن

★ ★ ★

خۆشەویستەکەم...
هاتم بۆلات
چاوە جوانەکانتم بۆ هەڵ بینە
مەلەوانی تێدا بکەم
بگەڕێم لە عەشقە بزربووە کەم
لە ڕۆژانی. منداڵیم
لە ساڵانی خۆشیوشادی
کەپێکەوە
گۆرانیان بۆ دڵداران دەگوت
بە یەك دەم.. بەیەك دەنگ
دەمان وت:
بەرێ ڕق و کینە
بژی دڵداریو خۆشەویستی

★ ★ ★

خۆشەویستەکەم...
لێم بگەڕێو ڕێگام لێمەگرە
باتێم نێر ماچی بکەم لێوی ئاڵت
بیمژم خاڵی سەر گۆنای کاڵت
تا بمەوە بیرم ڕۆژانی هەرزەکاریم
ڕۆژانی خۆشەویستی کۆن و تازەم
خۆشەویستی لەبیر نەکراو

★ ★ ★

خۆشەویستەکەم..
هەڵسە پێکەوە بڕۆین
دەست لەناو دەست
بەرەو ئاسۆی عاشقەکان
ڕێگای دڵداری قەت بەرنەدەین
تا بە ئامانجی خۆمان دەگەین.

## - من نە هێلە -

هوزانا سیپان باکوزی

لاوێ منو من نە هێلە
گەردەنا من بە فرو خینە
... کەڤرو کێلە
هێشتا جهێ رامو سانا
شوین دەڤێ تە
هشك نەبو یە
تەرە.. شلە.. من نە هێلە
لاوێ شرین بەس بدەمن
ـ ئاورێت دویر
کەوین برین،
ئەز کە فتیمە هزرەکا کویر
لەو ما دگریم..
هەر دبێژم شە یدامە..
ئەز ئە ڤیندارم
ژ پێخە مەتی
جوت چاڤێد تە
شە ڤێد درێژ
قەت نانڤم
هەتا بەر بەرکێ سە حارێ
لبەر سیو دیوارا چاڤ زلم
هەر دبێژم ئەڤیندارم
... ئە ڤین کرم
بە سە کورو. بە سە گرانیو بلندی
بە سە فرین.
نێ ئەز دورم
باوەربکە ئە ڤیندا رەك
ئەنتیکە مە... گەلەك چرم
من یادای سوز
چو جا دەستێ تە بەر نادەم
سە خمەراتی ئە نیا کەڤەر
دێ دلی دەم
.. بەر خە دەنگا
هەتا دکەڤم وەکی زینێ
دکەلا عشقا تەدا دمرم
هەتا دمرم...،

## عیراق وەلاتێ منە

دیاری بو ئەشکەرێمەیێ قەهرەمان «مقداد مردان دیرگژنیکی»

وەلاتێ من
عیراقا رەنگین
وارێ ئەز لێ خودانبیم
و مازنبیم
چما دێ هێلم

ئەڤرو دوژمن
ل سەر بژین
عیراقا من
جهێ شێرا
زێرە ڤانم

خر سنورا
ڤێرا.. ڤێرا
دێ توخوبی خرێ
کەم خوین
داگەل ب تەسەربەست
بژین..
دا زور دارێتە
وەلانو
ژ کەربا نەژین و
ڤەمرن،
عیراق، عیراق
ئاخا شرین

بلا بوتە شەهیدبین
دا زاروکێت مە
ب شکورین
بەری هزار سالا
مە مێزوو هەبێ
نێ چوجارا
مەژ بەر دوژمنا
نەدانایە
ئەم نارەڤین
نێ مەئاشتی
دڤێت و ئازادی خازبین
دێ سەرکەڤین
دێ سەر کەڤین

## «خورپەی ئێوارەیەکی درەنگ»

شیعری..
جەلال عازبانی
هەلەبجە/ ١٩٨٦

ئێوارە بوو...
ها ئێستاکە ئاسمانی ڕوون،
کراسی شەوگار لەبەر دەکا
ها ئێستاکە..
هێشووی حەزم...
لەبەر دادگای تۆی ئاواتما،
دەستە ووسان!
کرنووش دەبا.
«ئێوارە بوو...
دزە نیگای چاوی تینووم،
بووە ئاڵای خۆڵەمێشی..
چاووی ڕەشی تۆی داپۆشی».
کە ئەم بینی؟؟
چاوی شەرمت بۆ دائەخەی!
لێوی وشکت گازگیر دەکەیت..
بە جواناوی پەشیمانی تەڕی ئەکەی.

کە ئەم بینی!!
وەکو بڵێی..
هەرگیز نامەت نەنوسیوە،
سەرسام ئەبێ..
وەکو بڵێی

هەرگیز منت نەبینیوە.
«بەڵام گیانە..
هانام بە زوڵفی زەردت.
گریەم بە باڵای بەرزت.
هەتا هەم و..
تا ئەشمرم!
بە شیرینی عیشق و..
ڕووخسارە
هۆش و هەڵچوونم ڕائەگرم!
بۆ ڕۆژگاری..
سەوزو دیدارە.

ب هەلکەفتنا هەفتیا قادسیا صدام

## «وەلاتێ من»

وەلاتێ من
وەلاتێ شرین
عیراقا رەنگین
ژ بەسرا تاکو پێنجەوین
ئەم هەمی سەربازو جەنگاوەرین
دژی زوردارو بەکروکانین
ئەم جوتیارو ڕال و خویندەڤانین
وەلات و بوتە جان فیدائین
ئەم دێ دوژمنا هبرین
وەلات دێ خوینێ ژبوتە ریژین
وەلات تەبو دوژمنا قەد بەرنادین
دێ ل سەر سنورێت تە روینین
دێ تە ب خوینێ خەملینین
وەلاتێ من
وەتەن و وارێ من
وەلاتێ من
ئەم بوتە چەك هل گرین
ل سەر سنورێت تە راوستاین
سترین چاڤێ دوژمناین
وەلات ژ بوتە هەتا مرنێ فیداکارین

«دل برین»

## بهەلکەفتنا هەفتیا (قادسیا صدام)

مسعود صالح ئامێدی



عیراق ئەڤرو سەربازێت تە
خوینا خویێت ریژن بوتە
ژ پیلای دانان دیوارێ تە

★ ★ ★

سەربازم هەردەم گوری گەرن
شەرکەرن ئەو جەنگاوەرن
خومەینیا بدەست د گرن

★ ★ ★

کوردو عەرەب ئەڤرو برانە
وەکی کەوێ ل سەر چیانە
سینداوان سوزو پەیمانە

★ ★ ★

ئەی سەربازێ بناف و دەنگ
تو دەست پاڤێ دارێ تفەنگ
هەردەم بکە خەبات و چەنگ

★ ★ ★

سەربازیێت مەهەمی مێرن
ل مەیدانێ ئەو دلێرن
وەختێ شەری وەکی شێرن

★ ★ ★

سەروکێ مە ئالا عیراقێ بهەژینە
ل سەرێ ڤان چیاییت بلند بچکلینە
سینگی ل ڤان خومەینیا بهەرشینە

★ ★ ★

سەروکێ ڕیکا ئازادیێ
یێ زانینێو ئاڤا هیێ
دگەل تەینە هەتا هەتایێ

★ ★ ★

## «عیراق بەهاری بێ کۆتایە»

خوینی شەهیدان گوڵی ئاڵی یەخەمانە
فرمیسکی دایکان تیشکی ڕۆژی شەبەقمانە
ئەم عیراقە بەهاری بێکۆتایە، هەردەم
نەمانی دوژمن لەناو چنگی لاوانمانە
ناسراوین، کەسەر بەرزین لە دێرزەمانەوە
سەرکەوتوو هەر ئێمەین، سەرکەوتن ئاڵامانە
لاوی عیراقین چەکمان ئاراستەی دوژمنە
خۆ بەختکردن لەپێناو خاك، ڕێگامانە
بروا قایمین گشت لەسەر ماف و خاك بۆیە
هەلاتن و بەزین هەربەشی دوژمنا
ئێمە پۆلایینین، یەك دڵ وگیان و هێزین
«کوڵ نەدان» یەکەم خاڵی سەرەکی گەلمانە
ئەی پارێزەر، ئەی پەرستین تاکو لە ژیناین
یەك چنگە خوێنی ئەم خاکە خوینی دڵمانە
مەحالە چاوسوور بشکێنێ سنوور مەحالە
هاواری (بۆیشەوە) لەجەنگدا دەنگمانە
چاو، لەخەو نانین بۆ پاراستنی ئەم خاکە
سڵ ناکەین لەمردن، چونکە جێی بروامانە
خوینی شەهیدانیشمان بوو بە جوگەی بەهەشت
خۆ بەختکردن لەلای یەزدان، ووەلامانە
ئیتر دوژمن بەست بێ ئەموەرینە، چونکە:
بێسوودە، ئەمروکە دەستت لەیە خەمانە

ـ لقمان داماو ـ

Institut Kurde de Paris

# مەزن ترین میهرەجانا شعری ل دهوکێ

د چوار چوڤێ میهرەجانا نوهەدرا یا رەوشەنبیری ل دهوکێ ، ئەوا کو هاتیە پێك ئینان ل ناڤبەرا ٢٨ ـ ٣٠ /٩٨٦/٨ ب چاڤدێریا هاورێ (محمد حمزه الزبیدی) ئەندامێ قوماندا‌ریا هەرێماتی و نهێن گرێ تاڤەیا ژوری یا پارتا بەعسا عەرەبی یا هەڤپشکی. ل روژا دووێ ژ ڤێ میهرەجانێ ئێڤاریەکا مەزن و بەرفرەهـ هاتە سازکرن بۆ خوێندنا شیعری و دڤێ ئێڤارێ چوارده هۆزانڤانا پشکداری تێدا کرن ژ هەمی لایێد عیراقێ ژ وانا پێنج شاعرێد عەرەب هوزان خواندن ئەو ژی ئەڤە بوون: هوزانڤان (شهاب احمد الدلال) و (امجد محمد سعید) و (د. علي العلاق) و (یاسین طه حافظ) و (زاهر الجیزانی) ئو هوزانڤانێد سریان ژی پشکداری کرن ئەو ژی ئەڤە بوون: هوزانڤان (ابلحد افرام) و (متي فیلیس بازی) و (یونان الهوزی).

ئو شەش هوزانڤانێد کورد ب دەنگێد خو یێد ئازا هوزانێد موکوم خواندن، ل پێشێ هوزانڤان (رمضان عیسی) بوو، هوزانا وی ژی ل ژێر ناف و نیشانێد (شەهید) بوو، ل سەری د بێژیت:

**هزار شەڤێن پری تاری**
**گوری تیروژەکا دژوارا مەست بین**
**ئو هزار شەڤ ژوان شەڤێن پری تاری**
**گوری چاڤێ،**
**تاڤە هەیڤەك سەربەست بین**

پاشی هوزانڤان ساجد ئاوارە بوو ئەوی ژی ل پێشیا هوزانا خو (بەندی سەرشێت) گوت:

**سەرشێتی هات**
**بە دوونیا دا**
**بانگەوازی بەختیاری**
**بۆ ئەم خەلکە**

ئو هوزانڤانێ دیڤدا (نجیب صالح بالایی) بو، ئەوی ژی هوزانا خو ل ژێر ناف و نیشانێد (شورەشا ئەڤیندارا) پێش کێش کر و ل بەراهیێ گوت:

**سپێدە بوو..**
**تیروژکێد روژێ**
**کەزیێت شەڤێ**
**بدەستا دگرتن**

ئو شاعرێ مە یێ دی (محسن قوچان) بوو. شعرا وی ب ناڤێ (مروڤیت دوبکێلێ) بو ، ل بەندا ئێکێ ژێ دبێژیت:

**گەلەك جارا**
**هەکو گرێ خەریبیاتە**
**یێ بێ دویکێل...**

ئو پاشی وی دورا هوزانڤان (ناظم دلبەند) هات ئەوی ژی هوزان خو خواند و کرە دیاری بۆ هونەرمەندێ نەمر تاهر تەوفیقی ئو

رمضان عیسی
لەقی دهوك

ل دوماهیێ هوزانڤان (صدیق خالد هروری) هەلبەستا خو خواند ل بن ناڤێ (راگرتن) ئەوی ژی هوسا دەست پێ کر:

**ژ غەرشێ میری**
**یاسایەك هاتیە دانان**
**فەرمان پێ دان**
**داربەروت دا**

ل ڤێدەرێ سەیدایێ خوشتڤی ئەدیب و شاعر (صدیق شرو) ئێڤاریا مەیا شعری بدوماهی ئینا پشتی کو وی ژی بەر شاعرا را هەلبەستێن تەر و نازك ، ب عەرەبی و کوردی د خواندن.

# وەستانێکی کورت لەگەڵ حەسیب قەرەداغی شاعیردا

**محمد خدر مولود**

له نیو جیهانی شیعری ئیستامان دا، هەندێ شاعیر هەن بە شێوازی کۆن و سواو بیری تازەو ناوەرۆکی تازە دەخەنە رووو. هەندێکی تریش بە پێچەوانەن، بە شێوازی تازەدا هاتوو لە بیری کۆن و ناوەرۆکی بەکار هاتوو دەدوێن. شاعیری واشمان هەیە، دوای ئەوەی تازەکردنەوەو نوێکارییان هێنایە نیو جیهانەکە بێدەنگن و هیچیان دیار نیە، جا یا لە شاعیریەتی کەوتونەو هیچیان پێ نەماوە، یا شتێکی ئەوتویان لا نەماوە، تا بینە سوار چاکی مەیدانەکە.

له نیو ئەو تاقمەی دوایدا حەسیب قەرەداغی شاعیر جیا لەوان و بە پێی گۆران و پێشکەوتن و داهێنانی چەمکی شیعر، درێژەی بە تازەکردنەوەی شیعری کوردی دەداو داهێنان دوای داهێنان دێنێتە نیو جیهانە بە رسەوزەکەی شیعریمان.. ئەوەش گەشی پشکۆی داهێنانی شیعری حەسیب قەرەداغی دەنوێنێو بەخشەکەشی دوڵەمەند کردنی فەرمانەی شیعری کوردی ئیستایە.

لێرەدا لە ڕوانگەی کاك حەسیبەوە، بە کورتی لە چۆنیەتی مامەلەکردنی شاعیری ئیستا لەگەڵ بابەتی شیعرو چۆنیەنی نەعبیرکردن دەدوێم. دەربڕینی سەردەم، واتە دەربڕینی ئیستای دوا دواییەکانی سەدەی بیستەم، دەربڕینێکی ئاسان و ڕەوان و بێگرێو پرتکەو دوورە لە زەغرە فەکاری وشەو دەستەواژەیك کە گیانی شیعری تیا مومیا بکرێ.

بە واتایەکی تر شیعری ئیستا بلبولێکی مومیا کراو نیە تا تەنیا روخساری دەرەوەی جوانی چەهرەو بچمی بنوێنێ، بەڵکو بلبولێکی خۆشخوانی هەزار ئاوازە.

کاتێ شاعیرێك ئەمەی لەمێش و دەروونابێت لە پرۆسیسی شیعرا کە ڕووبەڕووی بیرێکی گەورەی ئاڵۆز دەبێتەوە دەتوانێ بە ئاسانیو ڕەوانی، بێگرێو پرتك و دوور لە تەمومژاوییەك کە لێلیو شێواوی بخاتە نیو دەربڕینەکەی، سەرکەوتوانە تەعبیر لە بیرە گەورە ئاڵۆزەکە بکات و بە شیعرێکی سەرکەوتوو تاسەو تینوێتی خوێنەریش دەشکێنێ.

سەبارەت بە چۆنیەتی مامەلەکردنی شاعیری ئیستاش لەگەڵ بابەتی شیعری ئیستاماندا، دەبێ شاعیر وێرای بەهرە داریەتیو دەست ڕەنگینی خۆی لە بواری داهێنانی شیعرا، پێویستە بە کەمترین و جوانترین و تازەترین و وشەو دەستەواژە بۆباتەکە بچێو بە چریو قوڵیش ماناو مەبەستەکە بخاتە نیو چوارچیوەی شیعر. هەڵبەتە لە نیو ئەو چوار چیوەیەدا شێوازی دارشتن و خەیاڵی شیعرو کەرستەکانی دەربڕینیش کە وشەو دەستەواژەو وێنەو کێش و ئاوازان، جوانکارییان بۆ دەکرێو بەرگی شیعریان لەبەر دەکرێ. بەرگێك وێرای ڕەسەنیەتی هی ئیستا یە و لەسەردەم دەوەشێتەوە.

ئەوانەی باسمان کرد بە ڕوونیو ئاشکرای بە شیعرەکانی کاك حەسیب قەرەداغیوە دیارەو پلەو پایەی شیعریان بۆ شاعیر دەست نیشان کردووەو زێتریش دڵخۆش و دڵشادین بەوەی کە کاك حەسیب قەرەداغی وێرای تەمەن و بەساڵاچوونیو لە نیو شاعیرە هاونەمەنکانی، لەوان هاوچاغخ و پەتواناترەو توانیویەتی درێژە بە داهێنان و بەهرە شیعرییەکەی خۆی بدات. درێژەپێدانێك لەگەڵ گیانی سەردەم گونجاوەو قەرەبەقەرەی گۆڕان و پێشکەوتنی ئیستایە.

نموونەش بۆ ئەوانەی باسم کردن شیعرەکانیەتی بە تایبەتیش ئەوانەی دوای دیوانی «فەرهەنگی خەم» بڵاویکردونەتەوە:

لەسێبەری خۆم بەشکم
پێ بە پێی من جێ ئەگۆڕێ
وتم.. ئەبێ بێترسینم
چوومە چەقی گڵۆپێکی سەر شەقامێ..
کەوتە ژێر پێم.
تۆپەڵێك بوو خۆیمان دابوو
کە تیشکێ هات، بەرەو رووی من ئاراستە بوو
رووم و وەرگێرا بەرەو دواوە
دووهێندەی خۆم راکشا بوو
ـ با، بێ کوژم..
وتیان نەکەی،
ئەبێ بچیتە سێبەرێ
هەرچی تروسکەت تیا هەیە
هەمووی بەرێ.

«نووسەری کورد ژ ٢ ـ ١٩٨٥»

وێرای ئەوانەی باسم لێوەکرد سەرکەوتنێکی تری شیعری کاك حەسیب لەوەدا دەبینم کە لە مامەلەکردنیدا لەگەڵ بابەتی شیعریو چۆنیەتی دەربڕینیدا بە جەرگ و بوێرەو سڵ نا کاتەوە.

بوێریو بە جەرگیش بۆ شاعیر سیفەتێکی داهێنانەو لای شاعیری داهێنەر دەبینرێ. ئەگەر شاعیر شاعیر نەیوێرا لەبەر هەر هۆیەکی کۆمەڵایەتی زەفەر بە بابەتێکی شیعری ببا، ئەوا ناتوانێ داهێنەرانە تەعبیر لە بابەتە شیعریەکە بکات. ئەوساش غەدر لە خۆیو لە شیعرەکەشی دەکات.

ئەوەیان کورتە وەستانێك بوو لەگەڵ داهێنان و درێژەپێدانی داهێنانی شیعری کاك حەسیب قەرەداغیو ئەم بەردەوامیو درێژە پێدانەشی مانای پیت و بەرەکەتی بەهرە شیعرییەکەیەتی، بۆیە پێویستە ڕەخنەگران باسی لێوە بکەن و داهێنان و بەخششە کەی بخەنە ڕوو.

# پەندو گۆمەڵەیەتی راستیو راست گۆیی

**نووسینی: سەرتەك جاف**

چەندە کۆمەڵی ئادەمیزاد لەم سەر زەمینەدا خاوەنی باوەری جیاجیا بێت خاوەنی ئایین و یاساو ڕەوشتی جیاجیابێت، هەموو لە سەر ئەوە یەکن کە ئادەمیزادی راست ئادەمیزادیکی پیرۆزە، وە راستگۆیی تاجێکی جوامێریو رێزو بەرزیە لە سەری راستگویانا.. چونکە راستگۆیی سەرچاوەی هەموو خوبەکی پەسەندە، سەری هەموو ووتەو کردارێکی پیرۆزە، راستگۆیان تەقلایەکی کەم نادەن؛ بۆ ئەوەی بتوانن لە رچەی خۆیان لانەدەن، بۆ ئەوەی یەك روو یەك باربن، خۆیان چاویان لە خۆیانە، نایانەوێ هیچ جوولەیەکو هیچ ووتەیەکیان هەبێت، ئەگەر راست نەبێت، نایانەوێ هیچ خەندەو درژ ییەکیان هەبێت ئەگەر راست نەبێت، جا بۆیە تابتوانن رێگای:

(یان قسە نەکردن یان راست گوتن) ئەگرن، زاڵن بەسەر ووتەو نهینی خۆیانا دورن لە زۆر بڵێیو دەم شرییەوە وەکو پێشینان ئەڵێن: «بێدەنگیو نهینی پۆشین نەك زۆر بڵێیو دەم شری» راستیو راستگویی ئەوەی ئەوە کە هەمیشە سودی گشتی ڕەچاو کرێ ئیتر با لە سەر حیسابی هیچ نەبێ چەردەیەك لە خۆبووردن و پەرژەوەندی تایبەتی بێت، ئەمەش دیارە شتێکی ئاسان نیە بەڵکو زۆر گرانە بە تایبەتی لای ئەوانەی کە بیرکردنەوەیان لە سنووری خۆیان تێپەڕناکات، ئەوانە نەك ناتوانن راستگۆبن بەڵکو ناتوانن ووتەی راستگوش ببیسن، لەروی ئەوانەدا وەکو پێشینان ئەڵێن «قسەی راست تاڵە» یان رەقە وەکو بەرد، وەکو پێشینان لە پەندیکی تردا ئەڵێن:

«قسەی راست بەردە، راست گۆبەو درۆ بەردە».. هەرچەندە قسەی راست تاڵ و رەق بێت نابێ لە باتیا پەنا بۆ درۆ ببرێ. کەسێك دەرفەتی راست ووتنی نەبوو، لە هەمان کاتا پەنای بۆ درونەبرد بەڵکو بێدەنگ بوو، ئەوکەسە توانیویەتی لە و کاتەدا راست بێت، هەرچەند نەیتوانیوە راستگۆبێت، بەم مانایە گەلێ جار هەڵوێستی ئادەمیزادی راست لەراستگۆ گرنگترە، چونکە ئەو ووتە راستەی کە ئەووترا ڕازو نهینیەکی گرنگ بوو، ئەوا تێوویستە نەووترێ، وەکو پیشینان لەم مەیدانەدا ووتویانە «زارت پڕ لە خوێن بێ لای کەس ڕوی مەکە»بە دەگمەن ئادەمیزادیك هەیە کە تۆ ڕازو نهینی راستی خۆتی لا باس بکەی، بەڵام پرۆژەی کارێکی داهاتوو کە دوربێت لە ڕازو نیهیەیەوە، ئەوە لای زۆر کەس ئەووتری وەکو پرس کردن پیشینان ئەڵێن «رازت لای یەکێك دانیو پرست لای هەزار» یەکێکیتر لە هەڵوێستەکانی ئادەمیزادی راستگو ئەوەیە کە خاوەن بەڵێنێکی راستە، بەڵێنی، فرمانێك نادا کە نەتوانی بیکا، کە بەڵێنی، دا کردویەتیو بەجێی هێناوە، پیرەمێردی نەمر لە پەندەکانیا ئەڵی:

مەرد لەواتەی خۆی ناگەررێتەوە
ئەو تفەی روی کرد نایلێسیتەوە

لە گەڵ ئەوەدا وەکو ووتمان کە راستیو راستگویی لای هەموو کەسێك پەسندە بەدەگمەن هەیە کەئەم رەووشتە جوانەی بە باسشی بیتە دی چونکە نەك هەرئازایی بەڵکو ژیرییەکی تەواویشی ئەوی ئیمەش نووسینەکەمان بەم ووتەی خوارەوەمان دوایی دێنین:

کەسێ کە مەردیو جوامێری تیابێ
کەسێکە کەوا تاپێی کرابێ
هەمیشە هەوڵی بۆ ئەوە دابێ
کە دەرو ناوی وەکو یەك وابێ
چەن خوشە إنسان هەبێ یانەیێ
خاوەن ووتارو کرداری خۆیێ

## سۆزی دڵ لەچەند چوارینێکدا

### بۆ ڕوڵەی لەچاوون بوم

# «دڵشاد»

**مصطفی نەریمان**

پایزەو کاتی گەڵارێزانە:
شنەیکزەبای وەرزی زستانە
هاوینی ساڵمان فرە گەرمابو:
هاوین بۆ هەژار دەردە دەرمانە
یەکی ئەیلولی ئەم خەزەل وەرە:
بۆ من قورستربو لەو سەفەر بەرە
بە پیری گری بەردا لە جەرگم:
ئاگرە سورەکەی ئەم هەراو شەپۆ
گوڵێ گەشم بو لەناو گوڵاندا:
لاوێکم هەبو لەریز لاواندا
هیوام پێ هەبو بێتە ناودارێك:
دەنگێ بداتۆ لە کوردستاندا
کوڕێکم هەبو بی‌وەی بەسزمان
هەڤاڵی مزگەوت حەدیث و قورئان
ئالودەی پەندی خاسی (پیرەمێرد):
لەگەڵ ئەشعاری (بێکەس) و (گۆران)
بیست و پێنج ڕۆژ بو تۆ لە (گردەگۆ):
سەرباز بوی نیوان ئەم کۆ بۆ ئەو کۆ
بیست وپێنج ساڵیش تەمەنی تۆبو:
ئاخۆ بۆ وازو ون بوی، بۆ.. بۆ.. بۆ
دایکت نەماوە بدا لەرانی!
فرمێسك بڕێژێ شەو تا بەیانی
ئەو سۆزە هەموی بۆ من مایەوە:
ئەبێ هەڵقرچێم تا خوا ئەیزانێ،
براکانت چون لە دەور ئەو کێوە:
هاواریان کردو گەران بە ڕێوە
بە، هەناسەی سارد وتیان باوە گیان:
هیچمان دەست نەکەوت لەو کێوە دێوە
ئێشی ناو جگەر یەجگار گرانە
ئەوی نەیبی لە لای ئاسانە
وەك قومی ئاوو پیالەیەك مەیە
یان چیرۆکێکی ناو داستانە
ئەگەر شەرخوازیش جگەر براو بێ
ڕۆڵەی شیرینی وەك من دۆراو بێ
ئەوسا مەگەر خودای شەرو شور:
لەناو بەشەردا ناوی سراوبێ
ئێستا تۆ دڵشاد ون بوی لەچاوم
وەك یەعقوب منیش مات و داماوم
ئەبێ سەبرکەم پشت بە خوا بەستم:
هیوا نەبرم هەتاکو ماوم

**بەخشان**

# (بێتاوانی)

**عثمان خواکەرەم: زرنگ**

ڕوویەکی ساوا، دڵێکی پاك، چاوی هێمن و پڕ لە ئارام، دەم و لێوی بەزەردەخەنەی ساکار.. نەجادووگەری، نەفڕو فێل.. وشەی سادەی دڵ فرێن.. ئەمانەن گیان دەبەخشن بەبێتاوان.

(ئەی بێتاوانی)، ئەی فریشتە، دەت پەرستم.. تۆ بەرزی، تۆ دڵ سۆزی.. بۆچی؟!.. چونکە سەرچاوەی کاری چاکەیت، کانگای مروڤایەتیت.. پێش ڕەوی پێشکەوتنیت.. ئالای شەکاوەی دادو ماف و سەربەستیت تۆ دەرمانی دەردەکانی پیاو خراپیت.

تۆ، ئەی نزرگەی چاکە خوازان هەرکەسێك بەسایەو سێبەرت شاد بێت ئەوە بەختیارە.. کامەرانە.. ئەوە خاوەنی دڵێکی دوور لە پیاوخراپی‌یە.. هەروەها ئەو کەسە هیوایەکی بێزیان، ئاواتێکی پڕ لە راستی، گیانێکی دوژمن بەدوروندەیی هەیە.

ئەی بێتاوان، ئەی پاکی.. لە هەر وڵاتێك دا بیت پێشکەوتو دەبێت، سەرکەوتو دەبێت، ڕۆڵەکانیشی خاوەنی بەهرەی پیاوچاکی‌و، ڕەوشتی جوان دەبن.

«دەسا خوایە گیان یارمەتیمان بدە ئیمەش بێتاوان و پاك ببین».

Institut Kurde de Paris

# گیروگرفتەکانی نووستن لای منداڵان

**فاضل بابا محمد**

هەروەك لای زۆربەمان ئاشکرایە کە منداڵان تووشی جۆرەها گیروگرفتی دەروونی دەبن لە ژیانی ڕۆژانەیان ـدا ، ئەوەشیان بێ‌گومان کارێکی زۆر دەکاتە سەر نەفسیەتی منداڵان‌و هەریەکە‌یان جۆرە گیروگرفتێك دەنێتەوە . بۆیە دیراسەت کردنی نەفسیەتی منداڵان‌و نزیك‌بوونەوە لە جیهانە تایبەتی‌یەکەیان لایەنێکی گرنگ‌و بایەخ پێدراو بووە لە لایەنی زانا نەفسی‌یەکانەوە ، بۆیە فرۆید گەیشتۆتە ئەو بیروڕایەی کە ووتوویەتی «منداڵی باوکی پیاوە». جا لەم ڕوانگەیەوە دەمانەوێ ڕەنگدانەوەی هەندێك لە بارە دەروونی‌یەکان لەسەر منداڵان ڕوون بکەینەوە کە لە کاتی نووستن‌دا دووچاری دەبن وەکو مۆتەکە ،ڕۆیشتن لە خەودا ، قسەکردن لە خەودا ، تۆقین لە خەودا ..

١ ـ «ڕۆیشتن لە خەوا» Somnambolism ڕێ‌کردن لە خەودا "Sleep Walking"

جۆرێکە لە جیابوونەوەی هۆش ، ئەمەش بەزۆری لەوانەدا دیاری دەدات کە زۆر جۆر لە کێشەی دەروونی ناوەکی‌یان هەیە . ئەم حاڵەتەش نزیکەی لە « ٦٪ »ی منداڵان دەگرێتەوە ،بەتایبەتی لەو کاتەی کە منداڵەکە تازە دەچێتە خەوەوە ،ئەم حاڵەتەش هەتادێ بەرەو کەم بوون دەچێ لەو کاتەی منداڵ هەڕاش دەبێ. ڕێ‌کردن لە خەودا ئەگەر جارێك یان دووجار دەربکەوێ لە ساڵێك‌دا ئەوە بە بارێکی ئاسایی دەژمێردرێ ، بەڵام کاتێ لەم سنوورەی تێپەڕکرد ئەوە بارێکی نائاسایی وەردەگرێ .

ئەوەی شیاوی باسە جمکی یەکە زایگۆت زیاتر تووشی ئەم حاڵەتە دەبن لە جمکی دووانە زایگۆت ئەوەش تا ڕادەیەك ڕۆلی بۆماوە دەست نیشان دەکات ... ئەمەش بەوە چارەسەر دەکرێت کە ڕێگا بە منداڵ بدرێ بەبێ ترس قسە بکات ، ئەگەر هاتوو هەر جۆرە گیرو گرفتێکی هەبوو ئەوە دەبێ دایك‌و باوکی بەهێمنی‌و لەسەرخۆ چاری بکەن .

٢ ـ قسەکردن لە خەودا Sleep talking

ئەمەش وەکو حاڵەتەکەی پێشوو وایە بەڵام لێرەدا منداڵ لە جیاتی ڕێ‌کردن ،لە خەودا قسە دەکات بەڵکو هەندێ جار هاواریشی لێ هەڵدەستێ ئەوەش دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی دەروونی ، کە منداڵ دووچاری دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەدا .

٣ ـ مۆتەکە "Nightmares"

مۆتەکە بەزۆری لە منداڵان دا ڕوودەدات . هەندێك جار لەوانەیە گەورانیش بگرێتەوە . لێرەدا منداڵ ناخۆش‌و ناڕێك‌و پێك دەبینێ منداڵەکە بەخەبەردێ ، ترس دایدەگرێ ، وا هەست دەکات دەست نزاوەتە بینە قاقای ، خەونەکەی بەباشی لە بیردەمێنێ‌و دەتوانێ بەسەرویەر سەرتاپای بگێڕێتەوە ... ئەم بارەش ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە گیرو گرفتانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانە ڕوویان داوە . یاخۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ترسناك و سەرگوزشتەی ئەفسانەیی ئەوتۆ کە پڕە لە دێوو درنج ، کاریان کردۆتە سەر منداڵەکە .

٤ ـ تۆقین لە خەودا "Night terror"

ئەمەیان تەنیا لە منداڵان‌دا دەردەکەوێ لێرەدا منداڵ لە گەرمەی خەودا تووشی هەڵچوون‌و ترسێکی زۆر دەبێ کە لەوانەیە بگاتە قۆناغی زراو چوون «زەندەق چوون». منداڵەکە دەڵەرزێ ، ئارەقە دەکات ، هێمن نابێتەوەو بە خەبەریش نایەت .

بۆ بەیانی‌یەکەی منداڵەکە خەونەکەی لە بیر دەچێ . ئەوەشیان هەر پەیوەستە بە گیروگرفتی دەروونی‌یەوە چارەکردنیش بریتی‌یە لە چارەکردنی ئەو هۆکارانەی کە منداڵ دووچاری ئەمە دەکەن . جا باسکردن‌و ڕوون‌کردنەوەی ئەم جۆرە گیروگرفتانە لەگەڵ دایك‌و باوکی پێویستە بۆ ڕێ‌نمایی کردنیان بەپێی پێویست .

**سەرچاوەکان**


(1) Paediatrics 2nd Printing. Printed in U.S.A. 1975.
(2) Psychiatry For students 5th edition 1978.
(3) Lecture notes onchild Psychiatry in college of medicine, Salah-ulddin university for 5th year students.


## گۆڕستانێکی بێ‌وێنەی شارنی سارماتیەکان..

له گۆڕستانی شارنی سارماتیە . . نوێنەری شوێنەوار شناسانی سۆڤێتی، سەربە زانکۆی «دونیتسك» . . له دەور و پشتی گوندی «تشوغون ـ کریبینك» له (دونباس) «کۆماری ئۆکرانیای سۆڤێتی» چەند جۆرە ملوانکە و شتی زێرین و نایابیان دوزیوەتەوە له سازکراوەکانی ئیغریق «اغریق» که دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی سەدەی یەکەم و دووهەمی پێشی زاینی . .

هەروا . . لەسەر زەویەکانی پارێزگای «دونیتسك» نیزیکەی «٤» هەزار تەپۆلکەی شوێنەواری هەیە که مێژووی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی «سقیفی ـ سارماتی» . . هۆزەکانی «سارماتی» که به دلێری ناسراون و به زبانی ئێرانی ئەدون له خوارووەکانی دەریای ڕەشەوە «البحر الاسود» گەیشتونەتەوە ئەو ناوچەیە له ماوەی سەدەی سێهەمی پێشی زاینی پاش دەرکردنی هۆزەکانی «اسقیف» لەو زەویانەدا که به هەردووکیان لەبەك ڕەسەندا دەگەنەوە یەك . .

گەشەسەندنی شارستانیەتی سارماتیەکان و سەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی سەدەی یەکەم و دووهەمی پاشی زاینی . .

هەتاکو ئەم ماویە . . وەك زانیارانی سۆڤیت دوپاتیان کردۆتەوە له پشکنینی ئەو بێ وێنەو و به نرخ و نایابانە له گۆڕی شارنی سارماتیە له «تشوغون ـ

بروانە ل ١١

## ملەخرێ MUMPS

● نجاة عەبدوڵلا ●

نەخۆشی‌یەکی درمی ڤایرۆسی‌یە، به هۆی ڤایرۆسی پارمیکسۆڤایرۆس paramixovms وڤایرۆسەکانی ئار. ئین. ئەی. R.N.A بڵاو دەبێتەوە، بەزۆری له وەرزی زستانان و سەرەتای بەهاران ولە ناو گروهی قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی‌و کرێکارانی کارگە‌و کارخانەکان و هەروا له ناو ئۆردووەکانیش بڵاو دەبێتەوە. هەر تەنها تووشی ئادەمیزاد دەبێ. تووشی لیکەگلاندەکان salivary gland دەبێ، بەتایبەتی گلاندی پارۆتید parotid که دەکەوێتە شەویلگەی خوارەوەو دەبێتە هۆی ئاوسان و هەڵئاوسانی گلاندەکە، به خێرایی بڵاو دەبێتەوەو تەواوی‌لەش دەگرێتەوە. له شوێنە قەرەباڵغەکان دا زۆرتر بڵاو دەبێتەوە به زۆری تووشی ئەو کەسانە دەبێ که تەمەنیان له نێوان (٥ ـ ١٥) ساڵی دایەو زۆر کەم تووشی ئەو منداڵانە دەبێ که له دوو ساڵان کەمترن.

به هۆی ئەو بەرگری‌یەکاتی‌یەی که له دایکیانەوە وەریان گرتووە ماوەی کرکەوتنی نەخۆشی‌یەکە Incnbation period ١٨ ـ ٢١ ڕۆژە. مەترسی‌یەکی وای نی‌یەو له نەخۆشی‌یە ڤایرۆسی‌یەکانی تر سووکترەو کەمتر ماکی نەخۆشی لێوە دیار دەدا!

● ڕێنمایی کردن:

١ ـ گۆشەگیرکردنی نەخۆش له ماڵەوەو ڕێگە پێنەدانی بۆ چوونە قوتابخانە ـ بەلای کەمی‌یەوە ـ بۆ ماوەی هەفتەیەك.

٢ ـ دەبێ منداڵەکە ناو نوێن بەجێ نەهێڵێ تا وەکو (تا)یەکەی دەرواو خۆ نەداتە بەر سەرماو بەتایبەتیش ئەگەر له دە ساڵی ڕەتی کردبێ، چونکە له پاش ئەم ساڵانەدا تووشبوون زۆرتر دەبێ.

٣ ـ ئاوسانی گلاندەکانی مل و ژان کردنیان، پێویستی به تووڕەگەی ئاوی گەرم یا تووڕەگەی سەهۆڵ هەیە تا وەکو نەخۆشەکە ئاسوودە بێ.

٤ ـ خۆراکی پەسند شلەو هێلکەی نیوە برژاوە.

٥ ـ دەبێ دەم ڕۆژانە چەند جارێك به (غەرغەرە) qarqle ی پزیشکی پاکژ بکرێتەوە. ئەمەیان نەخۆشەکە ئاسوودە دەکاو له بەڵای ماکەکانی نەخۆشی‌یەکەی دوور دەخاتەوە.

٦ ـ پێویستە نەهێڵدرێ منداڵانی تر تخوونی نەخۆشەکە بکەن و کەس جل و بەرگی نەخۆش بەکار نەهێنێ.

٧ ـ ئەوانەی که لەگەڵ نەخۆش هەڵس وکەوت دەکەن وا چاکە دەرزی گاماگلۆبین gammaglobin له خۆیان بدەن، که بۆ ماوەی سێ هەفتە کاری دەبێ.

٨ ـ له تەمەنی دوانزە مانگی‌یەوە، هەموو منداڵێك به ڤاکسینی M.M.R ئێم. ئێم. ئار. بکوترێ (M.M.R ئێم، ئێم. ئار بری‌تیە له ڤاکسینی سوورێژە، ملەخرێ، سوورێژەی ئەڵەمانی).

● نیشانەکانی: Symptoms

سەرەتا بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش، لەگەڵ لەش دا هێزانێکی گشتی، ڕشانەوە، یاخوود ئارەزووی پلابەوەکردن، سەرئێشە، کەم ئارەزووی خواردن، ئەم نیشانانە هەر ٢ ـ ٣ ڕۆژ بەردەوام دەبن و پاش ئەم ماویە له هیکرا ئاوسانێك له لیکەگلاندەکان پەیدا دەبێ، بەتایبەتی ئەو دوو لیکە گلاندەی‌کە هەر یەکەیان له بەشی سەرووی شەویلگەی خوارەوەن، ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر گوێچکۆڵە. ئاوسانی ئەم گلاندە (گلاندی پارۆتید) نیشانەی سەرەکی نەخۆشی ملەخرێیە. یەکێ له گلاندەکان دەئاوسێ ڕۆژی دوایش گلاندەکەی بەرامبەری دەئاوسێ یا وەکو هەردوو ئاوسانەکە له یەك کات دا ڕوو ئەدەن، شێوەی دەم و چاو له شێوەی شێردەچێ، بۆیە ناویان ناوە ڕووە شێر Lion Face ، پلەی گەرمایی لەش بۆ ٣٩ ـ ٤٠س بەرز دەبێتەوە، پشت ژان دەکا، نەخۆش ئارەقە دەکا، لەو کاتەی که گلاندەکان دەئاوسێن، له کاتی جولانەوەی شەویلگە

ـ ماویەکی ـ

له ناوی زانای ڕووەك زان ئەلکسەندەر گاردنەوە وەرگیراوە. ڕووەکێکی داری هەڵواسراوە شایانی ئەوەیە که خزمەتی چاکی لەبەر جوانی گوڵە سپی‌یە بەفرینەکانی، هەروەها بۆنە خۆشەکەی. . . ئەم گوڵە له زمانی گوڵدا نیشانەی (لووتکەی خۆشی‌یە).



# گاردینیا

## گردینیا، گردینیە

سەلاحەدین سالح مەجید

له ڕەگەزی: Gdardenia نزیکەی (٥٠) جۆری هەیە بەڵام له گرنگترین و بڵاوترین جۆرەکانی جۆری یاسەمینی‌یە Jasminoides

وولاتی ڕەسەنی: ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، به تایبەتی چین و فرمۆزاو یابان.

له عێراقدا: ئەم ڕووەکە نزیکەی (٤٠) ساڵێك دەبێت که ئارەزوومەندانی گوڵ هێناویانەتە عێراقەوەو به تایبەتی له ناوچەکانی خوارو ناوەڕاست بڵادبووەتەوە. . . . . خەڵکی ئەم گوڵەیان خوتش ویستووە لەبەر بۆنی خۆشی که هەر له بۆنی گوڵێ (ڕەزاقی) دەچێ. ئەمڕۆ کەم شتلگە هەیە له شتلگەکانی بەغدا که ئەم گوڵەی تێدا نەبێ (ئەمیندارێتی شارەوانی) لەم دوایی یەدا هەڵسا به هێنانی چەند جۆرێکی گاردینیا که قەبارەی گەڵاکانی بچووکەو قەبارەی گوڵەکانی گەورەیەو گوڵ زۆر دەگرێ.

وەسفی ڕووەکی: گاردینیا دارێکی جوانی هەمیشە سەوزە که بەرزی‌یەکەی دەگاتە مەترێ تاکو دوو مەتر بەڵام گەر له ئینجانەدا بنێڕێ بەرزی‌یەکەی ٣٠ ـ ٩٠ سم دەبێت.

گەڵاکانی ئەستوورو سەوزو بریقەدارن، شێوەیان تیری یا هێلکەیی‌یە، لێوارەکانی به تەواوی ڕاستن، گەڵاکانیش بەرانبەرن یا به کۆمەڵن.

گوڵەکانی له کۆتایی لقەکان دا پێك دێن زۆر بۆنیان خۆشە. . . . سپی بەفری‌یە یا له ڕەنگی کەرەی زەرد دەچێ. . . . قەبارەی گەورەیەو هەر له گوڵی(ڕەزاقی) دەچێ به شێوەو به بۆن بەڵام ئەم قەبارەی گەورەترە. . . تیرەی گوڵەکەی دەگاتە ١٠سم، گوڵەکانیش له کۆتایی بەهاردا دەرئەکەون.

دەوروبەری لەبار بۆ چاندنی: ڕووەکی گاردینیا هەست دارە، پێویستە زۆر به ووردی پێویستی‌یەکانی جێ‌بەجێ بکرێ. . . بێ‌گومان ئەمەش ئەوە ناگەیێنی که بەرگەی پشت گوێ خستن ناگرێ، بەڵام پێویستی به هەندێ ماندوو بوون هەیە بۆ سەرکەوتن له چاندنی، له ڕاستی‌دا ئەم گوڵە جوان و بۆن خۆشەو شایەنی ئەم ماندوو بوونەیە.

شوێنی لەبار: چاکترین شوێن سێبەرێکی سووکە که ئەم ڕووکە له بای ژەهراوی‌و بەستن بپارێزی.

تیشك: ئەم ڕووەکە به کەمەوە پێویستی به چوار کات ژمێر ڕووناکی هەیە له ڕۆژێکا، وە لەبەر ڕووناکی به جوانی گەشە دەکا بەڵام دەبێ تیشکی خۆری بەهێزو ڕاستەوخۆی لێ‌ی‌نەدا.

گەرما: بۆ ئەوەی ڕووەکێکی چاکمان دەسکەوێ پێویستە که پلەی گەرمی له ١٠س کەمتر نەبێتەوە، وە کاتی گوڵ گرتن دا پلەی گەرمی دەبێ له نیوانی ١٦ ـ ١٨س دا بێت له کاتی شەودا تاکو چرۆی گوڵ پێك بهێنی. بەڵام گەر کاتی گوڵ گرتنی نەبوو پێویستە له ٢٧س دابێت. وە به شێوەیەکی گشتی چاکترین پلەی گەرمی بۆ ئەم ڕووەکە له نیوانی ١٦ ـ ٢١س.

ئاودان: پێویستە به ڕێك و پێکی ئاو بدرێ تاکو پارێزگاری له شێ‌و خاکەکەی بکرێت، وەپێویستە له هاویندا ئاوپرژێن بکرێ‌و بشۆرێ، چاکتر وایە که پلەی گەرمی ئاوەکە له ٢٠س دا بێت. . هەروەها پێویستە به ئاوی زۆر ساردو ئاوی زۆر گەرم ئاو نەدرێ وە له زستاندا کەمتر ئاو بدرێ.

پەین: ئەم ڕووەکە به شێوەیەکی گشتی پیویستی به پەین کردن هەیە هەر له دوو هەفتەدا جارێ. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو پەینە کیماوی‌یە بەکار دەهێنرێ که به پەلە دەتوێنەوەو کاری ترشی دەکات.

خاك: چاکترین خاك بۆ گاردینیا تێکەڵاوی ڕووبارە واتا (زەیج) به ڕێژەی ٢ ـ ١ چاکترین وایە که خاکەکەی به پیت بێت و هەواکێش بێت وە چاکتروایە که ترش بێت به پلەی ٣,٥ ـ pH ٥,٥

قەڵەم کردن: چاکتروایە ئەم ڕووەکە له سەرەتایی بەهاردا قەڵەم بکرێ.

زۆر بوونی: ئەم ڕووەکە یە قەڵەم زیاد دەکات چاکتریش وایە که قەڵەمی لقە تازە پێگەیشتووەکانی وەربگیرێ ئەویش به درێژی ٥ ـ ٨سم چاکترین کات بۆ زۆربوونی ئەم ڕووەکە مانگی ئازارەو چاکترین پلەی گەرمی بۆ تەڵەمەکان ٢٣س. . . . هەروەها ئەتوانرێ به هۆی تووەوە زیادی پێ‌بکرێ که ئەمەش ئەمیندارێتی شارەوانی تاقی‌کردووەتەوە.

گیروگرفتەکانی چاندنی: گاردینیا یەکێکە له ڕووەکە گرنگانەی که له باخچەدا دەنێڕرێت هەروەها له ناو ئینجانەش دەنێڕرێت. . . گوڵی گاردینیا بۆ کردنەوە دەس ئەدات بەڵام پەروردەکردنی ئەم گوڵە ئاسان نی‌یەو پێویستی به ڕەخسانی دەووروبەری لەبار هەیە. . . چونکە ئەم ڕووەکە له خاکی ووشك و هەوای ووشك گەڵاکانی زەرد دەبێتەوەو کۆتایی گەڵاکە ووشك دەبێتەوە، وە گەر هاتوو ڕووداوی ناکار له پلەی گەرمی ڕووی‌دا له کاتی ماوەی گوڵ گرتن دا چرۆ گوڵەکانی دەوەرێت. . .

هەروەها گەر هاتوو خۆراکی پێویستی نەبوو لێواری گەڵاکانی دەگۆڕێتە ڕەنگی قاوەیی تۆخ هەروەها ئاودانی به ئاوی ساری‌دیش ئەبێتە هۆی زەرد بوونەوەی گەڵاکانی.

وە له کاتی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی‌و کەمی ڕووناکی‌و زۆربوونی شێ چرۆی گوڵەکانی دەوەرێت. . . هەر وەکو هەندێ له کەڕووەکان دەبنە هۆی پەڵە پەڵەیی گەڵاکانی. . .

لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا گەر هاتوو ئەم ڕووەکە به شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان پەروەردە بکرێ گوڵێکی جوان و زۆرو بۆن خۆش دەگرێت. لەو گوڵەی که له زمانی گوڵەکاندا به نیشانەی (لووتکەی خۆشی) ناسراوە.

سەرچاوە:

لەگۆڤاری ألف باء ژمارە ٨٦٧ ٨ ئایاری ١٩٨٥

نووسینی ئەندازیاری کشتوکاڵی محمد صالح عبد المجید

Institut Kurde de Paris

# هەڵاتن لە خۆشەویستی‌ی هەڵاتنە لە خەبات

**نووسینی: رەسول هەمزاتۆف**
**وەرگێڕانی: مستەفا سالح کەریم**

هەروەها لە بیرمە کە بانگ کرا بچێ بۆ دیدەنی ئەمەریکا، بەڵام داوای لێبوردنی کردو نەچوو بۆ سەفەرەکەی، کە لێیان پرسی بۆ پشت گوێی خست لە وەڵاما گوتی:

«ئەگەر قایل بوومایەو بچومایە بۆ ئەو سەفەرە، لە توانامدا نەدەبوو کتێبی [لەدوای دووریيەك دووریيە] تەواوبکەم.

ئەو شارەزاییە قووڵەی لە شیعری ئەو روپایی‌و شیعزی رۆژ هەڵاتیدا هەیەتی بوونە هۆی ئەوەی بەردەوام کاریکی تەواوم تێ‌بکات..

زۆری ئارەزوو لە پەخشان بوو، لەبەر ئەوە ئامۆژگاری ئەوەبوو «پێویستە لەسەر شاعیر زۆرتر پەخشان بخوێنێتەوە».

- ئایا لەسەر شاعیر پێویستە پەخشان بنووسێ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە گرنگی بەرهەمەکەدا دەردەکەوێ.

ویستم رووبکەمە پەخشان، ئەوەبوو دوو بەرگی (داغستانەکەم)* هاتە بەر، بەڵام بەرگی سێیەمم تا ئێستا تەواو نەکردووە.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم: ناتوانم چاو لەو پەخشانە رەنگینە بنووقێنم کە شاعیری هەڵکەوتوو [فوزنیسنسکی] دەینووسێ، ئەو شاعیرەی ماندووبوون نازانێ چیە، لە ناخی دڵەوە ڕێزو خۆشەویستیم بۆی هەیە.

لە توانامانداە هەیە دەربارەی پەخشانەکەی وتو وێژ بکەین چونکە خۆی ئەوەی دەوێ.

بۆچوونەکانی، وورەکاری‌ی تێروانینەکانی، سرنجی خۆی بەرانبەر هونەرمەندە بەناوبانگەکانی نێوەندی رونـاکبیری لە رووانگەی ژیانی تایبەتی خۆیەوە یەکجار بەکەڵکن کە بە چاو پیاخشاندنێ دەربارەی هونەر دەدوێ یا ناوە بەناوبانگەکانی جیهان بەسەر دەکاتەوە، ئەمانەش زۆر بەسوودن.

مەبەست لێرەدا ئەوە نیە کە نهێنی خودی تایبەتی خەڵکی ئاشکرا بکات، بەڵکو باسێکی کراوەیە دەربارەی تێگەیشتنی خۆی لەسەر ئەو شەخسیەتە گەورانەو داهێنانیان.

کە باسی پێوەندی‌ی خۆی لە تەکیاندا دەکات ئەوە لە خۆیدا مەبەستە سەرەکیەکەی نیە، چونکە ئەو بەو دووبارەکردنەوەیەی یاریدەی شتێ دەدات و بەهەندێ شتیش دەڵێ: نەء.

ئەو پەخشانەی دەینووسێ، پەخشانە لەسەر هونەر، بەڵام ناگاتە ئەو پەخشانە بلندە پەپرەو کراوەی (ئیستاتۆف)و (ئیستافیف) دەینووسن. ئەگەرچی ناچارین بڵێین ئەوەش کە (ئیبراموف) دەینووسێ.

پەخشانی [ئیبراموف] شتێکی ترە، هەرچەندە ئەوانە لە نێو خۆیاندا لە زۆرانبازی مل ملانێدانین.

وەك هەموو کارێکی ڕاستەقینە لە توانادا نیە پەخشانی [فوزنیسنسکی] بەخێرایی بخوێنرێتەوە، دەبێ دێر بەدوای دێرا، هێدی هێدی، لەسەرخۆ بخوێنرێتەوە.

من بەلای خۆمەوە هیچ شتێکی نیە بەجێم هێشتبێ‌و نەم خوێندبێتەوە، چونکە بۆ شاییەکم تێدا بەدی نەکردووە تا وازی لێبهێنم.

بەپێچەوانەوە، پەخشان زانیاریەکی فراوانی گەرەکە، ئامادەبوونێکی گەورەی دەوێ، تا ئێستاش تێ‌ناگەم چۆن هەندێ نووسەر هەر ساڵەی ڕۆمانێك بڵاو دەکەنەوە، یان هەر چەند ساڵەو چەند داستان و وتووێژ و نووسینی قەوارەداری سێ‌بەرگی بڵاو دەکەنەوە کە هەر زۆر بەخێرایی ناویان نامێنێ‌و لە بیر دەچنەوە.

فاریيف و تفار دۆفسکی ئامۆژگارییان کردم و پێیان گوتم: «پەلەمەکە»، «هەرچی بە نووکی قەڵەمەکەتدا هات بڵاوی مەکەرەوە».

لێرەدا دەمەوێ ئامۆژگاریەکانی ئەم دوو کەڵە ئەدیبە بەهەموان ڕابگەیەنم، بەتایبەتی بەو لاوانەی بەپەلە ڕۆمان بەدوای ڕۆمانا بڵاو دەکەنەوە.

ئەو جۆرە نووسینانە ئەگەر تینیش بدەیتە خۆت و تا کۆتایی هەمووی بخوێنیتەوە ئەمجا خێراتر بیرت دەچێتەوەو هیچیت لەیاد نامێنێ.

لەوەوبەر شیعر پەندو ووشەی نەستەق بوو، بە زمانی خەڵکیەوە زارەوزاری دەکرد، بەڵام ئێستا پەندی پێشینان و ووشەی دەست پیاهێنراو وەردەگرن و دەکەونە نووسینی قەسیدەی درێژ.

ڕۆژێکیان لەتەك هاورێم (کوزڵوفسکی)ی وەرگێڕدا چووینە دیدەنی‌ی [مارشاك]، ئیتر لەوەودوا پێم لێ نەئەبری.

[سموئیل یاکوفلوفیچ] ویستی گوێ لە ئاوازی زمانی ئافاری بگرێت، داوای لێکردم ئەفسانەیەکی ئافاری بۆ بگێڕمەوە، منیش ئەفسانەی [دنگیر - دنگاریچ]م بۆ گێڕایەوە کە قارەمانەکەی هێندەی تۆزقاڵێك ماتەمینی تێدا بەدی ناکرێ‌و ڕووخۆش و کەیف خۆشە، (مارشاك) زۆری بە دڵ بوو چەند جارێك ناوی قارەمانەکەی دووبارە دەکردەوە، [دنگیر - دنگاریچ] (دنگیر - دنگاریچ)، ئەوەندە لەسەر زاری خۆش بوو دەتگوت زرنگەی زەنگە، پێی گوتم:

لەو بروایەدام کە پێویستە ئەم جۆرە ئەفسانەیە بۆ منداڵان بنووسرێ، وە کە گۆڤارێك بۆ زاروکانی داغستان ڕەخسا ناوی بنرێت [دنگیر - دنگاریچ].

بۆ تاقیکردنەوەی تێگەیشتن و هاتنە دەستی منداڵانی چیانشین سێ مەشقیان بەرەو ڕوو دەکردنەوە، گووش برین بە تەورێکی کول، کێڵانی زەویەکی بەردەڵانی بنار، گێڕانەوەی سێ ئەفسانە.

[مارشاك] خۆی هەر چەند بەیەك دەگەیشتین داوای لێ ئەکردم حیکایەت و ئەفسانەی بۆ بگێڕمەوەو باسی (ئاوول)و باوکم و خۆمی بۆ بکەم.

ئەم تێکەلیەم لەتەك مارشاکدا زۆر شتی پێ‌بەخشیم، بۆ من لە زانکۆ زیاتر بوو، حەزم دەکرد کە دەچوە دیدەنی‌ی (تفاردۆفسکی، لە تەکیدا بوومایە، بەو هۆیەوە بۆومە شایەتی گەلێك لە گفتوگۆ خوشەکانیان و مشتو مڕە ئەدەبیەکانیان زۆر بەختیار بووم بەوەی کە لە نزیکەوە دۆستایەتی ئەم دوو مرۆڤەم بینی کە لە ڕەوشت و تەمەن و هەڵس وکەوتدا لێك جیاواز بوون، بەڵام زۆرانبازی مل ملانێدانین.

وەك هەموو کارێکی ڕاستەقینە لە توانادا نیە پەخشانی [فوزنیسنسکی] بەخێرایی بخوێنرێتەوە، دەبێ دێر بەدوای دێرا، هێدی هێدی، لەسەرخۆ بخوێنرێتەوە.

من بەلای خۆمەوە هیچ شتێکی نیە بەجێم هێشتبێ‌و نەم خوێندبێتەوە، چونکە بۆ شاییەکم تێدا بەدی نەکردووە تا وازی لێبهێنم.

بەپێچەوانەوە، پەخشان زانیاریەکی فراوانی گەرەکە، ئامادەبوونێکی گەورەی دەوێ، تا ئێستاش تێ‌ناگەم چۆن هەندێ نووسەر هەر ساڵەی ڕۆمانێك بڵاو دەکەنەوە، یان هەر چەند ساڵەو چەند داستان و وتووێژ و نووسینی قەوارەداری سێ‌بەرگی بڵاو دەکەنەوە کە هەر زۆر بەخێرایی ناویان نامێنێ‌و لە بیر دەچنەوە.

فاریيف و تفار دۆفسکی ئامۆژگارییان کردم و پێیان گوتم: «پەلەمەکە»، «هەرچی بە نووکی قەڵەمەکەتدا هات بڵاوی مەکەرەوە».

لێرەدا دەمەوێ ئامۆژگاریەکانی ئەم دوو کەڵە ئەدیبە بەهەموان ڕابگەیەنم، بەتایبەتی بەو لاوانەی بەپەلە ڕۆمان بەدوای ڕۆمانا بڵاو دەکەنەوە.

ئەو جۆرە نووسینانە ئەگەر تینیش بدەیتە خۆت و تا کۆتایی هەمووی بخوێنیتەوە ئەمجا خێراتر بیرت دەچێتەوەو هیچیت لەیاد نامێنێ.

لەوەوبەر شیعر پەندو ووشەی نەستەق بوو، بە زمانی خەڵکیەوە زارەوزاری دەکرد، بەڵام ئێستا پەندی پێشینان و ووشەی دەست پیاهێنراو وەردەگرن و دەکەونە نووسینی قەسیدەی درێژ.

ڕۆژێکیان لەتەك هاورێم (کوزڵوفسکی)ی وەرگێڕدا چووینە دیدەنی‌ی [مارشاك]، ئیتر لەوەودوا پێم لێ نەئەبری.

[سموئیل یاکوفلوفیچ] ویستی گوێ لە ئاوازی زمانی ئافاری بگرێت، داوای لێکردم ئەفسانەیەکی ئافاری بۆ بگێڕمەوە، منیش ئەفسانەی [دنگیر - دنگاریچ]م بۆ گێڕایەوە کە قارەمانەکەی هێندەی تۆزقاڵێك ماتەمینی تێدا بەدی ناکرێ‌و ڕووخۆش و کەیف خۆشە، (مارشاك) زۆری بە دڵ بوو چەند جارێك ناوی قارەمانەکەی دووبارە دەکردەوە، [دنگیر - دنگاریچ] (دنگیر - دنگاریچ)، ئەوەندە لەسەر زاری خۆش بوو دەتگوت زرنگەی زەنگە، پێی گوتم:

لەو بروایەدام کە پێویستە ئەم جۆرە ئەفسانەیە بۆ منداڵان بنووسرێ، وە کە گۆڤارێك بۆ زاروکانی داغستان ڕەخسا ناوی بنرێت [دنگیر - دنگاریچ].

بۆ تاقیکردنەوەی تێگەیشتن و هاتنە دەستی منداڵانی چیانشین سێ مەشقیان بەرەو ڕوو دەکردنەوە، گووش برین بە تەورێکی کول، کێڵانی زەویەکی بەردەڵانی بنار، گێڕانەوەی سێ ئەفسانە.

[مارشاك] خۆی هەر چەند بەیەك دەگەیشتین داوای لێ ئەکردم حیکایەت و ئەفسانەی بۆ بگێڕمەوەو باسی (ئاوول)و باوکم و خۆمی بۆ بکەم.

ئەم تێکەلیەم لەتەك مارشاکدا زۆر شتی پێ‌بەخشیم، بۆ من لە زانکۆ زیاتر بوو، حەزم دەکرد کە دەچوە دیدەنی‌ی (تفاردۆفسکی، لە تەکیدا بوومایە، بەو هۆیەوە بۆومە شایەتی گەلێك لە گفتوگۆ خوشەکانیان و مشتو مڕە ئەدەبیەکانیان زۆر بەختیار بووم بەوەی کە لە نزیکەوە دۆستایەتی ئەم دوو مرۆڤەم بینی کە لە ڕەوشت و تەمەن و هەڵس وکەوتدا لێك جیاواز بوون، بەڵام زۆری بە دڵ بوو چەند جارێك ناوی قارەمانەکەی دووبارە دەکردەوە، [دنگیر - دنگاریچ] (دنگیر - دنگاریچ)، ئەوەندە لەسەر زاری خۆش بوو دەتگوت زرنگەی زەنگە، پێی گوتم:

لەو بروایەدام کە پێویستە ئەم جۆرە ئەفسانەیە بۆ منداڵان بنووسرێ، وە کە گۆڤارێك بۆ زاروکانی داغستان ڕەخسا ناوی بنرێت [دنگیر - دنگاریچ].

بۆ تاقیکردنەوەی تێگەیشتن و هاتنە دەستی منداڵانی چیانشین سێ مەشقیان بەرەو ڕوو دەکردنەوە، گووش برین بە تەورێکی کول، کێڵانی زەویەکی بەردەڵانی بنار، گێڕانەوەی سێ ئەفسانە.

[مارشاك] خۆی هەر چەند بەیەك دەگەیشتین داوای لێ ئەکردم حیکایەت و ئەفسانەی بۆ بگێڕمەوەو باسی (ئاوول)و باوکم و خۆمی بۆ بکەم.

ئەم تێکەلیەم لەتەك مارشاکدا زۆر شتی پێ‌بەخشیم، بۆ من لە زانکۆ زیاتر بوو، حەزم دەکرد کە دەچوە دیدەنی‌ی (تفاردۆفسکی، لە تەکیدا بوومایە، بەو هۆیەوە بۆومە شایەتی گەلێك لە گفتوگۆ خوشەکانیان و مشتو مڕە ئەدەبیەکانیان زۆر بەختیار بووم بەوەی کە لە نزیکەوە دۆستایەتی ئەم دوو مرۆڤەم بینی کە لە ڕەوشت و تەمەن و هەڵس وکەوتدا لێك جیاواز بوون، بەڵام

شیعر بە یەکی گەیاندبوون، بەرانبەر بەڕاستی مەزنی شیعر هەموو شتە تایبەتیەکانیان خستبوە ئەو لاوە.

بەختیار بووم بەچاك ناسین و هاورێیەتی بێگەرد بەتایبەتی کە ئەو کەڵە پیاوانەم ناسی، لە ڕێگای چوکوفسکی‌و تیخونوف و سملیاکوف و سفیتلۆفەوە زۆر شتم زانی.

ژیانم، دواڕۆژم، کارە ئەدەبیەکانم بەبێ ئەوان هیچ مانایەکیان نەدەبوو.

لەپەیمانگای [ئاداب] هەمیشە لە مشتومڕەکانی انتوکولسکیدا ئامادە دەبووم.

ئای چ نیوەندێکی برایانەبوو!!

لە نیو هەموو کۆمارەکانی سۆڤیەتدا هاورێم هەیەو تا ئێستاش هەر هەمن، داخی گرانم ساڵانە مەرگ هەندێ کەسانی ئازیزم لێ دەفڕێنێ‌و بۆ ئێمەو بۆ ئەو بینمەوە.

ئیمڕۆ کە ئاورێك بۆ دواوە دەدەمەوە دەبینم زۆر لەوانەی کاریان تێکردبووم و کاریکی بەنرخیشیان کردبوە سەر بەرهەمە هونەرییە مرۆڤایەتیەکانم ئەم ڕۆژ ئەوانە کۆچیان کردووەو بەجێیان هێشتووم.

لەتوانامدا نیە دەست نیشانی ئەوە بکەم کە چەند ساڵ بەرهەمی ئەدەبیم بەکۆڵەوە گرتوە بەڵام دەتوانم بڵێم.

لە خێزانی شاعیردا لە دایك بووم و پێگەیشتووم، هەر لە زووەوە دەستم بە شیعر نووسین کرد، هێشتا تەمەنم نەگەیشتبوە بیست ساڵان کە یەکەم بەرهەمم

بە زمانی ئافاری بڵاوبووەوە، وە نەبێ ئەم هەوڵەم سەرەتا بووبێ، بەڵکو تەقەلای پێش ئەوەشم هەیە.

لەو باوەڕەدام ژیانی ئەدەبیم لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە خوێنەران بەرهەمەکانمیان بەتەواوی

خوێندەوە نەك بە پچڕپچڕی ناو گۆڤارو ڕۆژنامەکان کە خەڵکی بەدەم جگەرە کێشانەوە دەیان خوێندنەوە.

بۆ شیعرەکانی سەرەتام (ئیلهامم) لە مێژووەکانی

ڕۆژ ژمێرەوە وەرگرت بۆیە (نفیوشنکو) گوتی: «ئەمە شیعری ڕۆژ ژمێرە».

کاتێك چوومە پەیمانگای ئاداب وام زانی ئیتر ژیانی

ئەدەبیم دەستی پێکرد، لە تەك ئەوەشدا حاڵ وانەبوو،

کەوتمە ژێر کارتێکردنی هەمە جۆر شاعیرە

ڕووسە هەڵکەوتوەکان، تا وام لێ‌هات وەختە بوو بنەما

داغستانیەکەم بزر بکەم، گوندی (ئاوول)م بەجێ

هێشت و بۆ شاریش نەگەرامەوە.

لۆمەیان کردم و گوتیان: پێویستە لە (ئاوول)دا ناو

بانگ پەیدا بکەی ئەمجا لە مۆسکۆ.

کاتێك بوومە شاعیر کە لە ئاوول و لە مۆسکۆشدا شیعرەکانم دەخوێنرانەوە.

لە پەیمانگای ئاداب، هێشتا لە ساڵی یەکەمدا

بووین وامان زان دەکرد کە

ئیتر بووینەتە شاعیری گەورە.

لە ساڵی پێنجەمدا کەوتینە ئەوەی گومان لەو

ڕایەمان بکەین.

پێم وایە گومان بەشێکە لە خۆ بە گەورە زانین.

## وتەی - پاشماوە

هێزین و ئەوەندە توانامان هەیە چەندین شاری ئێران بەتەواوەتی خاپوور بکەین و لە ناوببەین و وەك بەڕێز سەرەکی فەرماندە لە نامە مێژوویەکەیدا دووپاتی کردەوە کە گەلانی ئێران و جیهانیش دەزانن ئێمە دەتوانین چەندین شاری ئێران بەتەواوەتی خاپوور بکەین ئەویش ئەوکاتە کە بەم شێوەیە بریاری وەلام دانەوە دەدەین و ئەگەر دوژمن ژمارەیەك موشەکی هەبێت کە ئەو کەسە پێشکەشی کردوون خیانەتی نەتەوەی خۆیی کردووە. پاش ئەوەی خیانەتی لە گەلە عەرەبەکەی خۆی کرد ئەوا ئێمە لەو چەشنانەمان زۆر هەیەو ئەوەندە فرۆکەشمان هەیە توانایان هەیە بگەنە دوورترین شوێنی ئێران وبێ گومان ڕژێمی ئێران بەر لە کەسانی تر بەڕاستگۆیی کاری عیراق و توندوتیژی‌ی دەست وەشاندنەکانی دەزانێت، ئەوا لەو ڕۆژە پەشیمان دەبنەوە کە تێیدا لە دایك بوون، هەروەها چۆن ئەمڕۆ هەستی تاڵی خۆیان سەبارەت بە شکستی‌ی مەزن دەردەبڕن بەرانبەر بە دەست و بازووی عیراقی‌یەکان ئەوا ئەم ڕۆیش بەهەموو بێ ئابڕوویی‌یەکەوە دەیانەوێت ئەو هەست کردنە تاڵەی خۆیان بشارنەوە بۆیە دەستیان لەو ناوچەیانە وەشاند کە تەنیا بۆ نیشتەجێ‌ی دانیشتووانن کە سەرەتایشی لە فراوان کردنەوەی ئەم دوایی‌یەیدا لە ڕۆژی ٢٧ی حوزەیرانی ڕابوردووەوە دەستی پێ کرد کاتێك ژمارەیەك موشەکیان بەیەکێك لە ناوچە نیشتەجێ‌یەکانی کەرکووکەوە نابەوەیش بوواریان بۆ جەنگی شارەکان سەرلەنوێ کردەوە، ئەم تاوانە نالەبارانەیش کە لە کۆتایی حوزەیرانەوە تا ئێستا بەردەوام بوون بەڵگەی ئەوەن کە ڕژێمی ئێران هیچی بەدەستەوە نەماوەو شکستی‌ی هێناوەو خۆی لە ئاستی بەرژەوەندی‌ی گەلانی ئێران گێل دەکات، پاش زنجیرەیەك شکستی‌ی توندوتیژ و، شتێکی شاراوە نییە کە ڕێرەوی بۆردمان کردنی شاروشوێنە نیشتەجێ‌یەکان ڕێرەوێکی دەست درێژی‌کەرانەی بێ ئاکارانەیە هەمیشە لەلایەن دەستەلات بەدەستەکانی ئێرانەوە کە هەردەم بەر لە چواری ئەیلوولی ١٩٨٠ لە سەری ڕۆیشتوون ودەڕۆن وکات ناکاتێکیش دووبارەی دەکەنەوە تا لە حوزەیرانی ١٩٨٤دا ناچار بوون لە سەر ئەو کاروبارە قایل بن کە سکرتێری گشتی‌ی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکی خست سەبارەت بە بۆردومان نەکردنی ناوچە نیشتەجێ‌یەکان.

وا دیارە ڕژێمی ئێران هەرکە لە بەرەکانی جەنگ بدۆڕێت و پاش ئەوەی نەخشەو خەونە زەردەکانی شکستی‌یان خواردپەنا دەباتە بەر دەست درێژی‌یە نالەبارەکەی بەبۆردومان کردنی شارە بێ‌وەیەکان ئەویش بەپێچەوانەی هەموو داب و نەریت و ڕەفتاری جەنگەوە، ئەوەبوو عیراق هەر لە سەرەتای جەنگەوە دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئاشتیخوازەو بەتەواوەتی لایەنگری ئەوەیە دەست لە ئەو شوێنانە نەوەشێنێت کە شاری‌یەکانیان تێدا دادەنیشن و، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ڕێرەوە نەگۆڕاوە عیراق هەڵوێستی ڕەسمی‌یانەی خۆی بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیاند، ئەویش لە وەلامی بریاری ژمارە (٥٨٢)ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ڕۆژی ٢٤ی شوباتی ١٩٨٦، کۆمەڵەی نێودەوڵەتیش هەمووی دەزانیت کە عیراق هەردەم و بەردەوام لایەنی بیروباوەڕەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەرنادات وکوت و پڕوخێرا بریاری ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتانی قبووڵ کرد کە لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا دەرچوو، کە یەکەمین بریاری ئەنجوومەن بوو لەم بارەیەوە، لە وکاتەوەیش ئاکوو نیستاو سەرەڕای دەست پێشکەری ئاشتیخوازی‌یەکانی عیراق کە دوایەمیان ئەو پێنج خاڵەی ئاشتی‌یانە بوو کە بەڕێز سەرەکی فەرمانده خستنیە پێش چاوی کاربەدەستانی ئێران، جگە ئەوەی چەندین جاریش یەك لایی تەفەی ڕاگرتووەو، ئەویش لە وەلامی بانگ ڕاهێشتنەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی جەنگ، کەچی سوورببوون و ڕێرەوی کاربەدەستانی ئێران هۆی سەرەکی‌ی بەردەوام بوونی جەنگ بوو تائێستا، هەروەك سەرەکی فەرمانده ووتی سەرکەوتنی کۆتایی و دیار هەرهی‌ی ئێمەیەو شکستی و نەفرەتیش بۆ دوژمنەکانمان دەبێت وکاربەدەستانی ئێران توانای ئەوەیان نییە بەرەنگاری تووڕەبوونێکی گەلەکەمان و هێزە چەکدارەکانمان ببنەوەو وەلامی فراوان کردنەوەی جەنگیشیان لە کات و هەلی پێویست دا دەدەینەوە بە چەشنێك بەرژەوەندی‌ی عیراقی مەزن دابین بکات.

## «دوو بەرەکی یاری دەگاتە تورکیا»

لە شەرێکدا لە تێوان — بلاوی کردەوە کە هاندەرەکانی
هاندەرەکانی دوو تیپ دا لە — تیپی یانەی «ئەسکی شەهر»
شاری «ئەسکی شەهر» بیست و — لەگەڵ هاندەرەکانی تیپی
پینج کەس بریندار بوون، — ئەستەمبوڵ «فەنەر بەفچە»دا لە
یەکێکیان مەعاونی پۆلیسە، — دەرەوەی گورەپانەکە بووبە شەرە
دەنگوباسی ئاژانسی تورکی — بەردیان و پۆلیس ناوبژی‌کردن،

## دەنگ قەدانکا - پاشماوە

ئەندامێ چفاتا قوماندار یا شورەشێ گوتی:

وەفدێ عیراقێ بەحسێ وان بزافێت عیراقێ کرن ژبۆ ئاشتی‌یێ و ئەو کاغەزا سەرۆکێ قوماندار «صدام حسین» هنارتی بۆ حاکمێت ئیرانێ و ئەو پێنج خالێت هاتینە دیارکرن و دانان کە باشترین ریکە بۆ پێك هاتنێ و دوماهی ئینانا شەری دگەل هندێ مە دیارکر کو هێزا عیراقێ ڕۆژ بۆ ڕۆژێ توندترو بهێزتر یا لێ دهێت و عیراق یا بەرگرێ دکەتن ژمافێت خو وشورەشا خو وملەتێ خو وبزوری دێ ئاشتی‌یێ دەبینیت مادەم کو ڕژێما ئیرانێ یا موجودە لسەر ڕکا ستەمکاری‌یا خوو شەری. بێ‌خەوش بۆ ئەو کارێت ئاشتی‌یێ یت عیراق پێ ڕابوی.. و سەیدا

## سۆڤیەتی - پاشماوە

هەزارەها کەسی دەربەدەرکردەو ناچاری‌کردون لە دۆزەخی هەڵ بێن و ڕوبکەنە وڵاتانی‌ترو لە کوێرەوەری‌و زۆلم و ستەمگەری ڕزگاریان بێت مەلاکانی ئێران وایان دەزانی کەوا بە ئاسانی دەتوانن ئیمپراتوریتی ئیسلامی دروست بکەن و عیراق بدەنە پاڵی ئەو ئیمپراتوریەتەی لە خەیاڵیان دروست کراوە نەیان زانی عیراق سەربەخۆیە - عیراق سەرکردەی (صدام حسین)ە، عیراق شۆڕشی (١٧ - ٣٠)ی تەموز بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست تێ‌دا بەرپابوو...

## گۆڕستانێکی - پاشماوە

کریبینك» دوزراونەتەوە..

ئەم گۆڕستانە بەخۆی بێ وێنەیە.. چونکە ئەو تەپۆڵکە شوێنەوارەکانی سارماتیانە تاڵان کران لە سەردەمەکانی مێژوودا، بەڵام لەکانی پشکنین لەو تەپۆڵکە شوێنەوار شناسان ئەو شوێنەیانە دۆزیەوە کە دزەکان پێیدا ڕۆیشتبونە ژوورەوە بە شێوەیەك دزەکان هیچ شتێکیان جێ نەهێشتبو لە جێماوەکانی شای سامارتیەکان لە گۆڕستانەکەدا.. بەڵام لە خواروی تەپۆڵکەکەوە لەوێدا گۆڕستانێکی تر هەبو کە دزەکان بە ڕێکەوتی ڕێگایان بەسەردا نەبردوە، لە کەلینی «کونی»یەکێ لە دیوارەکانی چاڵی گۆڕەکە رزاوی لاشەی شاژنە جوانەکەی سارماتیە دۆزرایەوە، ئەو کەل و پەلە ئافرەتیانە کە لە دوای زێرین شیوە چنرابوون و جگە لە ژمارەیێکی زۆر لە ملوانکە و شتومەکەی زێرین، وای بە شوێنەوار شناسان پیشان دا وەك بڵێی گۆرستانی شاژنی سارماتیەکان دۆزیەوە، هەرواش وەك لە نەریتی کۆندا هەبووە کوژراوە بۆئەوەی لەگەڵ میردەکەیدا کە مردوە بنێژدرێ.. هەروا دۆزینەوەی مەنجەڵێکی برەنجەی‌ی «برونزی»و مۆرێك «تەمخە» کە دەست نیشانی ڕەوی پاشایتی دەکات..

مێژوو نووسەکانی ئەغریقی «اغریق» لە باسەکانیاندا دەربارەی ڕێ‌ڕەوێ ژیانی سارماتیەکان، ئەڵێن و ووتویانە.. ئافرەتانی ئەم گەلە کۆچەرییە جەنگاوەر بوون و شان بە شانی پیاوەکانیان دژی دوژمن جەنگاون، هەروەکو لەر ئەفسانە کۆنەکاندا هاتووە کە باسی چەند ئافرەتی جەنگاوەر دەکات کە دەنگ و سەدای ئەوە ئەنوێنی کە چەتە هێرش هێنەرەکان تووشی ئافرەتە سارماتیە جەنگاوەرەکان بوون، بەڵام هەرچی بێت... دلاوەری و دلێری‌و چاونەترساوی ئافرەتی سارماتی.. ئافرەتی سارماتی‌ی دوور نەخستۆنەوە لە خۆنواندن لە ڕووی چوانی و خۆ ئارایشت دان و کەل و پەلی جوان پۆشین..

هەرواش لەم تۆپڵکەیەدا ژمارەیێکی زۆر لە شتومەکی زێرین دۆزرانەوە کە ماوەی دوو هەزارساڵە لەژێر خاك و گڵی ئەم تۆپڵکەیەدا ماوەتەوە، ئەم شتانە ئەو ئەفسانەیەمان بۆ دەردەخا لە ئەفسانەی «ارتمیدا و اکتیون» کە لە ڕۆژێکی گەرماو و گۆڵ دا «ارتمیدا»ی - خوا - چووە ئەشکەوتەکەیەوە بۆ پشوودان و گورینی جلەکانی.. بەڵام «اکتیون) - ی - لاو بەدزیەوە سەیری خوای ڕووتی کرد. کە لە ئەنجاما لێی تووڕە بوو و کردبە ئاسگێك..

لێرەدا هونەرمەندی ئەغریقی «اغریقی» توانی تووڕەی‌ی خوارو اکتیونی بەسەرزمان بکاتە وێنەیەك کە بووتە ئاسکێك: •

هەرواش ئەو چەند شتە کەلەپوریانە کە دۆزراونەتەوە دەست نیشانی ئەوەش دەکەن کە ئافرەتی سارماتیەکان لە هەمان کاتیشدا وەك بۆ دەرکەوتووە کە ئایینیش بوون لە بەرستگاکاندا... لێرەدا خاتو «مورجینکو» سەرەکی بەشی شوێنەواری لە زانکۆی «دونیتسك» ئەڵێ.. لە دراسەت و لێکۆڵینەوەی کۆرستانی سارماتیەکان بەرزترین گرنگی هەیە لە یەکەم کاتی ساڵانی دەست پێکردنی پشکنینی لە «دونیتسك» کە شتی نوێمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە ژیان و نەریت و پەیوەندایتی لە نێوان هۆزەکانی «سارماتیە» لە ماوەی سەدەکانی یەگەم و دووهەمی پاشی زایینی.. ئەوەی شایانی باسە.. کە نرخ و سایشنی ئەو شوێنەوارانە لەرووی ڕۆشنبیری و مێژووەوە لە پاشە ڕۆژدا جێگای خۆی دەگرێ لە موزەخانەکاندا..

هاوکاری لەئینکلیزیەوە وەرگیراوە

# یارییەکانی کاسی جیهانی ساڵی ١٩٨٦

■ ستار عبدالله بەرزنجی ■

یاریەکانی کاسی جیهان تەواو بو بە سەرکەوتنی تیپی تۆپی پێی ئەرجەنتین‌و تا چوار ساڵی تر هەموو وولاتان نەخشەدا دەنێن تاکو چارێکی تر یاری بکەن.

جا با بزانین سوودی ئەو یاریانە تا چ ڕادەیەك سوود بەخشن.

ئەو زۆران بازییەی نێوان فیلەتەنەکانی قوتابخانەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا کامیان بەسەرکەوتو تر دادەنرێن ئەڵمانیای سەر بە ئەوروپا یا ئەرجەنتینی سەربە ئەمەریکا بۆ ئەوەی یادی کاسی ساڵی ٨٢ بکرێت کە ئیتاڵیای سەر بە قوتابخانەی ئەوروپاکە ئەڵمان جێ‌نشینێتی لەم خولەدا، لە ڕاستی‌دا هەردوو تیپەکە دوای هەوڵدانێکی گرنگ توانیان بگەنە قوناغی کۆتایی هەر چەندیك یاری‌زانی هەڵکەوتو مارەدۆنا وەك ئەفسانەیەکی تۆپی پێ کلیلی سەرکەوتنی ئەرجەنتینی بو لەم خولەدا - دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەو قوتابخانەی کە بێلیە تیا دەرچووە تا ئێستا هەر یاری‌زانی تیا هەڵدەکەوێت‌و بەردەوامە، ئایە ئەو ییلانو ڕاهێنان‌و نەخشانەی کە فێرزانە بە ناوبانگەکانی جیهان پێی هەڵسان تا چ ڕادەیەك سوود بەخش بوون؟

کێ لەو باوەڕەدا بو کە فێرزانی بەلچیك «گای سایس» تیپی بەلچیك بگەیەنێتە ئەم پلەیەو بە چوارەمی جیهان دەرچێت. تیپی ڕوسیا دەرکاتە دەرەوە - هەموو نەخشەکانی فێرزانی ڕوسیا «فالێری لوبانو فکسی» بگۆڕێت‌و کە بەڕای زۆربەی زانایانی تۆپ کە ڕوسیا لەو تیپە بە هێزانە دەژمێردرا کە بمێنێتەوە بۆ دوا یاری.

ئەی «تێلی سانتانا» فێرزانی بەرازیل چی بکات لە یاریەکەی بەرازیل‌و فەرەنسا کە (زیکۆ) لە یاری‌زانە بە ناوبانگەکانی جیهان دەژمێردێت نەتوانێ لە لێدانی پەنەلتی‌یەو گۆڵ بکات - ئەگەر ئەو گۆڵەی تۆمار بکردایە کێشو تەرازووی ئەنجامی کاسی جیهان دەگۆڕا، یان سوقرات هەمان پلەی هەیە ئەویش نەتوانی گۆڵ بە پەنەلتی تۆمار بکات.

یان «بوبی ڕوبسون» فێرزانی ئینگلیز چی بکات لە یاری نێوان تیپەکەی ئەرجەنتین‌دا کە یاری زانی بەرگری بە ناوبانگی وەك «ڕی‌ویلکنزی» دانا بو تەنها لەگەڵ مارەدۆنەدا بێت‌و بستێك لێ دوور نەکەوێتەوە. کەچی مارەدۆنەی بلیمەت تەنها خۆی دوو گۆڵ تۆمار بکات‌و یەکەم گۆڵێ تا ئێستا لە هەموو جیهان دەگوترێتەوە کە گوایە بە دەست گۆڵێ تۆمار کردو ناو بژیوانی تونسی عەلی بنی ناسر نەی‌دێت‌و مشت‌ومڕ لە سەریەتی یان گۆڵی دووهەم لە ناوەڕاستی گۆرەپانەو وەك بریسکە لەو هەموو یاری زانانە تۆپ دەرکات‌و هەموویان بە دوای ئەو بلیمەتەدا غار بدەن‌و نەگەن تەنها گولچیش هەڵخەڵەتینی‌و گۆلێکی مێژووی تۆمار بکات - هەنگاوێك بنێت بەرەو کۆشکی شاهانەی تۆپی پێی کە چەند ساڵ دوای شاهایەتی بێلە، ئەو جێگایە ئامادە کراوە بۆشایەکی تۆپی پێی تازە تاکو جیهانی وەرزش بریاری لەسەر بدات بۆ ئەم لاوە بلیمەتە ٢٥ ساڵە کە بێتە شای تۆپ لە جیهاندا ئەوەش ئەم مارەدۆنەیە بێت.

یان فێرزانی - مەغریب - «خۆزی فارێیە» کە لە خەباڵی خۆیدا زۆر شتی ئامادە کردبو بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت لەگەڵ ئەڵەمانیادا بەڵام تەنها ٢ دەقیقە مابو تا کوتایی بە یاریەکە بێت بە گۆلێك بدۆڕێت.

جا کێ لەو باوەڕەدا بو تیپی فەرەنسا بدۆڕێت‌و نەگاتە دوا یاری کاسی جیهان‌و فێرزانی هەڵبژیراوی فەرەنسای بە ناوبانگ «هەنری میشێل» کە تیپی بەرازیلی دوور خستەوەو باشترین یاری‌زانانی ناوڕاستی هەبوو. بلیمەتی وەك پلاتینی بۆی یاری دەکرد کە هەموو ڕەوشتی هونەری یاری‌زانی تۆپی تێدایە - کەچی نەیتوانی گۆڵ تۆمار بکات لە لێدانی بەنەلتی‌دا.

جا با تیپی عیراق بزانین چی کرد؟ - تیپی عیراق ڕاستە بۆ یەکەم جار گەیشتە کاسی جیهان - لەگەڵ بارگەوای‌و بەلچیك‌و مەکسیك یاری کرد - تەنها لەگەڵ بەلچیك یەك گۆڵی تۆمار کرد، ٢ - ١ دۆڕاو بەڵام تیپی بەلچیك تیپێکی لاواز نەبو تیپی ڕوسیا دوورخستەوە - و عیراق بە ١٠ یاری‌زان لەگەڵیدا یاری کرد. و عیراق هەنگاوێکی نا بەرەو پێشەوە.

چەند سوود بەخشە ئەو هەستە پیروزانەی کە یاری زانەکان دەیان نواند دوای هەموو یاریەك - چی دەس لە ناو دەس‌نانی یەکترو کراس گۆرینەوەو ماچ‌کردنی‌یەك کە ئەو تیپە بەرز بەرزانەو ئەو یاری زانە بلیمەتانە دەیان‌کرد - پێویستە هەموو سەیری ڕەوشتی ئەوان بکەین.

یان گێوڕایەڵ‌کردنی بۆ فەرمانەکانی ناوبژیوان‌و بەر پیچنە دانەوەی فەرمانەکانی، وانەیەکی گەلی گرنگە دەبێت سوودی لێ‌وەرگرین - هەموو مارەدۆنەمان بینی چۆن سەری وانەواند بۆ فەرمان‌و بریارەکانی ناو بژیوان هەموو یاری‌زانەکانمان دەبینی کە گولیان لەسەر تۆمار دەکراو دەیانزانی وزەیە (ئوف ساید)ە کەچی گۆیان نەدەداو یاری خۆیان دەکرد.

دەبێت یاری‌زانی ئێمە ئەوە بزانێت - وەرزش‌و برایەتی‌و دوستایەتیە، تیپێك هەر دە دوڕی لە پێشەوە خۆی ئامادە بکات کە دووڕا لەو پەری هێمنی‌و لەسەرخۆی بێت ڕەوشتی تێك نەچێت‌و نەچێت بەگژ ناوبژیوان‌و یاری‌زانی تیپی بەرامبەر. یاری‌زان هەر چەند زانا بێت توپ هەڵەی لێ قەبول ناکات‌و مافی هەڵەکەی دەداتەوە - وەك «زیکۆ - پلاتینی - سووقرات» دایانەوە هەروەها ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە تا ئێستا هەر چەندێك تیپەکان هێزی ناوەڕاست‌و بەرگری بەهێزتر بکەن‌و تیپ بە کۆمەڵ یاری بکات بە جۆرەی نەخشە بەڵام لە هەمان کاتدا توانای تەنهاو جولانەوەی یاری زانێکی هەڵکەوتو هەموو ئەو ژمارانە هەڵدەوەشێنێتەوە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە قوتابخانەی توپی بەرازیل‌و ئەرجەنتین. هەر لە پێشەوەیە ڕۆڵەی وەك «بێلیە و مارەدۆنە» سەر دەفتەری کاروانی نەخشەکان دەگۆزن. وەك مارەدۆنە تەنها خۆی بۆ هۆی بردنەوەی کاسی جیهان لە ساڵی ١٩٨٦ و بە شای تۆپ دابنرێت کە بە دەست‌و بازوی‌و ڕەنجی کۆڵ نەدەرانەی تیپەکەی گەیاندە سەرووی هەموو تیپەکانی جیهان.

## - بۆ ڕاگەیاندن -

دەزگای گشتی ئاوی ژێر زەمین چەند ئۆتۆمۆبێل و کەل وپەلی سپێری جۆربەجۆرو کەل وپەلی بەکارهێنراو بە مەزاد لە لقەکانی پارێزگاکان دا دەفرۆشێ، ئەوانەی ئارەزووی کرینیان هەیە لەو کات و شوێنە دیاریکراوانەی خوارەوەدا سەعات دەی سەر لە بەیانی ئامادەبن و تەئمینات بە ڕێژەی لە ٢٠٪ لەگەڵ خۆیان دا بهێنن:

کریار هەموو ڕەسم و خەرجیەکی دەکەوێتە سەرو ڕۆژی ١٥/ پانزە دنیاریشی لێ دەسێنرێ ئەگەر کەل وپەلە کڕدراوەکەی لە ماوەی حەفتەیەك دا لە ڕۆژی کرینیەوە لا نەبرد.

**یەکەم:** لقی ئاوی ژێرزەمین لە پارێزگای تەئمیم

ڕۆژی مەزادکردن ٢٤و ١٩٨٦/٩/٢٥

١ - کەل وپەلی سپێری هەمەجۆری مەکینەی لستر، بەتر، رستین، فریان لەگەڵ ترومپای جاکوزی.

٢ - ئۆتۆمۆبیلی هەمەجۆر مۆدێل ١٩٧٤ - ١٩٧٥

٤ فیاتی حەوزی، یەك لۆری سەلاحەدین، یەك لۆری سکانیا، یەك پیکابی شۆفرلێت، یەك لەندروڤەری ستیشن.

**دووەم:** لقی ئاوی ژێرزەمین لە پارێزگای نەینەوا ڕۆژی مەزاد کردن ٢٧و٩/٢٨

١ - کەل وپەلی هەمەجۆری سپێر بۆ مەکینەی لستر، بتر، رستن لەگەڵ کەل وپەلی بەکارهێنراودا.

٢ - ئۆتۆمۆبیلی هەمەجۆر مۆدێل ١٩٧٤ - ١٩٧٨.

یەك لۆری سکانیا، یەك سکانیای حەوزی، یەك گەلابەی مارسیدس، یەك لۆری سەلاحەدین، ٢ پیکابی تویوتا، یەك ستیشنی نیسان.

**سێیەم:** لقی ئاوی ژێر زەمین لە پارێزگای دهۆك ڕۆژی مەزاد کردن ٢٩و ١٩٨٦/٩/٣٠.

چەندین ئۆتۆمبیلی مۆدێل ١٩٧١ - ١٩٧٥.

کارگەیەکی پۆلۆنی دەگوێزرێتەوە ژمارە/ ٢ ئۆتۆمبیل ماکروس ژمارە/١، یەك ئۆتۆمبیلی مازتانکو.

**چوارەم:** لقی ئاوی ژێر زەمینی لە پارێزگای هەولێر ڕۆژی مەزات کردن ١و ١٩٨٦/١٠/٢.

چەندین ئۆتۆمبیلی هەمەجۆر مۆدێل ١٩٧٤ - ١٩٧٦ - یەك تانکەری فیات بەبێ تانکی، تانکەریکی سکانیای سووتەمەنی هەڵگر، ماکروسێکی کۆمبرێسەر هەڵگر.

**پێنجەم:** ئەمبارەکانی دامەزراوەکە لە بەغدا، پشتی ئیستگەی سووتەمەنی (باب الشیخ) ڕۆژی مەزات کردن ٥و ١٩٨٦/١٠/٦

کەل وپەلی سپێری هەمەجۆری ئۆتۆمبیلی مارسیدس لۆری‌و سەلاحەدین و کارگە پۆلۆنیەکەو ماگروس لە تەك شت ومەکی یەدەکی مەکینەی پتر، رستن دا.

دەزگای گشتی‌ی ئاوی ژێر زەمینی

Institut Kurde de Paris

## هەرجارێ نووسینێك

### دەك دەستتان بشكێ بۆ خۆتان و تاوانتان

- گوڵزار -

جارێكی تر.. تاوانە ناشیرینەكانیان دووپات دەكەنەوە.. بۆردوومانكردنی شار، كوشتنی منداڵ و پیرو ئافرەت ناوی سەركەوتنیان لێناوە.. وشەی پیرۆزی سەركەوتنیان شێواندوە.. وشەی جوانی سەركەوتن كە هەردەم شاعیران و نووسەران و ئەدیبان سەركەوتنی گەلانی پێ دەهۆننەوە لەم رۆژگارەدا بێ مانایان كردوە.

هەموو گەل و نەتەوەیەك نەریتی هەیە. بەڵام ئاخۆ بینیوتانە وبیستوتانە تاقمێك كوشتنی كەسانی بێچەك و وێرانكردنی ماڵان بەبۆردومان كردن لە رووناكایی رۆژو لەتاریكی شەودا لەشاری ملیۆن جەنگاوەردا بەسەركەوتن بزانن..!! یاخود كوشتنی ئافرەتێك لە باكووری نیشتمان لە نیشتەجێی سیروان دا كە خەریكی شیردانی كۆرپەكەیەتی بەسەركەوتنی بزانن...!

لە بەسرەو سلێمانی بپرسن، لە دەشاری تری عیراق بپرسن، نامەوێ ئەزیەت بدەمە بەر كەس سەر لە قوتابخانە رووخاوەكان بدا نامەوێ گیانی شەهیدەكانمان شەهیدە مەدەنییەكان یاخود دەرونی بریندارانمان یاخود دەرونیكی تر راسپێرم گفتوگۆ لەگەڵ دایكانی بەغدادا بكا كە ساروخی شەڕخوازان چی زیانێكی بە هاووڵاتیانی مەدەنی... بەشیرە خۆرەو منداڵان گەیاندوە... دەك دەستیان بشكێ، هەر دوو دەستی خومەینیو دەست و پێوەندەكانی لەبن دەربێ.

ئایا هۆلاكۆو جەنگیزخان وەختی خۆی ئەمەیان كردوە..!! یادەیانەوێ تۆڵەی كیسراو رۆستەم بكەنەوە.. بەڵام لەژێر پەردەی ئایین دا لێیان پرسن ئایا كەس تا ئێستا درندەیەتی بەم جۆرەی دیوە، ئەوەیە ئیسلامەتی، كوشتنی خەڵكی بێگوناه، تەپاندنی ماڵان بەسەر ساواو پیرو ئافرەتان دا خزمەتكردنی ئیسلامە! كام ئیسلام؟!! مەگەر ئیسلامەتیەكەی ئەوان...

بەڵام بابزانن هەرگیز ئەمەیان بەسەرەوە تێناپەڕێ ئەوەی كە تا ئێستا ئیبلیس و بەربەرنەی كردوە شتێك نیەو ئاسانی بیرچێتەوە...

- دوو پەلامار لە باكوور یەكێكی تر لە مەجنون ئەنجام بەزین و شەرشۆری نەوەكانی كۆرش بوو كەچی لەگەڵ ئەوەش دا درێغیان لە رەفتاركردنی تاوانی چەپەڵی نوێیان نەكردوە.. ئەسیری بێچەكیان كوشت...

ساكارترین رێو شوێن و بەهای ئاسمان و نەریتی مرۆڤایەتیان پێشێل كرد.. هەروەك پێشتر لە بسێتین و لە هێرشەكانی تریان دا كردیان... هەروەك لەناو قەفەسی ئەسیرەكان دا لەبەرچاوی نوێنەرانی سەلیبی سووری جیهانی دا كردیان.. كردەوەی كەسانی ترسنۆك بوو لەوان بەو لاوە لە كەسی تر ناوەشێتەوە خۆ خوا نەخواستە دەستیان ببوایە وێرانیان دەخستە وڵاتەوە.

- جەنگمان.. جەنگی بەرگری كردن لەبەهاو رەوشت و مرۆڤایەتیو نموونە خێرخوازەكانە.. ئەمەش دیارە بۆچی، چونكە ئێمە لە منداڵدانی نەتەوەیەكی مەزنەوە هاتوینەتە دنیاوە.

- شوورەی عیراق بە ملیۆنە خەڵكەكەیەوە بەرزە.. بەرگری لە خاك و شەرەفمان دەكەین و كیژانی ئازاش وا مەشق لەسەر چەك دەكەن.. بۆئەوەی كەس نەتوانێ زەردەخەنە لە رووی گەشی كۆرپە خۆشەویستەكانمان بفرێنێ..

گەلمان گەلێكی سەربەرزە.. لە پشتی سەركردە خۆشەویستەكەیەوە یەك ریز وەستاوە.. ئاواتە خوازی تۆماركردنی شارستانی تری نوێیە.. ئاواتە خوازی خزمەتكردنی مرۆڤایەتیە.. حەزی لە ئاشتیو ئاسایشەو نەفرەت لەشەڕو شەڕفرۆشان دەكا بەڵام بۆ بەرگری لە تاقە بستێكی خاكی گشت گیانی فیداكا.

- وەڵامان بۆ دوژمنانی عیراق ئاشكرایە.. هاوارو نەعرەتەی جەنگاوەرانی دلێرمان لە گشت بەرەكانی جەنگ دا دەستەو یەخە وەستانیان بەرامبەر لەشكری بەزیوی دوژمن وەڵامی هەموو عیراقیەكە كە دەیەوێ مەردانەو بە شەرەفەوە وەڵامی كاری چەپەڵ و نارەوای دوژمن بداتەوە..

پایەداربی وڵاتی سەربەرزیو شانازی..

پایەداربی گەلی عیراق

پیرۆزبێ سەركەوتنت لە ژێر سەركردایەتی.

دروستكەری سەركەوتنمان هاوڕێی دلسۆز صدام حسین.

## لە پیشانگای كۆمەڵەی كەرولاڵان دا

**بەرێز وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی دەڵێت:**

**بایەخ دان بە پەككەوتەكان مەسەلەیەكی نایابی مرۆڤایەتییانەیە**

### رۆژنامەی هاوكاری بوواریكی راگەیاندنانەی چاك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەگێرێت

بەرێز بەكر مەحموود رەسوڵ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی پێشانگای (كۆمەڵەی هەرەوەزیی كەرو لاڵان)ی كردەوە. ئەوەبوو چاومان بە بەرێزی كەوت تا سەبارەت بە پێشانگاكە بۆمان بدوێت، بەرێزی ووتی:

بایەخ دان بە پەككەوتەكان مەسەلەیەكی نایابی مرۆڤایەتییانەیە.

لە ئاكاری حزب و شۆڕشدا هەیە. ئەوەبوو بە شێوەیەكی زانستیانەی پروگرام بۆ دانراو لە ساڵی (١٩٧)وە بایەخێكی زۆری پێ دراوەو لە ساڵی (١٩٧٩)وە

پتر پەرەی سەندووە، ئەویش لە چوارچێوەی دامەزراندنی دەستەیەكی باڵاوە بۆ چاودێریو سەربەرشتی كردنی پەككەوتەكان، كە توانیی بە هاریكاری تەك پەیوەندارانی دا چەندین كاری مەزن پێشكەش بكات و، بناغەو بنەمای چاودێریو سەرپەرشتی كردنی پەككەوتەكانیش دانران، بۆ ئەوەی لە بوواری دەروون و لە شەوەرا بهێنرێن.

ئەوەبوو ئامۆژگای كەرو لاڵان كرایەوە. پاشان دەزگای گشتی چاودێری كۆمەڵایەتی دامەزرا، ئەم دەزگایە ئەو كارەی گرتە ئەستوی خۆی بایەخ بە ئامۆزگاكان و بە پەككەوتەكان بدات و توانیی بە هەردوو لایان بدات و، لە كارەكەیدا خۆیدا سەركەوتنێكی باش دەست بخات.

ئێستایش لە هەموو لایەكی عیراق دا (٧٩) ئامۆزگامان هەیە ئەویش بۆ راهێنانی پەككەوتەكان لە بوواری دەروونیو لەشیەوە جگە بوواری زانستی تا بەرەنگاری جەنگی ژیان و بنیاتنان و پێشكەوتن ببنەوە.

هەروەها وەزیری بەرێز لە سەری دەروات و دەڵێت:

ئەوەبوو سەردانەكەی بەرێز سەرەكی فەرماندە صەدام حسەین (خوا بپارێزێت) لە یەكێك لەو ئامۆژگا ناویراوانە ئەویش ئامۆژگای (الأمل) بوو پشتگیریەكی گەورەو بە گوڕ خستنێكی چالاكانەی ئەو ئامۆژگایانەبو.

راسپاردەكانی بەرێزیشی كاریكی دەروونیو رۆحیان كردە سەر ئەو كادیرانەی لەو ئامۆژگایانەدا ئیش دەكەن. سەبارەت بە پەككەوتەكانیش. پاش ئەوەیش كۆمەڵەی بەرهەمداری پەككەوتەكان كرانەوەو جێبەجێ بوو، بۆیە ئێستا ئەم پێشانگایە دەبینن كە ئامۆژگای (كەرو لاڵان) لە ناوچەی زەعفەرانیە كردوویەتیەوە.

لەو باوەڕەشداین كە دەستپێشكەریەكە شایانی چاودێریو رێز لێ نان و بایەخ پێ دان هەیە.

بەرێز وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی لە سەری چوو، ووتی:

قازانجی پیشانگاكە بە رێژەیەكی دیاری كراو بەسەر پەككەوتەكان دا دابەش دەكرێت و ئەوەی كۆمەڵەكە تا كۆتایی ئەم ساڵ دەیانفروشێت دەگاتە یەك ملیۆن دینار. كۆمەڵەكە لە پیشانگای نبو دەوڵەتی بەغدایش دا بەشداری دەكات.

بەرێز بەكر مەحموود رەسوڵ لە كۆتایی قسەكانیدا سوپاسی رۆژنامەی (هاوكاری)ی كرد ئەویش لەبەر ئەوەی هەردەم لە چالاكیەكانی وەزارەت دا ئامادەیەو ووتی:

سوپاس و رێزمان بۆ كار گێران و دەستەی نووسەرانی (هاوكاری)ی خۆشەویست دەربڕین كە هەموو هەفتەیەك چاومان بە شتە نوێیەكانی دەكەوێت و ئەو رۆڵە راگەیاندنەی كە لە زۆربەی پارێزگاكانی عیراقی مەزن دا دەیگێرێت و بە دووی رووداوەخكانیان دا دەچێت.

هیوای پتر بەخشش و خۆبەخت كردنی بۆ دەخوازین لە پێناوی خزمەتی راگەیاندنی بنیاتنەردا كە بۆ كۆمەڵی دەگێرێت ئەویش لە بڵاو كردنەوەی هۆشیاریی رۆشنبیریو شارستانی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا.

● ذكریات محمد حسن ●

## لە چاڵاكی

### لقی دەزگاكەمان لە سلێمانی

لە چوارچێوەی ئەو چالاكیە هونەریو رۆشنبیریانەی دەزگاكەمان پێی هەڵدەستێت بە سەربەرشتی لقی دەزگاكەمان لە سلێمانی بە هاوبەشی كۆمەڵی هونەرمەندی دڵسۆز، «شانۆیی قەڵای دەمدم» پێش كەش كرا، قەڵای دەمدم لە نوسینی «عەرەبی شەمۆ» وەرگێرانی «شوكرمستەفا» ئامادەكردنی «شەفیق محەمەد» دەرهێنانی هونەرمەندی لاو «دڵشاد احمد» ، لەسەر شانۆی هۆڵی ئامادەیی سلێمانی.

دەرهێنەری ئەم شانۆییە كاك دڵشاد ، دەڵێت: -

ئەم بەرهەمەش یەكێكە لەو بەرهەمانەی هاوڕێی خۆشەویستم شەفیق محەمەد، كە تا ئێستا دوو بەرهەمی تری «هاوڕێی گیانداران» و «رۆژهەهەڵاتن»م دەرهێناوەو ئامادەم كردوە بۆ شانۆ.

لەسەرەتای ئەم هاوینەوە، لە خۆ ئامادەكردنداین بۆ پێش كەش كردنی ئەم بەرهەمە، كە هۆی دەزگای رۆشنبیریو بڵاوكردنەوەی كوردیو سەرپەرشتی كردنیان بۆ هێنانە كایەی بەرهەمەكە ، یارمەتی تیپی سالار ، توانیمان بەرهەمەكە بخینە سەر تەختەی شانۆ ، تابینەرانی خۆشەویستمان لە تەماشا كردن دا ئەوانیش رای خۆیان بەرامبەر ئەم كارە دەبڕن.

«٤٣» ئەكتەر بەشداری دارەكەمانی كردوە كە زۆریان لە دوو دەورو سێ دەوردا دووبارە دەینەوە كەواتە گومانی تیدانییە ماملەكردن لەگەڵ ئەو هەموو ئەكتەرو، بەتایبەتی كارێكی وەك ، قەڵای دەمدم» ماندوو بوونی دەوێت، هەموو كارێكیش بێ رەخنە نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەوڵێكمان یەكخستوە ، بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە پێش كەش بكەین، هیوادارم كەلێنێك لە هونەری كوردیدا بربكاتەوە - خۆ ماندوو كردن و هەوڵدان لەگەڵ هەموو كارێكدا گرانی ئەو كارە لادەبات مرۆف دەگەیەنێتە قەناعەت . منیش بۆ ئەم كارە ئەگەر كۆسپیشم هاتبێتە رێگا، بەردەوام دەبم بۆ ئەوەی پاشە رۆژێكی پر شادمانی بە بالای هونەرو شانۆی كوردیمان شاد بێت، شانۆیی «قەڵای دمدمیش» بەرهەمی كۆمەڵی لاوی خۆین گەرمە چاوەروانی پاشە رۆژێكی روناكیان لێ دەكرێت. بەرهەمەكەشم پێش كەش كردوە بە مامۆستای گەورەم احمد سالار، هاوڕێی خۆشەویستم هیوا جاف لە كۆتایدا سوپاسی هەموو لایەنە هونەریو دەزگایانە دەكەین بە ئەنگمانەوە هاتن و یارمەتیان دادن و رێگایان بۆ خۆش كردین.

ئازاد

## چاپكراوی نوێ

رێیا بەرانی

بهاریكاریا ئەمینداریا گشتی رەوشەنبیر ولاوان لدەفەرا كوردستانێ قەفتەكا چیروكا بنافێ (رێیا بەرانی) كەتە بازاری وئەڤە پەرتوكا دووێیە یا (محمد سلیم سواری) كەفتە بازارێ كتیبا كوردی.. وپەرتوك پێك هاتیە ژ (١٢) چیروكا.

## دوو گورتە چیرۆك

### لەفۆلكلۆری كوردیەوە

ئامادەكردنی
تاهیر عوسمان محەمەد

دەگێڕنەوە، شوانێكی، گەلحۆ، مێگە لە، مەرێكی دەبی. گوزەرانی خۆی، پێ دەباتەسەر. ئێواران دەگەڕێتەوە نزیك گوندەكەیو لە پەرێزەكانی دەوروبەر مەڕەكان، دە لە وەرێنێ، ئەم شوانە، رەفتارێكی، خراپی، گرنبوو. چەند ئێوارەیەك، كە دەگەیشتە نزێك، دێ، لەسەر گردۆلكە یەك دەكەوتە، هاوارو بانگەواز، ئەها گورگە، خەڵكینە فریام كەون، گورگ كەوتۆتەمێگەلەكەم، لادێ نشینەكا - نیش، پێكرا دەستیان لە ئیش وكار هەڵ دەگرت و بە هاواری شوانە دەچوون، كە دەگەیشتنە لای، هیچیان نە دەبینی، شوانەكە، بە گاڵتەپێ كردنەوە، دەستی، دەكردە پێ كەنین، جارێك، دووجار، خەڵكەكە لە مەرامی شوانە كە، گەیشتن. كەچی ئێوارەیەكی درەنگ شوانەكە مێگەلی بەرەو ئاوایی، دێناوە. راستی گورگ، كەوتە، ناو مێگەلەكەیی و شوانە، وەكو جاران، چوە سەرهەمان، گردەولكەو كەوتە بانگ كردن، فریاكەون گورگە، خەڵكینە بەزەیی مەڕەكانم رزگاركەن بەڵام ئەمجارەیان هاوارو بانگەوازی بێسوود بوو، چونكە خەڵكەكە هەر وەكو جاری پێشوی تێ دەگەیشتن، گورگی برسی، ئەوەی بۆی كرا، لە رانە مەڕی شوانەی خواردو زامدار كرد. بەو شێوەیە، كابرای شوانە، زیانێكی زۆری لێ كەوت و بریاری دا، لەكاتی تەنگانە، نەبێت، بە درۆ خەڵك بانگ نەكاو پشیتان راستیان فەرموە، درۆزن مالی بسوتێ، كەس باوەڕی پێ ناكات..

جووتیارێك، چەند كوڕێكی، نا تەباو، ناكۆكی دەبێ، هەرچەندی دەكاو هەوڵ دەدا، ناتوانێت دوانیان، بەیەكەوە ئاشت بكاتەوە، هەمیشە كوڕەكان لەگەڵ یەكتری لە ناخۆشی دابوون. پیرەی، بە ساڵاچوو، هەرچەندی، ئامۆژگاری دەكردن، بێ سوود بوو. بۆیە بیری لەوە دەكردەوە. بە كردەوە بۆیان بسەلمێنی كەوا، لەگەڵ یەك، باش و رێك بن، جووتیارە كە كۆمەڵە، دارێكی هێناو بەستی بە یەكەوەو كردی بە چەپكێك و یەك بە یەك دا كوڕەكانی، بۆی بشكێنن، هیچیان دەسكەدارەكەیان، پێ نەشكا، ئەمجارە، دەسكەكەی لێك كردەوەو سەرو كە لە داری دانە دەست و بە سانایی، شكاندیان بەو جۆرە لە كوڕەكانی گەیاند كە ئەگەربێت و لەگەڵ یەكتردا تەباو باش بن و پشتی یەكتری، بەر نەدەن دوژمن ناتوانێ لە ناویان ببا، بەڵام ئەگەر لەگەڵ یەكتردا، ناكۆك و خراپ بن دوژمن ئەو ناكۆكیەیان بە هەل دەزانێ یەك بە یەك لە ناویان دەباو پێشینان راستیان فەرمووە برا، لە پشت برا بێ، مەگەر قەزا لە لای خودا بێ..

### گازی یەك

یەكەتیا نشیسەفانێت كورد تایی دوهۆكێ كونگرێ خول رۆژا جومعەی داهاتوو ١٩/٩/١٩٨٦ ساعەت (- ر١٠) دەهی سپیدێ ل هولا چالاكییا قوتابخانەدا ل بەر ڤێ هندێ ئەم هیڤی دكەین هەمی ئەندامێت لسەر تایی مە حیسابن ل دەم جهێ دیاركرای ئامادەبن بو كونگرەی.

## بۆ زاخاوی مێشك

### ئاسۆیی

١ - دامێنەری تەلەگراف
٢ - رۆڵە. پەلك /پ/
٣ - ئامرازی پەیوەندی /پ/ . هەوای تەوژم
٤ - چەكێكی كۆنە /پ/ دوو پیت لەسور
٥ - ئێش. منالی نێر . نیچیریكی راوكەرە
٦ - وەڵامی كورت /پ/ ئاڵوگۆر . ئافرەت
٧ - جێگا بەجێ هێشتن. كەرەبەكی حاتوكردنە.
٨ - بۆچونی راوكەر /پ/ .دەست كەوتی درەخت.
٩ - ئەندامێكین لە. چەكێكی كۆنە.
١٠ - ژمارەیەكە /پ/. جەماوەر. دوپیت لە سورە.
١١ - دەرفەت رۆژنامەكەی پێرەبرد. بەسیر.
١٢ ریش - دوو پیت لە خۆی.
١٠ - دوپیت لە رەز. ئامرازێكی پەیوەندی.
١٤ - خەلكی شار. بەژن /پ/
١٥ - رووبارێكە لە بەرازیل.

### ستونی

١ - شاعیرێكی كوردە. بەفر.
٢ - وەڵامی كورت /پ/. ژمارەیەكە.
٣ - نیوەی سەرە. خۆم. ئیش /پ/. رمل. وەڵامی رازی بوون /پ/.
٤ - هەق /پ/. پێشەوا. ووتەی بانگ كردن.
٥ - تەیر. بەیانیان دەخۆینی. خۆر. جۆرە باسێكە.
٦ - دوبارە. بەگ.
٧ - مانگێكی عەرەبییە. بیدۆزەوە لەبەر ناردشۆ. بارستایی یەك. «سەركەوتن بەسەر شتێك /پ/.
٨ - فەرمان رەوا /پ/. كورتە ناوی خەلیل.
٩ - ئامرازی پەیوەندی. بەشێكی لەشە. جەنگ. گوند. وەڵامی رازی نەبوون /پ/.
١٠ - نیوەی ژەنگ /پ/. ژمارەیەكە.
١١ - ئیش كردن بۆ فەرمانی گەنم. مانگێكی كوردیە.

ئامادەكردنی
ئیسماعیل محەمد عوسمان



هاوكاری

دەزگای
رۆشنبیریو بڵاوكردنەوەی
كوردی
وەزیریە
تەنیشت
( المعهد القضائی )

تەلەفون
٤٣٥١٨٤٦
٥ خەت

Institut Kurde de Paris